# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 472 چوارشەممە 20/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.472 wed 20/ 5/ 2009






www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
ئاسیاسێل


**د. هادی مەحمود:**

**ئەگەر هەیە هەڵبژاردن پاشەکشە بە هەندێک هێز بکات**

ل٥

# ئایا کێشەکان لەنێوان بەغداو هەرێمدایە؟

## «ئەگەر کێشەکان لەنێوان پارتیو حیزبی دەعوەدایە، نابێت کێشەی دوو حیزب بکەنە کێشەیەکی نەتەوایەتی»

**ڕۆژنامە**

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێی چەند کۆبوونەوەیەکەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی دەعوەی ئیسلامی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو حکومەتی ناوەندی دەدات، لەکاتێکدا ئەو کێشانەی لەئارادان کێشەی ئیدارین، نەک حیزبیو یەکلاییکردنەوەیان ئەرکی دەزگای ئیدارییە، نەک حیزب.

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەنێوان پارتیو حیزبی دەعوەدایە، نابێت ئەو دوو حیزبە بەناوی میللەتی کوردو عەرەبەوە قسەبکەنو کێشەی دوو حیزب بکەنە کێشەیەکی نەتەوایەتی».

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە هەرێمو بەغدا لەسەر چەند تەوەرەیەک ناکۆکنو دوای چەندین دانیشتنو پێکهێنانی پێنج لیژنە، تائێستا ناکۆکی لەنێوان سەرۆکی هەرێمو سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بەردەوامە، بەڵام هەروەک چاودێرانی سیاسیی ئاماژەی بۆ دەکەن پێدەچێت ئەوکێشانە تەنیا گوزارشت لەناکۆکییەکانی نێوان حیزبی دەعوەو پارتی بکەن، لەو چوارچێوەیەدا لەماوەی ڕابردوودا چەند کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیی لەنێوان پارتیو حیزبی دەعوەدا لەهەولێرو بەغدا بەڕێوەچوو.

محەمەدی حاجی مەحمود بەگومانەوە دەڕوانێتە ئەو کۆبوونەوانەو بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوەی گومانی لەناو خەڵکدا دروستکردووە، ئەوەیە کۆبوونەوەکانی نێوان مەکتەبی سیاسیی حیزبی دەعوەو مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لەهەولێرو بەغدا زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان ئەنجامداو باسی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدایان کرد، بەبێ ئامادەبوونی پارتەکانی دیکەی عێراقو کوردستان.

**وردەکاری لە ل٣دایە**



## کۆمسیۆن وردبینی پاڵێوراوانی لیستەکان دەستپێدەکات

**بەرهەم خالید**

ئەمڕۆ دوا وادەی تۆمارکردنی ناوی پاڵێوراوانی نێو لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەو بڕیارە دوای وردبینیکردنی ناوەکان، کۆمسیۆن لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوی پاڵێوراوەکان ڕابگەیەنێتو هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنەکان دەستپێبکات.

عەلی قادر، بەرپرسی دەستەی هەڵبژاردن لەکوردستان لەلێدوانێکدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ دوا ڕۆژی وەرگرتنی لیستی ناوی پاڵێوراوانی ئەو قەوارانەیە، کە بەشداریی لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا دەکەن، کە بڕیارە (٢٥)ی تەمموز بەڕێوەبچێت.

سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە بۆ هیچ لیستو قەوارەیەک نییە ناوی پاڵێوراوەکانی ئاشکرا بکات تاکۆمسیۆن وردبینی خۆی تەواودەکات، وتیشی: «پاش ئەوەی کۆمسیۆن وردبینی ئەو ناوانە دەکات بەمەبەستی دڵنیابوون لەبوونی مەرجە یاساییەکان لەوکەسانەدا کە پاڵێوراون، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەکان ئاشکرا دەکەینو هەر ئەو ڕۆژەش دەبێتە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەلایەن لیستو قەوارەکانەوە».

## دەرکردنی ئەندامانی باڵی ریفۆرمی یەکێتی بەردەوامە

**ڕۆژنامە**

لەدرێژەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی، بۆ دەرکردنی لایەنگرانی لیستی گۆڕان لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا، دوێنی ستافی کۆمیتەی (٣)ی ئازادی بەلێپرسراوی کۆمیتەو جێگرەکەیو (٩) ئەندامی کۆمیتەکە، ناچارکران دەست لەکاربکێشنەوە.

عومەر کەریم مەحمود، لێپرسراوی کۆمیتەی سێی ئازادی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: « ئێمە لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦دا لەسەر باڵی ریفۆرم هەڵبژێردراوین، هەر لەوکاتەوە لەناو ڕێکخستەکاندا حسابی کادیری پلە دوومان بۆکراوە، تا ئەوەی دوێنێ کاک بەرزان ئەحمەد کوردە لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی داوایکرد لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمیتەکەمان دابنیشێتو دواتر داوای خۆ یەکلاییکردنەوەی لێکردین، ئێمەش بڕیارماندا بێینە دەرەوەو ئیش بۆ لیستی گۆڕان بکەین. وتیشی: «هەر یەکێتی بووینو بەیەکێتیش دەمێنینەوە، بەڵام ئێمە لەناو یەکێتیدا بڕوامان بەگۆڕان هەیە لەناو حیزبەکەو لەسەر ئاستی کوردستانیش، بەئامانجی خزمەتکردنی خەڵک، ئەوە بوو پێیانڕاگەیاندین بچینە دەرەوە لەیەکێتی، ئێمەش بەشانازییەوە کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەین».

جگە لەلێپرسراوی کۆمیتەکە، جێگری یەکەمو (٩) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیتەکە دەستیان لەکارکێشاوەتەوەو لەکۆی (١٢) کەرت، (١٠) کەرت لەگەڵ ئەندامە دەستلەکارکێشراوەکانە.

پێشتریش لێپرسراوو (٧) کادیری کۆمیتەی شێخ محێدین دەستیان لەکارکێشایەوە، لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەشدا، بەرزان ئەحمەد کوردە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاندبوو «ئێمە پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆمان هەیە، ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا ئیش بکات سەرچاومان، ئەوەشی دژ بە پەیڕەو ئیش بکات لەدەرەوەی یەکێتییە».

**ناکرێت بەبێ ریفراندۆم دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت** ل٢

**یەکێتیو پارتی ڕووبەڕووی ڕکابەرێتییەکی قورس دەبنەوە** ل٦

## هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید دەکات

**شارا عەبدولڕەحمان**

لیستی پێشکەوتن، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەدی وەک کاندیدی لیستەکەی بۆ سەرۆکی هەرێم دیاریدەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزی ئەمساڵ.

لەڕاگەیەندراوێکیاندا کە کۆپیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، ئاماژە بەکاندیدکردنی هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، هاوکات ئاماژە بەوەشکراوە، کە لیستی پێشکەوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی تۆکمەو پلانێکی کارکردنی تەواوی بۆ ئەو پۆستە ئامادەکردووە.

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیستێکی بەناوی لیستی پێشکەوتن پێکهێناوەو بڕیارە جگە لەکێبڕکێکردن بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان، لەهەمانکاتدا بڕیاریشیداوە خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

# محەمەدی حاجی مەحمود: ئەگەر کێشەکان لەنێوان پارتیو حیزبی دەعوەدایە، نابێت کێشەی دوو حیزب بکەنە کێشەیەکی نەتەوایەتی

## ئایا کێشەکان لەنێوان بەغدا هەرێمدایە؟

**فەلاح نەجم**

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێی چەند کۆبوونەوەیەکەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەی ئیسلامی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نـێـوان هەرێمو حکومەتی ناوەندی دەدات، لەکاتێکدا ئەو کێشانەی لەئارادان کێشەی ئیدارین، نەک حیزبیو یەکلایی کـردنـەوەیـان ئەرکی دەزگای ئیدارییە نەک حیزب. سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستانیش دەڵێت: «ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەنێوان پارتیو حیزبی دەعوەدایە، نابێت ئەو دوو حیزبە بەناوی میللەتی کوردو عەرەبەوە قسەبکەنو کێشەی دوو حیزب بکەنە کێشەیەکی نەتەوایەتی».

لەماوەی ڕابردوودا چەند سەرکردەیەکی حیزبی دەعوە، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیـرانـی عێراق سەرۆکایەتی دەکات بەکەناڵو ئاژانسەکانی هەواڵیان ڕاگەیاند: مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پـارتـی دیموکراتی کوردستان کۆبووەتەوە بۆ تاوتوێکردنی چەند مەسەلەیەک کە ئەوان بە «گرنگ» ناویان بـردووە، وەک مەسەلەی یەکلایی کردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان.

حەیدەر عەبادی یەکێک لەسەرکردەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بەئاژانسی هەواڵی (ئەسوات ئەلعێراق)ی ڕاگەیاند: ڕۆژی هەینی ڕابردوو لەبەغدا هەردوو مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەو پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەتەوە بۆ تاوتوێکردنی سێ دۆسییەی «گرنگ» کە بریتی بوون لەڕەوشی سیاسی وڵات، پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێم لەگەڵ مەسەلەی کەرکوک.

سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان بەغداو هەرێم عەبادی وتی: «گفتوگۆ کراوە لەبارەی پەیوەندی نێوان هەرێمو بەغداو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەهەڵپەسێردراوی لەنێوان هـەردوولادا ماونەتەوە».

مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش لەلێدوانێکدا بۆ (ئەسوات ئەلعێراق) وتی: «وەفدێکی حیزبی دەعوە سـەردانـی هەرێمی کوردستان دەکـات بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان وەک ئامادەکارییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی».

لـەدوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە هەرێمو بەغدا لەسەر چەند تەوەرەیەک ناکۆکنو دوای چەندین دانیشتنو پێکهێنانی پێنج لیژنە تائێستا ناکۆکییەکان بەردەوامن.

محەمەدی حاجی مەحمود سەبارەت بەکۆبوونەوەکانی پارتیو حیزبی دەعوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئـەوەی گومانی لەناو خەڵکدا دروسـتـکـردووە، ئەوەیە کۆبوونەوەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعـوەو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لەهەولێرو بەغدا زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان ئەنجامداو باسی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدایان کرد، بەبێ ئامادەبوونی پارتەکانی دیکەی عێراقو کوردستان». هەروەها سکرتێری سۆسیالیست پێیشیوایە: ئەگەر ئەو کێشانەی لەئارادان لەنێوان هەرێمو بەغدا کێشەی نێوان حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکانی کوردستانو بەغدایە، نابێت بکرێنە کێشەی نەتەوەیی کوردو عەرەب. لەوبارەیەوە وتی: «ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەنێوان پارتیو حیزبی دەعوەدایە، نابێت ئەو دوو حیزبە بەناوی میللەتی کوردو عەرەبەوە قسەبکەنو کێشەی دوو حیزب بکەنە کێشەیەکی نەتەوایەتی».

بەهۆی دووری بۆچوونیان لەیەکترەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندیدا لە ٢٠٠٨/١٠/٤ بەتەواوی ڕاگیرا، لەپاش ئەو بەروارەوە چوار هەوڵی دیکە بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆکانی نێوانیان جارێکی دیکە شکستیهێناو تائێستا هۆکاری ڕاگرتنی گفتوگۆکان نەزانراوە.

بەبڕوای محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان بـارزانـیو مالیکی کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر خۆشکردنی ئاگری ناکۆکییەکانی نێوان کوردو عەرەب لەناوچە جێناکۆکەکاندا، بەتایبەت لەموسڵو کەرکوک.

محەمەدی حاجی مەحمود، وتیشی: «نـابـێـت لـەچـارەسـەرکـردنـی کێشە نەتەوایەتیەکاندا حساب بۆ کێشەی شەخسی بکرێتو پێویستە سەرۆکی هەرێمو نوری مالیکی ئەوە بەخەڵکو پارتە سیاسییەکان ڕابگەیەنن، بۆچی کێشەکان پشتگوێ دەخرێن؟».

پاش گەرمبوونی هەواڵی کۆبوونەوەکەی نێوان نوری مالیکی سـەرۆک وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، کە لـەزاری چەند بەرپرسێکی عێراقیو کوردستانی بڵاوکرایەوە، بەڵام فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هـەواڵـەکـەی بە «ناڕاست» لەقەڵەمدا.



## دەربارەی لیژنەی مادەی (٢٣)

# خالید شوانی: ئەگەر عەرەبەکان داواکارییەکەی ئێمە قبوڵنەکەن، دەستبەرداری پۆستە باڵاکانی کەرکوک نابین

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

دوای دوو مانگ لە درێژکردنەوەی ماوەی کارەکانی لیژنەی مادەی (٢٣)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تەنیا چەند ڕۆژێکی لەبەردەوامدا ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەکانی نێو لیژنەکە لەسەر هیچ یەکێک لەو مەسەلانەی کە کاری لەسەر دەکەن، نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

بەپێی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا لیژنەیەکی حـەوت کەسی پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کەرکوک، لە دوو نوێنەری کوردو عەرەبو تورکمانو یەک نوێنەری مەسیحی، کە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ بڕیاری دەستبەکاربوونیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەرچوو، پێویستبوو تا کۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ ڕاپۆرتێک ئامادەبکەن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی کەرکوکو پێداچوونەوە بە تۆماری ڕەگەزنامەو دەنـگـدەرانو زیادەڕەوییەکان، لە کۆتاییشدا دانانی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک.

لەماوەی دەستبەکاربوونیدا تائێستا لیژنەکە دەیـان کۆبوونەوەو دانیشتنی ئەنجامداوە، بـەڵام لەئەنجامی شکستی هـەوڵـەکـانـی پـێـکـهـاتـەکـانو بەهۆی بێئومێدبوونی ئەندامانی لیژنەکەوە لەئێستادا، چارەسەری گرفتەکان بەرەو هەوڵە دەرەکییەکان دەچێت.

خالید شوانی، ئەندامی لیژنەی مادەی (٢٣)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەمەبەستی بەئاگابوون لە ئەزموونی وڵاتی ئێرلەندای باکوورو چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، ئێمە لەلیژنە پەرلەمانییەکە سەردانی ئەو وڵاتەمان کردو هەوڵیش دەدەیـن سوود لەو ئەزموونە وەربگرین، چەند ڕۆژێکە کۆبوونەوەکانمان دەستپێکردووەو لەئێستادا گفتوگۆ لەسەر میکانیزمەکانی دابەشکردنی دەسـەڵات دەکەین، لەسەر زۆربەی خاڵەکان ڕێککەوتن هەیە.

نوێنەری پێکهاتەکانی (کورد، عەرەبو تورکمان)ی نێو لیژنە پەرلەمانییەکە، لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان ڕای جیاوازیان هەیەو پێدەچێت بەوهۆیەوە لیژنەکە هەڵبوەشێنرێتەوە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق وتیشی: «ئێمە وەکـو لیستی هاوپەیمانی داوامانکردووە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەک دەربکات، بـۆئـەوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەموو فەرمانگەکان بگرێتەوەو زەمانەتی تەشریعیو تەنفیزی بدرێت، بەڵام ئەندامە عەرەبەکانی نێو لیژنەکە بەو داواکارییە ڕازی نـەبـوون، ئەگەر بەوشێوەیەی ئێستا عەرەبەکان داواکارییەکەی لیستی هاوپەیمانی قبوڵنەکەن، ئەوکاتە ئێمە وەکو لیستی هاوپەیمانی دەستبەرداری پۆستە باڵاکانی کەرکوک نابین».

دوای تـەواوبـوونـی مـاوەکـە لە ٢٠٠٩/٣/٣١دا، ماوەی دوو مانگ بۆ کارەکانی لیژنەکە زیادکرا، وێڕای ئەو کاتەش لیژنەکە هیچ هەنگاوێکی ئیجابی نەناوە.

شوانی ئەوەشی ڕاگەیاند: لە مەسەلەی تۆماری دەنـگـدەرانو زیادەڕۆییەکاندا، هەندێک هەنگاومان ناوە، ئەگەر بڕگەی دابـەشـکـردنـی دەسـەڵاتـەکـان کۆتایی پێبێت، دەچینە سەر ئەو دوو بڕگەیەی دیـکـە، پێدەچێت لـە کۆبوونەوەکەی دوێنێی لیژنەکەدا عەرەبەکان وەڵامی داواکارییەکەی لیستی هاوپەیمانی بدەنەوە، ئەگەر داواکارییەکەیان قبوڵکرد، ئەوکاتە لەسەر درێژکردنەوەی وادەکە قسەدەکەین، بەڵام ئەگەر عەرەبەکان داواکارییەکەیان ڕەتـکـردەوە، ئـەوا لـە هیچ کاتێکدا کارەکانی لیژنەکە تەواوناکرێن، چونکە مەسەلەکە هێندە پەیوەستە بە هەڵوێستە سیاسییەکانەوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بە زۆرییو کەمیی کاتەوە.

# دەوامی پەیمانگای تەکنیکی سۆران بۆ کۆڕێکی حیزبیی ڕادەگیرێت

**ئەحمەد باڵەکی**

دوێنێ دەوامی دوو بەشی پەیمانگای تەکنیکی سـۆران بۆ کۆڕێکی بەرپرسی لقی (١٠)ی پارتی ڕاگیرا، کە تیایدا عەلی حسێن، بەرپرسی لقەکە باسی هەڵبژاردن‌و بانگەشەی بۆ لیستی کوردستانی یەکێتی‌و پارتی کردووە.

چەند خوێندکارێکی بەشی یاسا لەپەیمانگای تەکنیکی‌سۆران‌ڕایانگەیاند: ڕۆژی پێشتر لەلایەن سەرۆکی بەشەکەیانەوە ئاگادارکراونەتەوە، کە دەبێت ئامادەی ئەو کۆڕەببن‌و هەڕەشەی شکاندنی (١٠) نمرەی ڕۆژانەیان لێکراوە، ئەگەر ئامادەنەبن، ئەو خوێندکارانە کە لەبەر مەترسی لێپرسینەوە داوایانکردووە ناویان نەهێنرێت ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد: «دوێنێ دەوامی ئاسایی هەردوو بەشی یاساو کاری ئێواران لەپەیمانگا بۆ ئەو مەبەستە ڕاگیرا».

شەهاب محەمەد ساڵح، ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی سۆران بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕاستە لەبەر ئەو کۆڕە دەوامی پەیمانگا وەستێنراوە، بەڵام کۆڕەکە لەدەرەوەی پەیمانگا بووەو زۆر لەهیچ کەسێک نەکراوە کە ئامادە ببێت.

# دەرچووانی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر خۆپیشاندان دەکەن

**ئاوارە حەمید**

ژمـارەیـەک لـەدەرچـووانـی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، لەژێر دروشمی (گەر دامەزراندن نییە شـەهـادەمـان بـۆ چییە؟) خۆپیشاندانێکیان بۆ بـەردەم پەرلەمانی کوردستان سازکرد بەمەبەستی دامەزراندنیان.

سـامـان مـحـەمـەد، یـەکێـک لەبەشداربووانی خۆپیشاندانەکە بـەڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: دوای ئـەوەی ئێمە پەیمانگای تەکنیکی هەولێرمان تەواوکرد، تائێستا لەهیچ شوێنێک دانەمەزراوین، وتیشی: «ئەم خۆپیشاندانەمان بەمەبەستی دامـەزرانـدن سـازکـردووە، کەچی کەس وەڵاممان ناداتەوە».

خۆپیشاندەران دوای ئـەوەی بۆ ماوەیەک لەبەردەم پەرلەمان وەستان‌و کەس وەڵامی نەدانەوە، دواتر بۆ ماوەی (٢) سەعات شەقامی (٦٠) مەتریی بەردەم پەرلەمانیان گرت.

شـەهـێـن عـەبـدوڵـڵا، بـەشـداربـوویـەکـی دیـکـەی خۆپیشاندانەکە بـوو، وتـی: «من لەسەر ئاستی بەشەکەمان سێیەم بووم، کەچی تائێستا دانەمەزراوم، ئـەوە لـەکـاتـێـکـدایـە بـڕیـاربـوو دەرچووانی پەیمانگا تەکنیکیەکان لەسەر ئاستی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم دابمەزرێن».

## ناکرێت بەبێ ڕیفراندۆمی جەماوەریی دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت

# «پارتی‌و یەکێتی ئەوەی دەیانەوێت لە دەستووردا جێیان کردووەتەوە»

**شارا عەبدولڕەحمان**

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئاماژە بەوەدەکات، کەلەم خولەی پەرلەماندا دەسـتـووری هەرێم پەسەند دەکرێت، هاوکات پەرلەمان هیچ ڕێوشوێنێکی بۆ ئەو مەبەستە نەگرتووەتەبەرو بەمزوانەش دانیشتنی لـەبـارەوە ناکرێت، بەبڕوای شـارەزایـەکـی دەستووریش پرۆژەکە کەموکوڕیی تێدایەو پێویستە لەم خولەدا پەلە لە پەسەندکردنی نەکرێت.

سەعد خـالـد، وەزیـری هـەرێـم بۆ کـاروبـاری پـەرلـەمـان، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: بڕیارە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەی دەستووری هەرێم پەسەند بکرێت، چونکە ئەو خاڵانەی کە جێی ناکۆکی بوون چارەسەرکراون‌و هیچ کارێکی ئەوتۆی نەماوە تا پەسەندکردنی دوابخات.

پـرۆژەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە دیباجەیەک‌و (١١٥) مادە پێکهاتووە، لە ٢٠٠٦/٨/٢٢-ـەوە ئامادەکراو خرایە بەردەستی ڕای گشتیی خەڵک‌و یاساناسان‌و شارەزایانی بـواری دەستووریی‌و ڕێکخراوەکان‌و حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان‌و تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ پێشنیازی لەسەر وەرگیرا، دواتـر لیژنەیەکی کاتی بەناوی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازو سەرنج‌و تێبینیانەی لەسەر دەستوورەکە هەبوو، زیاتر لە ساڵێکیشە ئەو لیژنەیە کارەکانیان تەواوکردووە، بەڵام تائێستا پرۆژەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم گلدراوەتەوەو پەسەند نەکراوە.

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی لیژنەی یاسایی‌و پـێـداچـوونـەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان، ئـەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، بەهۆی ئەوەی کە هەندێک مـادەی پرۆژەکە جێی ناکۆکی بوو، بۆیە ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا، وتیشی: «بڕیاربوو سەرۆکی هەرێم لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دابنیشێت بۆ تاوتوێکردنی ئەو مادانەی جێی ناکۆکین، بەڵام تائێستا ئەو دانیشتنە ئەنجامنەدراوە، بڕیاریشە هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی دەستووری کۆببێتەوە، هەرچەندە بڕیاربوو ئەو دانیشتنە لەم هەفتەیەدا بکرێت، بەڵام تائێستا هیچ ڕۆژێک بۆ ئەو مەبەستە دیارینەکراوەو پەسەندکردنی پـرۆژەکـەش هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نەدیوە».

مەسەلەی شـێـوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ناونانی نەتەوەکانی (ئاشوری‌و کلدان‌و سریان)، ئایینی ئیسلام وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی داڕشتنەوەی دەسـتـووری هـەرێـم، دامـەزرانـدنـی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەو خاڵانە بوون کە لە پێشتردا جێی ناکۆکی بوون‌و یەکلایی نەکرابوونەوە، بەڵام لەئێستادا جگە لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کە تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، سەرجەمیان چارەسەرکراون زۆربەی مادەکانی ڕەشنووسەکە ڕێککەوتنیان لەبارەوە کـراوە، بەو هۆیەوە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان پێیوایە، کە پەسەندکردنی دەسـتـووری هەرێم لـەم خـولـەدا دەبـێـت‌و دواناکـەوێـت، بـەڵام بەبڕوای شارەزایەکی یاسایی‌و دەستووری پرۆژەکە، کەموکوڕی زۆری تێدایەو پێویستە پەلەپەل لە پەسەندکردنی نەکرێت.

تـەهـا عـومـەر ڕەشـیـد، شـارەزای یاسای گشتی‌و دەستوور، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پرۆژە یاسای دەستووری هەرێم کەموکوڕیی زۆری تێدایە کە گرنگترینیان ئەوەیە، کە مـافـو سەڵاحیەتی زۆری داوە بە دەزگای جێبەجێکردن بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم، لەبەرئەوە پێویستە پەلە لە پەسەندکردنی نەکرێت‌و هەڵبگیرێت بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان، تا دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت‌و ئەو خاڵە لاوازانـەی کە تێیدایە چاکبکرێت، چونکە ئەگەر لەم خولەدا پەسەند بکرێت، دوایی هەموارکردنەوەی قورستر دەبێت.

ئەو شـارەزا دەستوورییە پێشیوایە، کە پارتی‌و یەکێتی لەم خولەدا پەلە لە پەسەندکردنی پرۆژەکە دەکەن، چونکە ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لە پرۆژەکەدا جێیان کردووەتەوە.

لە ٢٠٠٨/١١/٢٦ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمـارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ی (یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستانی) پەسەند کرد، کە لە (١١) مادە پێکهاتووە، بۆ دیاریکردنی میکانزمەکانی دانـانـی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو یاسایە دوای تەوابوونی کارەکانی پێداچوونەوەی دەستوور، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیخاتە بەرنامەی کارەوەو دوای پەسەندکردنی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بەهەموو زمانی نەتەوەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، پاشان دەخرێتە ڕاپرسی سەرتاسەرییەوەو کۆمسیۆنی باڵا هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی پرۆسەی ڕاپرسی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان، هـاوکـات لـە پـەرلـەمـانـی کوردستان بۆچوونێک هەبوو کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕیفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێم بکرێت، بەڵام کاری پێنەکراو ئەو بۆچوونە ڕەتکرایەوە.

خەلیل ئیبراهیم ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو بۆچوونە پەرەی پێنەدراوەو کاری پێناکرێت، ئەنجامدانی ریفراندۆم لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا تەنیا بۆچون بووەو باس نەکراوەتەوە تا کاری پێبکرێت.

هاوکات کۆمسیۆنیش لەوە ئاگادار نییە ئەگەر بەمزوانە ڕیفراندۆم ئەنجامبدرێت، عـەلـی قـادر، سـەرۆکـی دەسـتـەی هەڵبژارنەکانی هەرێم، بە ڕۆژنامەی وت: «تەنیا هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێممان لەپێشەو باس لە ڕیفراندۆم نەکراوە بۆ دەستووری هەرێم، بەڵام ئەگەر بڕیارێکیش بۆ ئەنجامدانی دەربچێت، ئەوا ئێمە لیژنە پێکدەهێنین‌و ئامادەکاری دەکەین، هەرچەندە کات درەنگە بۆ دەرکردنی بڕیارێکی لەو شێوەیە».

هەرچەندە بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە، پێویستە هەرێمەکانی ئەو دەوڵەتە دەستوورێکیان هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ناوخۆی هەرێم، بەڵام لەئێستادا هەرێمی کوردستان بێ دەستوورەو کاروبارەکانی نـاوخـۆی هـەرێـم تەنیا لە ڕێـگـای ئەو یاسایانەوە بەڕێوەدەچن کە پەرلەمان دەریدەکات، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش لەلایەن هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانەوە (یەکێتی‌و پـارتـی)ەوە ئاراستە دەکرێت، هاوکات دەستوور دەبێتە گرەنتییەکی ئایندەیی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات‌و پاراستنی مافی مرۆڤ.



## ڕوونکردنەوەیەک لەحیزبی شیوعی کوردستانەوە:

# دەمێکە هەڵوێستی خۆمان لە هەڵوێستی هاوبەشی چوار حیزبەکە جیاکردووەتەوە

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە ژمارە (٤٦٨) پێنجشەممە ٢٠٠٩/٥/١٤ چاوپێکەوتنێکی لـەگـەڵ بـرای بـەڕێـز کـاک حەمەی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بـڵاوکـردووەتـەوە، لەژێر مانشێتێکی سەرەکی بە ناونیشانی (مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان نەماوەو وڵاتانی دراوسێش تەنیا خێرو بەرەکەتیان بۆ کوردستان هەیە)، لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا سەبارەت بەوەی بۆچی حیزبی شیوعیتان بەشداریی پێ نەکرد؟ (مەبەستی پرسیارەکە لە لیستی چوار حیزبەکەیە)، لە وەڵامدا بەڕێزی دەڵێت (کاتێک ئەوان پەیوەندییان کرد، ئێمە لیستەکەمان تەواوکردبوو).

پاش ئەوەش پرسیاری لێدەکرێت: شیوعی ویستبووی لەگەڵ سۆسیالیست پێک بێت یان چوار حیزبەکە؟ بەڕێزی دەڵێت (یەکەمجار لەگەڵ ئێمە، بەڵام دواتر لەڕێی کاک قادر عەزیزەوە ویستبوویان بێنە ناو چوار حیزبەکە).

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وەڵامانە، بەڕێزی هیچ تێبینی لەسەریان نەبوو، بۆیە ئەو دوو زانیارییە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

بـە نـیـسـبـەت حـیـزبـی شیوعی کوردستانەوە، لە ڕۆژی دانیشتنی پەرلەمان بۆ ڕاگەیاندنی کاتی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی فەرمی، کە کاکە حەمەی حاجی مەحمود ئامادە بـوو، لەلایەن هاوڕێیەکی ئێمەوە قسە لەگەڵ بەڕێزی کرا بۆئەوەی یەکتر ببینین، دوای ئەوەی کە سۆسیالست لە هەواڵەکاندا ڕایگەیاند کە بەتەنیا دەچێتە هەڵبژاردنەوە، ئێمەش وەک حیزبی شیوعی ئەوەمان ڕاگەیاندبوو کە کارمان بۆ لیستێکی هاوپەیمانی کردووە، ئاماژە بۆ ئەو لایەنانە درا کە لە کۆبوونەوەی هاوبەش بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبوون، مەبەست لەو پەیوەندییەش ئەوە بوو، کە حیزبی سۆسیالیست لەگەڵ لیستی ئازادیی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا بێت، کە ئێمە لەکاتی پەیوەندی لەگەڵ بەڕێز کاکە حەمەی حاجی مەحمود بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی جدیمان نابوو.

ئەگەر بەڕێزی ئەو پەیوەندییەی بەجۆرێکی دیکە خوێندووەتەوە، ئەوا ئاساییە، بەڵام کە بەڕێزی باس لەوە دەکات کە ئێمە داوامان لە بەڕێز کاک قادر عەزیز کردبێت بۆئەوەی بمانەوێت بێینە نێو لیستی چوار حیزبەکە، ئەوە بە مەسەلەیەکی سـەیـری دەزانـیـن، چونکە یەکەم پەیوەندی لەگەڵ کاک قادر بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەو مەبەستە نەکراوە، دووەم دەمێکە ئێمە لە حیزبی شیوعی کوردستان هەڵوێستی خۆمان لە هەلوێستی هاوبەشی چوار حیزبەکە جیاکردووەتەوە، لەوە دەچێت لە هەندێک خاڵدا ئەجێندەو خوێندنەوەی جیاوازمان بۆ ڕەوشی کوردستان هەبێت.

**ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستان**
**٥/١٨**

### د.هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان:

# ئەگەر هەیە هەڵبژاردن پاشەکشە بە هەندێک هێز بکات

سازدانی: ڕێبین فەتاح

**د.هادی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان، پێیوایە ئەو هەلومەرجەی ئێستا هاتووەتەکایەوە لە هەرێمی کوردستاندا، پەرسەندنێکی ئاسایی هێزە سیاسییەکان و ئەو ناکۆکییە سیاسیانەیە کە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە، بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو بەوەی کۆمەڵێک ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لەئارادان، وەک ئەوەی ڕەنگە هێزی سیاسیی نوێ بێتە پێشەوەو هێزەکانی دیکەش پاشەکشە بکەن، یان کۆمەڵێک هێزو لایەن لەیەکتر نزیک ببنەوە کە پێشتر ناکۆکیان هەبووە**

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە کە قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان وەک قۆناغی ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕین تەماشادەکرێتە ئێوە هەست دەکەن نزیکایەتییەک لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا هەبێت؟**

* هەلومەرجی ئێستای هەرێمی کوردستان هەلومەرجێکی ئاساییە، ڕەنگدانەوەی کەڵەکەبوونی ئەزموونی ڕابردووە، واتە ئەم پەرەسەندنە سیاسییەی هەیە، چ لە ڕەوشی سیاسیی کوردستان و چ لە ڕیزبەندی هێزە سیاسییەکاندا، پەیوەندی بە قۆناغی پێشووەوە هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەو ناکۆکیو ململانێیەش کە لە کۆمەڵگای کوردستانیشدا هەیە، بەوەی کە جۆرێک لە ناکۆکیو ململانێی سیاسی تێیدا بوونی هەیە، تایبەتمەندییەکانی هەلومەرجی ئێستای کوردستان بەجۆرێکە کە بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرێت، لە قۆناغێکی سیاسییەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراسییە، ئەگەر گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕین بەهەمانشێوە لەناو عێراقیشدا گۆڕانی هەبوایە، پرۆسەکان زیاتر بەرەوپێشەوە دەچوون، ئێستا ئەو پرۆسەیەی کە هەیە، پرۆسەی بنیاتنانە، لەم پرۆسەیەشدا هەلومەرجێک دروستدەبێت کە دیموکراتیەتی تەوافوقی پێدەوترێت، ئەمەش حاڵەتێکی بەردەوام نییەو بارودۆخێکی تایبەت دروستیدەکات، لەدوای ڕاپەڕینەوە بارودۆخی سیاسیی کوردستان بەجۆرێک نەبوو کە لایەنێک دەسەڵات پێکبهێنێت و لایەنێک ئۆپۆزسیۆن بێت، هیچ لایەنێک ئەوەی قبوڵنەکرد کە لایەنێک دەسەڵات بێت و لایەنێکیش ئۆپۆزسیۆن بێت. پێموانییە ئەو حاڵەتەی ئێستا دروستبووە، حاڵەتێکی دابڕاو لەوەی پێشوو بێت، وەک بوترێت کە ئێستا بارودۆخێکی زۆر تازە هاتووەتەکایەوە، ئەوەی هەیە پەرەسەندنێکی ئاسایی هێزە سیاسییەکان و ئەو ناکۆکییە سیاسیانەیە کە لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا هەیە، گرنگ ئەوەیە کە ئەو هەلومەرجە سیاسییەی ئێستا هەیە، هەلومەرجێک نییە کە قابیلی گۆڕان نەبێت، لەوانەیە لەئاکامی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هەلومەرجێکی نوێی سیاسیی بێتە پێشەوەو هێزی سیاسیی نوێ بێتە پێشەوەو هێزەکانی دیکەش بکشێنەوە، یان کۆمەڵێک هێزو لایەن لەیەکتر نزیک ببنەوە لەپێشتر ناکۆکیان هەبووە.

**ڕۆژنامە: باست لە ڕوودانی کۆمەڵێک ئەگەر کرد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پێتانوایە کام لەم ئەگەرانە زیاتر چاوەڕوانی ڕوودانیان دەکرێت؟**

*ئاکامی هەڵبژاردنەکان کاریگەری دەبێت لەسەر ڕیزبەندیی سیاسی لە داهاتوودا، مەسەلەکە پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵکەوە هەیە، خەڵکیش لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەردا دەنگ دەدات، هەڵبژاردنی ئێمە وەک هەڵبژاردنی وڵاتێک نییە کە چەند سەد ساڵ پرۆسەی مۆدێرنیزم و دیموکراسیەتی تێدا سەقامگیربووە، ئێمە لە وڵاتێکدا دەچینە ناو هەڵبژاردنەکانەوە کە تائێستا پەیوەندییە ترادیسیۆنییەکان کارتێکردنی خۆیان لەسەر خەڵک هەیە، پەیوەندییە کۆنەکان کاریگەرییان هەیەو پەیوەندییە مەدەنییەکان بەتەواوی گەڵاڵە نەبوون، ململانێی ناوخۆی حیزبایەتیش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هەڵبژاردنەکەو ئەجێندای دەرەکیش کارتێکردنی خۆی جێهێشتووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هەڵبژاردنەکەدا خیارێک دروست ببێت بە ڕەنگو دەنگی جیاوازەوە خزمەت بە ئاراستەیەکی مەدەنیو عەلمانیو دیموکرات و پێشکەوتنخواز بکات.

**ڕۆژنامە: باس لەوەدەکەن کوردستان بە قۆناغی گواستنەوەدا دەڕوات، ئەمەش یەکێکە لە گوزارشتە باوەکانی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان و وا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە جۆرێک خۆدزینەوەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان؟**

* قۆناغی گواستنەوە کۆمەڵێک ئەرک دروستدەکات کە دەبێت جێبەجێبکرێن، من باسی قۆناغی گواستنەوە ناکەم، بەوجۆرەی کە لەبەرئەوەی قۆناغی گواستنەوەیە دەبێت خەڵک بێدەنگ بێت و هیچ شتێک جێبەجێنەکرێت، بۆ نموونە لە قۆناغی گواستنەوەدا مەسەلەیەک هەیە کە عەدالەتی ئینتقالی پێدەوترێت، ئەم چەمکە بەوجۆرە نایەت کە مادام مەسەلەی نیشتمانی تەواونەبووە، مافەکانی خەڵک یان بەشێک لە خەڵک فەرامۆش بکرێت، قۆناغی گواستنەوە چەمکێک نییە ئێمە دروستمان کردبێت و چەمکێکی جیهانییە، بەکارهێنانی ئەم چەمکەش مانای ئەوە نییە خۆ لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان بشاردرێتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو کۆمەڵێک ئەرک لەم قۆناغەدا هەن و ڕێگا خۆش دەکەن بۆ بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵات.

**ڕۆژنامە: تێڕوانینێک هەیە کە پێیوایە ململانێی توندی نێوان هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان بە قازانجی هێزە ئیسلامییەکان تەواودەبێتە ئێوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟**

* ئەوەی تۆ باستکرد شتێکی ئاساییە، ململانێکە شتێکی دروستکراو نییە لەنێوان ئەم هێزانەداو بوونی هەیە، ئەگەرچی ئێمە تەرەف نین تێیدا، بەڵام ململانێکە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیو خولیای دەسەڵاتە، ڕەنگیشە سبەی بە قازانجی لایەنی دیکە بشکێتەوە.

**ڕۆژنامە: پرسیارەکە زیاتر تایبەت بە هێزە ئیسلامییەکان بوو؟**

* پێموانییە هێزە ئیسلامییەکان زیاتر گەشە بکەن، چونکە ئەو لایەنانەی دەنگ بۆ پرۆژەیەکی ئیسلامی دەدەن دیاریکراون، ئەو خەڵکانەی دەنگ بە پرۆژە ئیسلامییەکان دەدەن، ئەوانەن کە نایانەوێت دەنگ بۆ پرۆژەیەکی دیموکراتی عەلمانی بدەن. خەڵکێک کە دەنگ بە پرۆژە ئیسلامییەکان دەدات، ئەگەر ململانێی نێوان لایەنەکانی دیکەش نەبێت، هەر دەنگ بەو پرۆژەیە دەدات، بەڵام ئەو دەنگدانەی دیکە کە ئامادەنین بۆ پرۆژە ئیسلامییەکان بچن، دابەشبوونێک لەو دەنگانەدا دروستدەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر زۆرینەی ئەو لیستانەی خۆیان بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان ئامادە دەکەن، لە خولی دووەمدا ئامادەییان هەبووبێتە تا چەند چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت هەمان ئەو هێزانە بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستا بهێننە ئاراوە؟**

* ئەگەر بەراوردی ساڵانی یەکەم و دووەمو ئێستای پەرلەمان بکەین، دەبینین پەرلەمان لەساڵانی دواییدا جیاوازبووە لەساڵانی یەکەم و دووەمی، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەزموونی زیاتر وەرگیراوە، گرنگ ئەوەیە کە پەرلەمان وەک دامەزراوەیەک بتوانێت باشتر بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، باشتریش دەبێت، چونکە ئەزموونی زیاتر لە ئەرکی پەرلەمانی کەڵەکەبووە، پێموایە فرەڕەنگی دەبێت و ئەمەش خەڵک بڕیاری لەسەر دەدات، هەرچۆنێکیش بێت پەرلەمانی داهاتوو لەوەی پێشوو یان ئێستا کاراتر دەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر بەرەوپێشەوەچوونی پەرلەمان لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی زیاتری ئەزموونەدا بێت لە ئەرکی پەرلەمانیدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە حیکمەت لەوەدا نییە کە لیستەکان چ بەرنامەیەکیان هەیە، بەڵکو حیکمەت لەوەدایە کە ئەزموونی پەرلەمانیی چەند کەڵەکەبووە، ئەمە کەمکردنەوە نییە لە ئەجێندای لیستەکان؟**

* نەخێر مەسەلەکە بەمشێوەیە نییە، من کە باسی گۆڕان دەکەم، مەبەستم گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە، لێرەوە کۆمەڵێک هێز هەن، کە بەشێکیان هێزەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئەوانی دیکە کۆسپن لەبەردەم گۆڕانکارییەکەدا، لەلایەکی دیکەوە هەردوو ئاراستەکە، هەم ئەوەی کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەوێت و هەم ئەوەش کە نایەوێت ڕووبدات، پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە. پاشان ئەگەر باس لە پەرلەمان بکەین، ڕاستە لەڕووی تەشریعەوە پەرلەمان ئامرازی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە، بەڵام نابێت شەقام فەرامۆش بکەین، چونکە ئەوە شەقامە خەڵک ڕەوانەی پەرلەمان دەکات و فشار لەسەر پەرلەمان دروستدەکات، لەبەرئەوە ململانێی نێوان ئەو دوو ئاراستەیە، لە چوون و نەچوون بۆ پەرلەمان کۆتایی نایەت، چونکە شەقام دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت و فشاری بەهێزیش لە پەرلەماندا دروستبکات، لەبەرئەوە هەر پرۆژەیەک کافی نییە تەنیا ببرێتە پەرلەمانەوە، بەڵکو دەبێت خەڵک بە ئاراستەی ئەو پرۆژەیە لەناو شەقامدا هانبدرێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە تێبینی ئەوە ناکەن کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەجێندای لیستەکان کاریگەرییەکی ئەوەندەی بەسەر خەڵکەوە نییەو خەڵک لەسەر بنەمایەکی دیکە دەنگ دەدات؟**

* ڕاستە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرنامە هەموو شتێک نییە، چونکە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی تەقلیدییەو کۆمەڵێک مەسەلەی وەکو برادەرایەتیو خزمایەتیو عەشیرەتگەراییو ئینتیمای سیاسیی کۆن و کۆمەڵێک شتی دیکە ڕۆڵی زۆر دەبینێت، بۆ کۆمەڵگایەکی ئەوروپی کاتێک لیستێک بۆ نموونە ڕایدەگەیەنێت کە باج کەمدەکاتەوە، ڕەنگە ئەمە هۆکارێکی کاریگەربێت بۆئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، بەڵام لە کوردستاندا هێشتا زۆری ماوە بەرنامەی لیستەکان خاڵی یەکلاییکردنەوە بێت. ئێمە کە باس لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەین، دەبێت وابکەین بنەمای دروست بۆ دەنگدان بە لیستەکان نیشانی خەڵک بدەین، بەو مانایەی کە خەڵک کاتێک دەنگدەدات، دەنگ بە بەرنامەی لیستەکان بدات، نەک شتێکی دیکە.

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە بەوەی حیزبی شیوعیو ئەو حیزبانەش کە لیستی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، لە پەرلەماندا گوتارێکی جیاوازیان نەبووە لە گوتاری لایەنەکانی دیکە، پێتوایە لە خولی داهاتوودا ئەگەر ژمارەیەک کورسی بەدەست بهێنن، گوتارێکی جیاوازیان دەبێت؟**

* دەبێت لەپێشەوە بزانین مەبەستمان لە گوتاری جیاواز چییە، دیارە گوتاری جیاواز بە هەڵچوون دروستنابێت، ئەگەر باس لە نوێنەرایەتیی حیزبی شیوعی لە پەرلەمان بکەین، گوتاری سیاسیی برادەرانی ئێمە دەربڕی سیاسەتی حیزبی شیوعی کوردستانە، جاری وا هەیە گوتاری نوێنەرانی شیوعی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا گوتارێکی هاوبەشە، بۆ نموونە کاتێک باس لە قەدەغەکردنی فرەژنی دەکرێت لەناو پەرلەماندا، نابێت بە هەڵچوون خۆم لەوانی دیکە جیابکەمەوە، ڕەنگە کەسانێک لە لیستەکانی پارتیو یەکێتیش دژ بە فرەژنی بووەستنەوە، ڕەنگە نەبوونی گوتاری جیاواز بۆ برادەرانی ئێمە، زۆر دروست نەبێت، بۆ نموونە ئێمە دەنگمان بۆ یاسای وەبەرهێنان نەدا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گوتاری جیاواز هەبووە، لە مەسەلەی یاسای ڕۆژنامەگەریدا بەهەمانشێوە گوتاری خۆمان هەبوو، بەڵام زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت کە ئەندامانی ناو لیستەکانی دیکەش هەمان ئەو گوتارەی ئێمەیان هەیە، ئەمەش گرنگە کاتێک پشتگیریی ئەندامانی لیستەکانی دیکە بۆ گوتارەکەی تۆ هەبێت.

**ڕۆژنامە: لە وەڵامی پرسیارەکاندا چەمکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی زۆر دووبارە دەکەیتەوە، ئەمە خۆدزینەوە نییە لە گۆڕانکاریی سیاسیی؟**

* نەخێر، یەکێک لە کێشەکانی ژیانی سیاسیی ئێمە دابڕینی سیاسەتە لە کۆمەڵگا، سیاسەتمان کورتکردووەتەوە بۆ ململانێ لەپێناو ئەوەی کێ لە دەسەڵاتدا بێت، ئەگەر تۆ لە ڕوانگەیەکی نوێوە تەماشای ململانێی سیاسیی بکەیت، ئەو ململانێیە پەیوەندییەکی بەهێزی بە بوارێکی گرنگەوە هەیە کە سۆسیۆلۆژیای پێدەوترێت، ئەو چەمکەی من باسیدەکەم، بەشێکە لە میتۆدی بیرکردنەوەم. لای ئێمە چەمکی سیاسەت لە لافیتەی سیاسیی حیزب و لیستەکان فراوانترە، سیاسەت هەڵوێستە بەرامبەر بە ژن، بەرامبەر بە کۆمەڵگاو بوارەکانی دیکە.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئامانجی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسیی، گەیشتن بە دەسەڵاتە، ئەوەی دیکە پەیوەندی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە کە پێداگیریی لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەن، بزووتنەوە سیاسییەکان دەبێت کار لەسەر دەسەڵات و ڕەوشی سیاسیی بکەن؟**

* هیچ حیزبێکی سیاسیی نییە بیر لە دەسەڵات گرتنەدەست نەکاتەوە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئارەزووی دەسەڵات گرتنەدەست و ئەوەدا هەیە کە لە واقیعدا جێبەجێدەکرێت، لایەنی دیکە هەیە تۆ ئەگەر نەتوانیت دەسەڵات وەربگریت، ئایا بیر لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەیتەوە یان نا؟ من بۆیە پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەگەر نەتوانیت دەسەڵات وەرگریت، لەئاستی کۆمەڵگادا دەبێت هەوڵی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بدەیت، من ئێستا ناڵێم زیاتر لەنیوەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست دەهێنم، چونکە ئەوە تێڕوانینێکی واقیعی نییە، بەڵام دەڵێم من هەوڵدەدەم ژمارەیەک کورسی بەدەستبهێنم بۆئەوەی قورساییم لە ناوەندی بڕیاردا هەبێت.




**ئەو هەلومەرجە سیاسییەی ئێستا هەیە، هەلومەرجێک نییە کە قابیلی گۆڕان نەبێت، لەوانەیە لەئاکامی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هەلومەرجێکی نوێی سیاسیی بێتە پێشەوەو هێزی سیاسیی نوێ بێتە پێشەوەو هێزەکانی دیکەش بکشێنەوە**

د.هادی مەحمود
- ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکوک لەدایکبووە.
- لەساڵانی هەشتاوە بووە بە پێشمەرگە.
- خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لەبواری ئیسلامناسیدا.
- ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستانە.

## وەزارەتی نەوت: نابێت گفتوگۆکان بەئاراستەی سیاسییدا ببرێن

# پەرلەمانتارە کوردەکان خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەهرستانی ئامادەدەکەن



**هەستیار قادر**

لەکاتی بانگهێشتکردنی وەزیـــری نـــەوت بـۆ بـــەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانتارە کوردەکان گفتوگۆ لەسەر کێشە پەیوەندیدارەکانی هەرێمو ئەو وەزارەتـە دەکەن، وتەبێژی وەزارەتەکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت گفتوگۆکان بەئاراستەی کێشە سیاسییەکاندا ببرێن.

پاش ئەوەی ئیمزای (١٤٠) ئەندام ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆکرایەوە بەمەبەستی بـانـگـهـێـشـتـکـردنـی حسێن شەهرستانی، وەزیـری نەوتی عێراقی بۆ بـەردەم ئەنجومەنی نـوێـنـــەران، لێپرسینەوەی سـەرۆکـایـەتـیـی ئەنجومەنی نوێنەران قایلبوو لەسەر ئەو داوایـــەو بـڕیـارە بـەم نزیکانە شەهرستانی ئامادەی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران بێت.

د.عەلی بەلوو، سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئـەو لێپرسینەوەیە لە شەهرستانی تایبەت دەبێت بـە کـەمـبـوونـەوەی ڕێـــژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقداو ئـەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی وەزارەتی نەوت دەکرێت.

د.عەلی بەلوو کە ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیشە، ئاماژەی بەوەدا کە پرسیارەکان لـەلایـەن بـڕیـاردەری لیژنەی نەوتو گازەوە ئاراستەی حسێن شەهرستانی دەکرێت، دووریش نییە لـە گفتوگۆی لاوەکـیـدا پەرلەمانتارە کوردەکان پرسیاری لەبارەی کێشەکانی هەرێمو بەغدا لەسەر کەرتی نەوت لێبکەن.

بەپێی ئـەو زانیارییانەی دەســت ڕۆژنـامـە کـەوتـوون، ســەرەڕای ئـەوەی باسکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاسـتـەوخـۆ نـەخـراوەتـە نێو کارنامەی پرسیارەکانی لیژنەی نـــەوتو گـــازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە ئاراستەی شەهرستانی بکەن، بەڵام چەند پەرلەمانتارێکی لیستی هاوپەیمانی خۆیان ئامادەکردووە بـۆئـەوەی پرسیاری تایبەت بە کێشە نەوتییەکانی هەرێم ئاراستەی شەهرستانی بکەن.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بوونی بیرۆکەی لەوجۆرەی پشتڕاست کردەوەو ڕایگەیاند: مـن وەک خـۆم پـرسـیـاری چارەنوسی پـاڵاوگـەی شاری خانەقین لە وەزیری نەوت دەکەم.

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوت، جەختی لەسەر ئەوە کـردەوە کە شەهرستانی وەڵامـی یەکلاییکەرەوەی پێیە بۆ سەرجەم ئەو پرسیارانەی بڕیارە لەئەنجومەنی نوێنەراندا ئاراستەی بکرێت، بەڵام وتی: «پێویستە پرسیارو گفتوگۆکان لە چوارچێوەی هونەریی بواری نەوتدا بێت، بەئاراستەی کێشە سیاسییەکانی نێوان هەرێمو بەغدادا نەبرێت لەسەر کەرتی نەوت».

ســەبــارەت بـە ئـەگـەری باسکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمیش لـەو دانیشتنەدا، وتەبێژەکەی وەزارەتـی نەوت وتـــی: «وەزیــــرو وەزارەتـــی نەوت ئاگاداری گرێبەستەکانی دەرهێنانی نەوتی هەرێم نینو وردەکارییەکەی نازانن تا قسەی لـەســەر بـکـەن، بــەڵام ئەگەر دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کرایەوە، ئەوکاتە وەزیری نەوت قسەی خۆی دەبێت».

بانگهێشتکردنی وەزیـری نەوت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکاتێکدایە کە بڕیارە ســەرەتـای مانگی داهـاتـوو بۆ یەکەمینجار نەوتی دەرهێنراوی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەغداو بەسەرپەرشتیی وەزارەتی نەوتی عێراق، ببرێتە دەرەوەو لەدوایین لێکۆڵینەوەی خۆشیدا کە ئاژانسی ئەسیۆشەیتد پرەیس بەشێکی لێ بڵاوکردووەتەوە، وەزارەتـــی نـەوتـی حکومەتی هەرێم بە بەهەدەردانی داهاتی عێراق تۆمەتبار دەکاتو دەڵێت: «حکومەتی هەرێم ڕێژەی ١١٪ بۆ ٢٨٪ی داهاتەکانی نەوتەکەی دەداتە ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانیان لەگەڵدا ئیمزاکردووە، لەکاتێکدا کە بەپێی لێکۆڵینەوەکەیان ڕێژەی ٣٪ بۆ ١٦٪ ڕێژەیەکی ئاساییە کە وەک قازانج بدرێتە ئەو کۆمپانیایانە».

# ئەنجومەنی نوێنەران بە لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرەکان، سومعە بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

دوای لێپرسینەوە لە وەزیری بـازرگـانـی عـێـراق، ئەنجومەنی نوێنەران بەنیازە چەند وەزیرێکی دیکەی حکومەتی مالیکی بانگهێشت بکاتو ڕووبەڕووی لێپرسینەوەیان بکات، هاوکات ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەی ئەنجومەنی نوێنەران باس لەوە دەکـات، لە ئایندەیەکی نزیکدا لێپیرسنەوە لەگەڵ چەند وەزیرێکی دیکەدا دەکرێتو پەرلەمان دەیەوێت لـەو ڕێـگـایـەوە سومعە بۆ خۆی بگێڕێتەوە.

لەماوەی ڕابردوودا بارودۆخی ئەمنیی عێراق ئاڵۆزیی تێکەوتوو بەو هۆیەوە تەنیا لە مانگی (٤)ی ڕابردوودا نزیکەی (١٢٠٠) کەس لە شارەکانی عێراق بوونە قوربانیی، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشـــی ئەمنیی عـێـراق، ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٨ هەردوو وەزیری ناوخۆو بـەرگـری بانگکرانە ئەنجومەنی نوێنەران، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا هەردوو وەزیر وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتارانیان دایـەوە، هەروەها بە تۆمەتی گەندەڵی داراییو ئیداریی ٢٠٠٩/٥/١٦ عەبدولفەلاح سودانی، وەزیری بازرگانی عێراق بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران کراو (١٧)ی مانگیش ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لێپرسینەوەی لەگەڵ ناوبراو کـرد، دوای کۆکردنەوەی ئیمزای (١١٠) پەرلەمانتار بۆ وەرگرتنەوەی متمانە، بڕیارە هەفتەی داهاتوو ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ لەسەر ئەو مەسەلەیە بداتو دوای ئەوەش چەند وەزیرێکی دیکەی حکومەتەکەی مالیکی بەمەبەستی گفتوگۆکردنو لێپرسینەوە بهێنرێنە ئەنجومەنی نوێنەران، هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانو سەرۆکو بڕیاردەری لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لیژنەی نـــەوتو غـــاز بەڕەسمیی داوای کـرد حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوت بانگبکرێتە ئەنجومەنی نوێنەرانو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە سەد پەرلەمانتار ئیمزایان بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ شەهرستانی کۆکردووەتەوە.

ئـازاد چـالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆو دەستووری عێراق، بەرپرسانی حکومەت لەژێر چاودێری دەزگا چاودێرییەکاندانو ملکەچی داواکارییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانن، لیژنەی نەزاهەی عێراق ڕێـپـێـدراوە لێپرسرینەوە لەگەڵ وەزیرەکاندا بکات، لە چەند ڕۆژی ڕابـــردوودا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لێپرسینەوەی لەگەڵ وەزیری بازرگانی کردو لە هەفتەی داهاتوودا دەنگ لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە لە ناوبراو دەدرێت، جگە لەوەش پێرێ هەردوو وەزیری ناوخۆو بەرگری بانگهێشتی ئەنجومەنی نوێنەران کـران، جگە لـەوەش هەوڵدەدرێت وەزیرەکانی (کار، شارەوانی، نەوت، ئەشغال، گواستنەوە) بانگ بکرێنە ئەنجومەنی نوێنەرانو ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی پەرلەمانتاران ببنەوە، بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانیانو کەمتەرخەمی وەزارەتەکانیانەوە لە خزمەتکردنی هاوڵاتییاندا.

بە وتەی ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە «هەوڵەکانی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی عـێـراق لەئێستا بۆ گێڕانەوەی سومعەی ئەنجومەنەکەیە، هەروەها بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی گەندەڵییە لە دەزگاکانی حکومەتدا».

لەوبارەیەوە وتی: «لەئێستادا ڕایەکی گشتیی لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا هەیە بۆ لێپرسینەوەی بـەرپـرسـانـی حکومیی، ئـەوەش بـەو مەبەستەیە کە ئەنجومەنی نوێنەران دەیەوێت متمانە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوەو هەیبەت بۆ خۆی پەیدابکات، ئەمەش گرنگترین ئەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانە، ئەوەی ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەیەوێت پیادەی بکات، پێشووتریش هەنگاوی بۆ نراوە، بەڵام بەهۆی ئەو تەوافوقە سیاسییەی کە هەبووەو خراپی ئەدای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، نـەتـوانـراوە تائێستا ئەنجومەنی نـوێـنـەران ڕۆڵـی چاودێریکردن ببینێت بۆ دەستکەوتنەوەی سومعە، ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە داوامان لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کـــردووە، بتوانین لـەم مـاوەیـەدا کۆمەڵێک کاری ئیجابی ئەنجامبدەین، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش پشتگیری کردووین».

ئەوەشی وت: «ئەگەر بتوانین متمانە لـە وەزیـــری بـازرگـانـی بسێنینەوە، ئەوکاتە وەزیرەکان زیاتر دەترسنو ئەنجومەنی نوێنەرانیش سەرکەوتووانە دەتوانێت لەماوەیەکی نزیکدا متمانە لە وەزیرەکانی دیکە وەربگرێتەوە».

لەماوەی ڕابردووشدا ئەنجومەنی نوێنەران بانگهێشتی چەند وەزیرێکی دیـکـەی کـرد بـۆ لێپرسینەوەو وەڵامدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران لەسەر ئەدای وەزارەتەکانو ئاستی بەجێگەیاندنی کاروبارەکانیان.

ئـــازاد چـــالاک ئـــامـــاژەی بۆ ئەوەشکرد، بانگکردنو لێپرسینەوە لە چەند وەزیرێک لەماوەی ڕابردوودا، ترسو دڵەڕاوکێی لای وەزیرەکانی دیکە دروستکردووەو بەشێکیان هەوڵی چاکسازییو کەمبوونەوەی گەندەڵی دەدەن».

لـە ٢٠١٠/٣/١٥ وادەی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆتاییدێتو دەبێت (٤٥) ڕۆژی پێش ئەو وادەیـە هەڵبژاردن بۆ خولی نوێ بکرێتەوە، بەپێی ڕایگەیاندنێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانیش، سەرجەم لیستەکانو کوتلەکان کۆکن لەسەر ئـەوەی ڕۆژی ٢٠١٠/١/٣٠ هەڵبژاردن بۆ خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت لە وادەی یاسایی خۆیدا، بەر لەو وادەیەش دەیانەوێت بارتەقای کەموکوڕییەکانی پەرلەمان لـە چـاودێـریو بـەدواداچـوونـی کارەکانی حکومەت بکەنەوەو تا ڕادەیەک متمانەی هاوڵاتییان بەدەست بهێننەوە.



وەزیری بازرگانی لەکاتی لێپرسینەوەی لە هۆڵی پەرلەماندا

# کوردستانو گۆڕانکاریی سیاسی



مافناس: هاوڕێ تۆفیق

گۆڕانکاریی سیاسی کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵکو کارێکی قورسە لە ڕووەکانی ئامادەییو بوونی هەلومەرجی بابەتیو زاتی بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە، ئەوەی گۆڕانکاریکردن زیاتر قورس دەکات، نەبوونی کەناڵەکانی دامەزراوەی دیموکراسیو دەستوورییە لە هەندێک کۆمەڵگادا، هەتاوەکو بەشێوەیەکی دیموکراتو ئاشتیو ئاسایی گۆڕانکاریی سیاسی خۆی لە ڕێگایانەوە ئەنجامبدات، بەڵکو لەجیاتی ئەوانە کۆمەڵگا بۆخۆی سەربەزخانەیەکی گەورەیە، هاونیشتمانییەکانی پرچەکن، پرچەکن وەکو واقیعێک کە هەڵگری تفەنگن، لەهەمانکاتدا وەکو بیروباوەڕ چەکدارن بە پەرچەکرداری توندوتیژئامێز، هەربۆیە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا گۆڕانکاریی سیاسی نەشتەرگەرییەکی گەورەی موجازیفە، بەجۆرێک لەجیاتی ئەوەی لەکاتی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا بەرهەمەکەی بچنەوە، کەچی لە هەندێک کاتدا ئەوەی کە هەشیانە دەیخەنە مەترسییەوە، ئەم شیکردنەوەیە بۆ ئەوە نییە ببێتە پاساو بۆ دروستکردنی ترس لە گۆڕانکاریی سیاسی، چونکە مانەوەی دۆخێکی خراپی سیاسی هیچ قەدەرێکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، جگە لە ئیرادەی گۆڕانکاریی، بەڵام ئەوەی لەو شرۆڤەکردنەدا مەبەستمانە چۆن لەو وڵاتانەی دونیای سێیەم کە قوربانیی دواکەوتوویی مۆدێلی سیاسین، گۆڕانکاری بکرێت؟ ڕاستتر چۆن نەشتەرگەرییە گەورەکە بکرێت؟ چەندین تێزی زانستی هەن کە قسە لەبارەی یان شێوازەکانی گۆڕانکاریی سیاسییەوە دەکەن، لەوانە (شۆڕش، کودەتا، هەڵبژاردنی دیموکراتی)، جگە لە هەڵبژاردنی دیموکراتی کە کۆدەنگییەکی پۆزەتیڤی لەسەر هەیە وەکو گونجاوترینو شەرعیترین پرۆسەی گۆڕانکاریی سیاسی، هاوکات بەهۆی بوونی تایبەتمەندیی لە خەسڵەتی حوکمڕانیو هەڵکەوتەی کلتوریو ژیاری هەندێک کۆمەڵگادا، ئەوا شێوازەکانی دیکەی وەکو شۆڕش یان کودەتا دەگرنەبەر. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی سیاسی لەبەردەم چەند گریمانەیەکی ئومێدو قەلەقیدا، ئومێدی هەیە بۆئەوەی سیستمی حوکمڕانیی کوردستان چاک بکاتەوە کە دوچاری کێشەی گەورەی سیستماتیکیو فیکری هاتووە، لە هەمانکاتدا دووبارە خاوەنی ئومێدە، چونکە خاوەن زەمینەیەکی بابەتییە، مەبەست ئەوەیە زەمینەیەکی پشتیوانیکردنی میللی هەیە. هاوکات قەلەقی هەیە بەو مانایەی پرسی گۆڕانکاریی وڵات لە دیدێکی تەنیا ڕەهەندییەوە سەیرنەکرێت، بەڵکو گۆڕانکاریی لەبەر ڕۆشنایی دونیابینییەکی ستراتیژی سیاسی بۆ کۆی پرۆسەی گۆڕانکاریی سیاسی دابڕێژرێت، مەبەستمان ئەوەیە گۆڕانکاریی سیاسی لە کوردستان چەند ڕەگەزو بوارێکی هەیە، بەشێوەیەک گۆڕاوەکان لە کۆی هاوکێشە سیاسییەکەدا لە کارلێکردنێکی بەردەوامدان، بەجۆرێک بەبێ بینینی تەواوی ئەو ڕەگەزە گۆڕاوانە، هاوکێشەکە هاوسەنگ نابێت. سەبارەت بە ڕەوشی گۆڕانکاریی سیاسی لە کوردستاندا، هەروەک ئاشکرایە کەناڵەکانی دروستکردنی بڕیار لە کوردستاندا ئەمانەن (سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەریی)، لە کوردستاندا لەڕووی قانوونیو بونیادییەوە ئەو چوار دەسەڵاتە هەیە، بەڵام لەڕووی واقیعیو پراکتیکییەوە دەسەڵاتەکانی (سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران)، دوو شێرە دەسەڵاتە سەرەکییەکەن بەجۆرێک هەیمەنەیەکی تەواوەتیان بەسەر زۆربەی کۆی دروستکردنی بڕیاری سیاسییو ئیداریدا کردووە. هەربۆیە یەکێک لەو سیاسەتانەی بۆ گۆڕانکاریی سیاسی لە کوردستان دەکرێت گریمانەی لەسەربکەین، دروستکردنی جۆرێک لە هاوسەنگییە لەنێوان پەرلەمانو حکومەتدا، کە ئەوەش لە ڕێگای شەڕی پەرلەمانییەوە دەکرێت. بە باوەڕی من سەرەتای گۆڕانکاریی سیاسی لە کوردستان لە هێزێکی کارای ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیدا خۆی دەبینێتەوە، کە چاودێرێکی بەهێزبێت نەک خۆی بکاتە بەشێکی بچووک لە حکومەت، واتە گریمانەی قاچێکت لە پەرلەمانو ئەوەکەی دیکەیانت لە حکومەتدا بێت، ئەزموونێکی تاقیکراوەی سەکەوتوو نەبوو، هەربۆیە گرنگە ئەو ئەزموونە دووبارە نەکرێتەوە. بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی سیاسی لە کوردستاندا، دەبێت نەفس درێژییو بەرنامەڕێژی تۆکمە هەبێت، هەمیشە ئەو گۆڕنکاریانەی بە هێواشی دەڕۆن بەڕێوە، بەڵام لەهەناویاندا جدینو بە خەیاڵی چاندنی نەمامێکو پاشان نەشونماکردنی کاردەکەنو وەکو ڕۆمانسییەکی سیاسی ڕەفتارناکەن، بەڵکو ئەو هێواشییە گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەیەکی سروشتیدا دەبات. یەکێکی دیکە لەو سیاسەتانەی بۆ پرسی گۆڕانکاریی کوردستان گرنگە، دروستکردنی گوتاری گشتیی گۆڕانکارییە، مەبەست ئەوەیە لەگەڵ جیاوازیی بیروباوەڕی پێکهاتە سیاسییو بەرنامەو مێژووی هێزە جیاوازە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکاندا، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان لەسەر پرسە گشتییەکانی گۆڕانکاریی گەڵاڵە بکەن، بۆ نموونە هەموو لایەک هاوبەشن لەسەر گوتاری بنەبڕکردنی گەندەڵیو جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت، چونکە ئەم خەسڵەتە پرۆسەی گۆڕانکاریی لە یەک کاتدا ئاسان دەکاتو لە هەمانکاتدا کۆدەنگییەکی سیاسیو پشتیوانییەکی جەماوەریی گەورەی بۆ فەراهەم دەکات. لەڕووی سیاسییەوە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی جەماوەرییە نەک نوخبەویی، هێزی نوخبە بەهۆی واقیعی سایکۆلۆژیو کلتوورییەوە ناتوانێت ببێتە یاریکەرێکی بەهێزی تەنیای فریادڕەسی گۆڕانکاریی سیاسی، خاڵێکی سەرەکیو جەوهەریی بەردەم پرسی گۆڕانکاریی سیاسی، پرۆژەی دەستووری کوردستانە، کە بۆ هەموو کۆمەڵگایەکی دونیا لە مانیفێستێک دەچێت لەوێوە شارێگاکانی جۆری حوکمڕانیو ئەرکو مافو ئازادییە کەسیو گشتییەکانی لێوە دیاری دەکرێت، ئەلفو بای گۆڕانکاریی سیاسی لە پرۆژەی دەستووری کوردستانەوە دەستپێدەکات، هەربۆیە ئەوەی خەونی گۆڕانی هەیە، ئەوەی شەڕی سیستم دەکات، دەبێت چاوی لەسەر ئەو منداڵە بێت کە هێشتا لەدایک نەبووەو ناشرین نەکراوەو دەرفەتی ماوە، چونکە خەونی گۆڕانی سیاسیی سەرەتا لە ڕێگای دەستوورەوە دەکرێت، دواتر هێزی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەوێت ئەو ویستە وەربگێڕێتە سەر ڕەفتارو کار.

Hawre_81@yahoo.com

# دەبێت کام تورکمان قسەبکەن؟!



ئەسعەد ئەربیل*

لەژمارە (٤٦٨)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بابەتێک بەناونیشانی (لاڵەکان قسەدەکەن)، بڵاوکراوەتەوە، هەرچەندە حەزم نەدەکرد وەڵام بدەمەوە، بەڵام دواتر بەپێویستم زانی بڵێم مرۆڤ لاڵ بێت باشترە لەوەی قسەی ناڕاست بکات.

ماوەیەکە لێرەو لەوێ بەمەبەستی تایبەت تانە لەپەرلەمانتارە تورکمانە کوردستانییەکان دەدەن، دەیانەوێت ئەو ڕاستییە چەواشە بکەن کە ئێمە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەین بەتورکمانو کوردو کلدۆئاشورەوە.

بەڕاستی بەلامەوە سەیرە کەسانێکی وەکو (نازم صائغو کەسێکی دیکە کەناوهێنانیشیان بەدروستی نازانم)، دەیانەوێت لە بایەخی ڕۆڵو دڵسۆزیی ئێمەی پەرلەمانتارە تورکمانەکان کەمبکەنەوە، کە چ لەپێش چوونمان بۆ پەرلەمانو چ دواتر، هەرگیز ڕۆژێک لەڕۆژان لەسەر هێڵی نیشتمانی کوردستانو نەتەوەی تورکمان لامان نەداوەو لە خزمەت درێغیمان نەکردووە.

ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا شانبەشانی خوشکو براکانمان بۆ دوارۆژی ئەم وڵاتە ئەرکمان کێشاوە، بۆ مافی تورکمانیش کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوەبکات کە خزمەتی زۆرمان کردووەو بەوپەڕی دڵنیاییەوە توانیومانە لەو یاسایانەی پەیوەندیان بەباری نەتەوەییەوە هەیە، تایبەتمەندیی نەتەوەکەمان جێگیربکەین، بە نموونە لەیاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی پەروەردە... تا دوایی.

ئایا ئەو بەڕێزانە چۆن دەتوانن ئەو هەنگاوانەی لەهەرێمی کوردستان نراونو ئەو دڵسۆزییەی ئێمەش نواندومانە، بۆ هاوسەنگکردنی مافی نەتەوەکانی کوردستان نادیدە بگرن؟

ئێمە بەشانازییەوە دەڵێین تورکمانی کوردستانیینو تەنیا بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانەکەشمان کاردەکەین، هەر کەسێکیش بیەوێت ئەرکی خۆی لەبەرامبەر نیشتمانو نەتەوەکەی خۆیدا جێبەجێ بکات، پێویستە وەک ئێمە لەمەیدانی کاردا ڕۆڵ بگێڕێت بەبێ ئەوەی بیر لەدەرەوەی سنوور بکاتەوە، یاخود ڕاسپاردەی ئەملاو ئەولا بۆ بەرژەوەندیی خۆیو ئەو لایەنانەی هەرگیز خێریان بۆ کوردستانو نەتەوەی تورکمانو عێراقێکی سەقامگیر ناوێت.

ئێمە نامانەوێت لەگەڵ کەسانێک بچینە مەیدانی شەڕە قسەو بابەتی نابەجێ، بەڵام هەر کەسێکیش بیەوێت لە ڕاستییەکان تێبگات، زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەراوردی نێوان هەڵوێستی نیشتمانو نەتەوەپەروەرانەی ئێمەو ئەو کەسانەی بەفیتی لایەنێک یان لەناتێگەیشتنەوە خەڵکی چەواشە دەکەن، بکات.

> **ئێمە بە شانازییەوە دەڵێین تورکمانی کوردستانیینو تەنیا بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانەکەشمان کاردەکەین، هەر کەسێکیش بیەوێت ئەرکی خۆی لە بەرامبەر نیشتمانو نەتەوەکەی خۆیدا جێبەجێ بکات، پێویستە وەک ئێمە لە مەیدانی کاردا ڕۆڵ بگێڕێت بەبێ ئەوەی بیر لەدەرەوەی سنوور بکاتەوە**

چەند نووسراوێکی دیکەش دەرچوون ئێمە وەڵاممان نەدا بۆ ئەوقین لەدڵانەی پێشوو، لەبەر ئەم دوو هۆ سەرەکییەی خوارەوە بوو:

یەکەم: ئێمەی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستاندا ڕێگانادەین بۆ تیرو توانج بەیەکتر گرتن لەناو کۆمەڵگای تورکمانیدا.

دووەم: بە قەناعەتەوە دەڵێم هەروەکو باووباپیرانمان ئاماژەیان کردووە (بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێت)، گەلی تورکمان زۆر لەوە هۆشیارترە کە بەمجۆرە نووسینە بێبنەمایانە هەڵبخەڵەتێن.

بەڵام بڕیارمانداوە لەمەودوا بە وردی لەسەر گشت مەسەلەکان بوەستینو هەموو ڕاستییەکانیش بۆ گەلی تورکمانی سەربەرز بە بەڵگە ڕوونبکەینەوە.

لە کۆتاییدا دەپرسم کام تورکمان قسە بکەن؟ ئەوانەی لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیانو بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆیان دەپارێزن، یان ئەو بەناو تورکمانانەی بە ئاماژەی دەرەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت دەجوڵێنەوەو دەنووسنو قسەدەکەن؟

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
لیستی تورکمان
جێگری لیژنەی پەروەردەو خوێندنی
باڵا– ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ

# هەڵبژاردنو توندوتیژیی



ئاریان کامیل

زۆرجار مرۆڤە بی هونەرو بێ بەهرەکان بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆیانو شاردنەوەی بێ هونەریو بێ بەهرەییان، کێشەو فەوزا دەنێنەوە، بۆئەوەی لایەنی بەرامبەر بۆی ئاشکرا نەبێت کە بێ بەهرەو بێ هونەرن.

ئەو سیاسەتە بۆ شاردنەوەی بێ هونەریو بێ بەهرەیی پیادە دەکرێت، زۆر بوار دەگرێتەوە کە لێرەدا کاتی نییە باسیان بکەین، بەڵام پیادەکردنی ئەو سیاسەتە لەلایەن بەڕێوەبەرانی وڵاتەوە لە هەموویان ترسناکترەو زیانەکانی بەر هەمولایەک دەکەوێت، بۆیە پێویستە هەموومان ئاگاداری بینو دەرفەت نەدەین بێ بەهرەو بێ هونەرەکان بتوانن تا سەر لەڕێی نانەوەی کێشەو فەوزاوە درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن.

لە هەمووشی زەرەرمەندتر نانەوەی کێشەو فەوزاو پیادەکردنی توندوتیژییە لەو هەڵبژاردنەی وابڕیارە لە کوردستاندا بکرێت، چونکە چاوەڕوان دەکرێت ئەو هەڵبژاردنە ببێتە سەرەتایەکی پرشنگدار لە مێژووی گەلەکەماندا، بەو پێیەی لیستی سەربەخۆ بەشداری کارای تێدا دەکات، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی دیکە کە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە ئەنجامەکانی ئاشکرابوون کێ دەیباتەوە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە چاوەڕوان دەکرێت لیستی گۆڕان گۆڕانکاری بنەڕەتی بکاتو ڕێرەوی بەڕێوەبردنی وڵاتو ئەو سیاسەتەی تائێستا پیادەکراوە بگۆڕێت،

لەهەمانکاتدا نانەوەی هەر جۆرە کێشەو توندوتیژییەک بە زیانی هەمووالایەک کۆتایی دێت، چونکە وەک پێشبینی دەکرێت، ئەم هەڵبژاردنە چەند لەناوخۆدا گرنگی پێدراوە، سەد ئەوەندە لایەنە دەرەکییەکان گرنگی پێ بدەنو لە دوورو نزیکەوە چاودێری بکەن، هەروەها دەکرێت بکرێتە سەرەتایەک بۆ جوانکردنەوەی ئەو ناشرینیانەی کە لە ڕوخسارو ناوەڕۆکی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا بەدیدەکرێت، ئەویش لەڕێی بەرگرتن لە کردەوە توندوتیژییەکانو ئەنجام نەدانی ساختەکاریو چاوسورکردنەوەو نانبڕینی خەڵکی، لە هەمووشی گرنگتر، قبوڵکردنی ئەنجامەکانیو پێدانی دەرفەت بەو کەسانەی کە دەتوانن وڵات بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەبەرن.

خاڵێکی گرنگی دیکەش ئەوەیە، دەرفەت نەدرێت بە بێ بەهرەو بێ هونەرەکان، لەڕێی نانەوەی کێشەو توندوتیژییەوە بێ هونەریو بێ بەهرەیی خۆیان بشارنەوەو ڕێگربن لەبەردەم ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەو هونەرن لە سیاسەتداو خەڵکی متمانەیان پێ دەکات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چونکە نانەوەی هەر جۆرە ئاشوبێک لەو هەڵبژاردنەدا بە پلەی یەکەم بە زیانی دەسەڵات کۆتایی دێت، سەرئەنجامیش سەرجەم تاکەکانی ئەم هەرێمە زەرەرمەند دەبن تێیدا.

لە ئێستادا سەردەمی وتاری حەماسیو جوڵاندنی هەستو سۆزی جەماوەر بەسەرچووە، کاتی ئەوە هاتووە ئەو لیستانەی بەنیازن بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن، مخاتەبەی عەقڵی تاکی کورد بکەن، تا بتوانن ببنە جێگای متمانەیانو بیسەلمێنن کە بەرنامەکەیان لە بەڕێوەبردنی هەرێم بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە بەرنامەی لیستەکانی دیکە باشترو شایستەترەو سوود بە ئایندەو نەوەکانی داهاتوو دەگەیەنێت، نەک لە ڕێگای نانەوەی فەوزاو توندوتیژییەوە سەر لە جەماوەر بشێوێنن، تا نەتوانن بێ بەهرەو بێ هونەرەکان لە خاوەن هونەرو بەهرەدارەکان جیابکەنەوە.

# یەکێتیو پارتی رووبەڕووی رکابەرێتییەکی قورس دەبنەوە

قاسم خدر محەمەد *




چاوەڕواندەکرێت هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رۆژی ٧/٢٥ی داهاتوو بەڕێوەبچێت، چاودێران پێیانوایە لەم هەڵبژاردنەداو بۆ یەکەمینجار باڵادەستی هێزە سەرەکییەکان کەمدەبێتەوە، بەتایبەت کە هەندێک دەنگی نوێ بەرزبووەتەوەو بانگەشەی گۆڕانو شەفافیەتی زیاتر دەکات.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا (٤٢) قەوارەی سیاسی بە لیستی جیاواز کە زۆربەیان یەکەمینجارە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، خۆیان ئامادەکردووە بۆ چوونە نێو رکابەرایەتی بەدەستهێنانی (١١١) کورسییەکەی پەرلەمانی کوردستان، کە (١١) کورسیان بەگوێرەی یاسای هەرێم بۆ کەمەنەتەوەکانی دیکە تەرخانکراون (٥ کورسی بۆ تورکمان، ٥ کورسی بۆ مەسیحییەکان، ١ کورسیش بۆ ئەرمەنییەکان)، بەمەرجێک رێژەی ئافرەتان لە پەرلەماندا ٣٠٪ کەمترنەبێت.

بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی سەربەخۆش لە عێراقدا، نزیکەی (٢) ملیۆنو نیو هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە، بەبێ ئەوەی رێگا بە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بدرێت بەشداریی لە پرۆسەی دەنگدانەکەدا بکەن (کوردەکانی کەرکوکو موسڵ).

ئەگەر لەئێستادا گوێ لە گفتوگۆی هاوڵاتییان بە گشتی بگیرێتو تەماشایەکی رووپەڕی رۆژنامەکان بکرێت، تێبینی دەکرێت کە پەرۆشییەکو گروتینێکی زۆر لەئارادایە لە چاوەڕوانی رۆژی هەڵبژاردنەکان، بەتایبەت کە هەڵبژاردنی ئەمجارەیان هەلێکە بۆ هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان کە گۆڕانکاریی لە هێزە باڵادەستەکاندا بکەنو رووبەڕووی ئەو گەندەڵییە ببنەوە کە لە هەرێمەکەدا هەیە. لەمبارەیەوە شۆفێرێکی گەنجی تاکسی پێیوابوو، حیزبە دەسەڵاتدارەکان کەوتوونەتە ژێر فشارێکی گەورەوە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی چاکسازییو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەو شۆفێرە وتی: «لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی زۆر باشداین، چونکە رکابەرێتییەکی راستەقینەی تێدا بەدیدەکرێت لەنێوان قەوارەسیاسییە جیاوازەکاندا».

لەم هەڵبژاردنەدا سەرلەنوێ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (یەکێتیو پارتی) کە خاوەنی (٧٦) کورسیی پەرلەمانن، بەیەک لیستو بەناوی (لیستی کوردستان) بەشداریی دەکەن، بەڵام ئەوەی بەرگێکی نوێ دەبەخشێتە ئەم هەڵبژاردنە، ئەوەیە کە دوو لیستی جیاوازی بەهێز رکابەرێتیان دەکەن، یەکەمیان لیستی (گۆڕان)ە بە سەرکردایەتیی (نەوشیروان مستەفا)، دووەمیشیان لیستی (خزمەتگوزاریو چاکسازی)یە کە لە چوار حیزبەکەی دیکە پێکهاتووە (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، سۆسیالیستو زەحمەتکێشانی سەربەخۆ (باڵی قادر عەزیز)).

لەمبارەیەوە زانا رۆستایی، ئەندام پەرلەمانو سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە خاوەنی شەش کورسیی پەرلەمانن، بە نیقاشی راگەیاند: لیستەکەمان (لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی)، لیستی ئەو کەسانەیە کە بەدوای چاکسازییو خزمەتی زیاتردا دەگەڕێن. لەکاتێکدا رۆستایی دانی بەوەدا نا «پارتیو یەکێتی زۆرینەی دەنگەکان دەبنەوە»، بەڵام لەوەش دڵنیابوو کە ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی کوردستان «ناتوانن ئەو ژمارە کورسییەی ئێستایان بەدەست بهێننەوە». ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە خەڵکی کوردستان «چاوەڕێی شتی نوێن».

لەلایەن خۆیەوە عەدنان عوسمانی، سەرنووسەری رۆژنامەی (رۆژنامە)، بە نیقاشی راگەیاند: ئەو کەسانەی لە ئەدای (١٧) ساڵی رابردووی یەکێتیو پارتی رازی نین، دەنگ بە لیستی (گۆڕان) دەدەن. بەوتەی ناوبراو، خەڵک لیستی گۆڕان وەک لیستی ئۆپۆزسیۆن تەماشادەکەنو ئەو لیستە «هیوایەک دەبەخشێتە کەسانێک کە لە سیاسەتی پارتیو یەکێتیان پێ باش نییە».

چاودێران پێیانوایە، لیستەکەی (نەوشیروان) تەنیا کاریگەریی لەسەر ژمارەی دەنگەکانی پارتیو یەکێتی نابێت، بەڵکو کاریگەریی لەسەر ژمارەی لیستی چوار حیزبەکەش دەبێت (لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی). ئەگەر لیستەکەی (نەوشیروان) نەبوایە، ئەگەری ئەوە هەبوو ئەو حیزبانەی لەگەڵ دوو پارتە سەرەکییەکە نین، دەنگ بدەنە حیزبە ئیسلامییەکان، بەڵام ئێستاو لەگەڵ هاتنە ئارای لیستی گۆڕان، هەڵبژاردنی زیاتریان لەبەردەمدایە، سەرنووسەری رۆژنامەی (رۆژنامە)ش هەمان بۆچوونی هەبوو.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەم هەڵبژاردنەشدا، قسەکردن لەسەر دروستبوونی کێشەو تەزویرو فرتوفێڵ زیادیکردووە، بەتایبەت کە یەکێتیو پارتی کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانیان کردووە بە هێزە ئەمنییو سەربازییەکانیشەوە، لەمبارەیەوە عەدنان عوسمان روونیدەکاتەوە کە ترسیان لە خروقاتی هەڵبژاردن هەیە.

لە بەرامبەردا بەرپرسی سەنتەری هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ قەوارە سیاسییەکان (قادر نەجمەدین قادر)، رای جیاوازی هەیەو پێیوایە، بەهیچ شێوەیەک فرتوفێڵ لە هەڵبژاردندا روونادات، ناوبراو بە نیقاشی راگەیاند، هەڵبژاردنەکە لەژێر چاودێریی کۆمەڵێک چاودێری نێوخۆو بیانی بەڕێوەدەچێت، لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) داوای لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کردووە، کە چاودێرانی بیانی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە رەوشی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە، بانگهێشت بکەن.

قادر دەڵێت یەکێتیو پارتی «رێگاخۆشکەری دیموکراسی بوونە لە هەرێم»، بۆ ئەمەش ئاماژە بەوەدەکات کە لە ساڵی ١٩٩٢دا، تەنیا (٧) قەوارەی سیاسیی بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا، (١٣) قەوارە، بەڵام ئێستا (٤٢) قەوارەی سیاسیی بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکەن، قادر ئەوە وەک بەڵگەیەکی پەرەسەندنی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا ناودەبات.

لەکۆتایی قسەکانیشیدا شۆفێری تاکسییەکە بڕوای وابوو، کە پاش تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، ئاستی خزمەتگوزاریی لە کوردستاندا باشتر دەبێت، چونکە ئەو لیستەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، هەوڵدەدات زۆترین کاربکات، تا چوار ساڵی دیکە دووبارە دەنگەکان بەدەست بهێنێتەوە.

* خزمەتگوزاری سایتی نیقاش

# تامیلیەکان داوای جێبەجێکردنی عەدالەت دەکەن

جەمال ئیختیار

لەگەڵ ئەوەدا کە حکومەتی سریلانکا رۆژی دووشەممەی رابردوو بە رەسمیی سەرکەوتنی خۆی لەشەڕ لەگەڵ پڵنگەکانی تامیل راگەیاند، کوشتنی سەرکردەی پڵنگەکان (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران)ی بڵاوکردەوە، سەرچاوەکانی نزیک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی تامیل، بەرکەوتنی سەرکردەی باڵای ئەو بزووتنەوەیە رەتدەکەنەوە، ئاژانسەکانیش هەریەکەو بەجۆرێک باس لەو هەواڵە دەکەن، تائێستاش بەرکەوتن یان زیندووبوونی پرابهاکاران روون نییە، ئەگەرچی حکومەتی سریلانکا وتوویەتی کە بە رەسمی کوشتنی ئەو رادەگەیەنێت.

رۆژنامەی لوس ئەنجلوس تایمز نووسیویەتی: حکومەتی سریلانکا بە یارمەتی چینو ئیسرائیلو هیندستان ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێناوە، بەردەوام هەوڵیداوە کە رەخنەکانی خۆرئاوا هێوربکاتەوە تا کاتێک ئیشەکەی خۆی تەواودەکات، بەڵام مەسەلەکە تەنیا سەرکەوتن لە شەڕەکەدا نییە، راگرتنی ئاشتی لەو ناوچانە سەرەکیترین بەشی ئەو ئەرکەیە.

سریلانکا وڵاتێکی (٢٠) ملیۆن کەسییە کە نزیک بە ١٤٪ی دانیشتووانی لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە لە نەتەوەی تامیلن، چەند دەیەیە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەگەڵ دەوڵەتی سریلانکا لە شەڕدان. بزووتنەوەی رزگاریخوازی تامیلەکان لەلایەن پڵنگەکانی ئازادیی تامیل سەرکردایەتیی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان خۆیان بە خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەیی دەزانن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە توندوتیژیی بەکاردەهێنن، لەلایەن (٣٢) وڵاتەوە بە تیرۆریست ناسراون.

ژمارەی تامیلەکان دەگاتە نزیک (٧٧) ملیۆن کەس کە بەشی زۆرییو نزیک بە (٦١) ملیۆن کەسیان لە هیندستان دەژین، ژمارەیان لە سریلانکا زیاتر لە (٣) ملیۆن کەسە.

پڵنگەکانی رزگاریخوازی تامیل لە ١٩٧٦دا دامەزراوەو لەنزیک بە سێ دەیە لە شەڕی نێوان ئەوانو حکومەتی سریلانکادا زیاتر لە (٧٠٠٠٠) کەس بوونە قوربانیی.




باڵی سیاسیی پڵنگەکانی تامیل، هێرشی سوپای سریلانکا بۆ سەر ئەندامانی سەرکردایەتیی گروپەکەیان کە لە دوورگەیەکدا گەمارۆ درابوون، بە هەوڵێکی کۆمەڵکوژییو تاوانی شەڕ دەزانن، لەگەڵ ئەوەدا کە لە سایتێکی نزیک بە خۆیان بەناوی تامیل نێت، نەتەوەی تامیل لە زیندووبوونی (ڤێلوپیلەی پرابهاکاران) دڵنیاکردووەتەوە، داوای لە یەکێتی ئەورووپاو کۆمەڵی نێودەوڵەتی کردووە کە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژیی سەرکردە سیاسییەکانیانو خەڵکی مەدەنی کە لەلایەن سوپای سریلانکاوە کوژراون، بێئەوەی لە شەڕدا بەشداربووبن، بکات.

پاسمانا سان، بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پڵنگەکانی تامیل، بە تامیل نێتی راگەیاندووە، سەرکردەکەیان درێژە بە شەڕ دەدات بۆ پاراستنی «سەروەرییو مافی نەتەوەکەی».

ئاژانسەکان هەواڵی هاودژ لەسەر کوژرانی پرابهاکاران بڵاودەکەنەوە، راگەیاندنی ئەمڕۆی حکومەتی سریلانکا لەگەڵ ئەوەی دوێنێ پێچەوانەیەو رۆژنامەی تایمزی لەندەن دەنووسێت، کە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی سریلانکا وێنەیەکی کە وتوویانە وێنەی تەرمی پرابهاکارانە، پیشانداوە، لەکاتێکدا کە پێشتر حکومەتی ئەو وڵاتە رایگەیاندبوو کە تەرمەکەی لە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتندا بە سەختیی سووتاوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەرکەوتن یان مانەوەی پرابهاکاران لە تارماییدایە، چاودێران پێیانوایە کە مردن یان مانەوەی ئەو رۆڵێکی گەورەی هەیە لە بەردەوامی یان وەستانی شەڕی ناوخۆ لە سریلانکا.

# دەنگدەرانی کوردستان... کاتی ئەوە هاتووە ویژدانمان دادوەر بێت

**سەرکەوت شەریف**

لە مێژووی حوکمڕانیی خودموختاری کورددا لە باشووری کوردستان، تائێستا دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تێدا ئەنجامدراوە، هەڵبژاردنی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجامەکەی ئەوەبوو پاش ئەوەی هیچکام لە دوو حیزبەکە، یەکێتیو پارتی دۆڕانیان قبوڵ نەکردو هیچکامیشیان دانیان نەنا بە بردنەوەی ئەوی دیکەیاندا، سەرئەنجام کورسییەکانی پەرلەمانیان پەنجا بەپەنجا وەکو دوو بازرگانی شەریک دابەشکرد لەنێوان خۆیاندا، وەکو ئەوەی کە پێشتر ئالووێرێکی گەورەی بازرگانیان کردبێتو کاتێک بۆ قازانجەکەی کۆبوونەوە، هەریەکەیان خۆی لەوی دیکە بە پێشتر دەزانی بۆئەوەی پشکی زیاتری بەرکەوێتو سەروکاری کارەکە بگرێتە دەست، ئەمەش ئەستەم بوو، چونکە هەردوولایەن خۆیان بە موستەحەق دەزانیو ئامادەنەبوون تەنازول بۆ یەکتری بکەنو یەکێکیان ببێتە سەرۆکو ئەوی دیکەشیان جێگر، بۆیە ئەو دابەشکردنە نیوە بەنیوە ناچاریەیان کردە ڕێککەوتنێک، بۆئەوەی درێژە بە شەراکەتەکە بدەنو هەردوولایەن بە بەرپرسی یەکەم بمێننەوەو دڵی یەکتر نەڕەنجێننو قازانجەکە وەکو یەک بخۆن. لەژێر فشارو ناچاریدا لەلایەکو تازە دەستگەیشتن بە دەسەڵات لەلایەکی دیکەوە، ماوەیەک توانیان پێکەوە حوکمڕانێکی هاوبەش بکەن، بەڵام شەراکەتەکە زۆری نەخایاندو کەوتنە گومانکردن لەیەکتریو شەڕیان هەڵگیرساند، ئەو شەڕە نەگریسەی کە پریشکی ئاگرەکەی هەموو ماڵێکی ئەم وڵاتەی بەشێوەیەک لەشێوەکان بەرکەوت، چ بە زیانی گیانی بێت یاخود زیانی مادیو مەعنەوی، ئەو شەڕەی یەکێتیو پارتی بەرپایانکرد دواتر بەشێک لە حیزبەکانی دیکەی تێوەگلا، چ شەڕی پارتیو جیهادییە ئیسلامییەکانو چ شەڕی یەکێتیو بزووتنەوەی ئیسلامیو جوندو ئەنسارولئیسلام، چ شەڕی یەکێتیو پارتی لەگەڵ پەکەکە، هێنانی لەشکری وڵاتانی دراوسێی دوژمن بۆ لێدانی یەکتریو تۆمەتبارکردنی یەکدی بە خیانەتکارو خۆفرۆش و.. تاد.

کاتێک ڕژێمی سەدام ڕووخاو بارودۆخێکی تازە هاتەکایەوەو عێراقو کوردستان وەکو دەروازەیەک بەڕووی وڵاتانی دنیادا کرایەوە، چیتر پاساو بەدەست یەکێتیو پارتییەوە نەما بۆ درێژەدان بەو دوو ئیدارەییەی کە شەڕی ناوخۆ دروستی کردبوو، یەکێتیو پارتی شەڕی ناوخۆیان ئەوەندە بەقورسی دژی یەکتری کردبوو، هەرکاتێک داوای یەکگرتنەوەیان لێبکرایە، پاساوێکی نالۆژیکیان دەهێنایەوەو خۆیان بەبێ تاوان ئەژمار دەکرد لەو بارودۆخو دوو ئیدارەییەی کە دروستبووە، خوا هەڵناگرێت ئەگەر بڕیارە بوێرانەکەی (جۆرج بوش)ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا نەبوایە بۆ ڕووخانی حکومەتەکەی سەدام حسێن، زۆر ئەستەمبوو یەکگرتنەوەی حکومەتی یەکێتیو پارتیو هەڵبژاردنمان بەچاو ببینایە، بەڵام کە ئەمری واقیع هات، ناچاریی بیکەیت، لەوانەیە بەخواستی خۆشت نەبێت.

ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٥دا کەشتیی هەڵبژاردنی عێراق بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی دیموکراسی کەوتەڕێو سەرکردایەتیی کوردیش لەبەرئەوەی دەستێکی باڵایان هەبوو لە دروستکردنەوەی عێراقی عروبەی وێراندا، کەشتییەکە ئێمەی کوردیشی هەڵگرتو بۆ دووەمجار بەرەوکەناری هەڵبژاردنی پەرلەمانی بردین، بەڵام جارێکی دیکەش یەکێتیو پارتی بە دروشمی سواوی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەییو نیشتمانیو مەترسی لەسەر ئەزموونی کوردستانو زۆر قسەی بێبایەخی دیکەش، لیستی هاوبەشیان دروستکردەوەو ژمارەیەکی زۆری حیزبەکانی دیکەشیان تێئاخنیو بارودۆخێکی ئەوەندە ناسکو مەترسیان نیشانی ئێمەی میللەتیش دا، ناچاریانکردین دەنگیان پێبدەین.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەک حاڵەتێکی ئیستسنائیو دەگمەن، خۆی نەخستە ناو هەگبەی لیستی هاوپەیمانییەوەو ویستی سەنگو قورسایی خۆی بزانێت چەندە، بۆیە بە لیستێکی جیا دابەزی، بەڵام چۆن دابەزینێک، ئەوەی نەکرا پێیانکرا لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە، تۆمەت نەما نەیخەنە پاڵی، سەرەڕای ئەو تۆمەتەناش، ژمارەیەک لە ئەندامو لێپرسراویان لە دهۆک لێکوشتنو بارەگاکەشیان سووتێنرا، یەکێتیو پارتی بەوەشەوە نەوەستانو کەوتنە دەنگ کڕینو پارە بەخشینەوە بەس بۆئەوەی یەکگرتوو دەنگ نەهێنێت، بەڵام دەنگێکی باشیشی هێنا، ئەگەر پارە پەخشینو چاوسوورکردنەوە نەبوایە، ڕەنگە دەنگی زیاتریشی بهێنابایە. ئەو سیناریۆیانەی دەرحەق بە یەکگرتوو کردیان، تارمایی بۆ سەر لیستە سەربەخۆکانی ئەم هەڵبژاردنەش دەرکەوتووە.

ئێستا لە سەروبەندی هەڵبژاردن نزیک بووینەتەوە، هیچ پاساوێکی شەرعی نییە تا بکرێتە بەهانەو نەکرێت. هەڵبژاردنی ئەمجارە شتێکی حەتمییەو هەردەبێت بکرێت، چونکە عەرەبی عێراق لە عێراقی تازە دامەزراودا، دووەم ئەزموونی هەڵبژاردنیان بە سەرکەوتوویی و کەمترین کێشە تاقیکردەوەو ژمارەیەکی بەرچاویش لیستی سەربەخۆ چانسی خۆیان تاقیکردەوە، هەندێکیان سەرکەوتنیان بەدەستهێناو ئەوانەش کە سەرکەوتوونەبوون، ئەنجامەکەیان پەسەندکردو تەشەنوجی وای لێنەکەوتووە.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی فرەلیستیو نارەزایی زۆری خەڵکی لە دەسەڵاتی گەندەڵو نادادپەروەریی یەکێتیو پارتی، ئومێدی زۆری چینی ڕۆشنبیرانو خوێندەوارانو کرێکانو جوتیارانو ژنانو تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، ئومێدێکیشە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە چەقبەستوو و ناعەدالەتەی کە چەندین ساڵە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە، ئەو کوردستانەی تێیدا فایلدارو مستەشارو جاشو ئەنفالچی بوونەتە حاکمو تێکوشەری دێرینو خاوەن مووچەی زۆرو تێکوشەری دێرینیش، بوونەتە سواڵکەرو هەر ڕۆژەی لە دەرگای شوێنێک دەدەن بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانیان، ئەو کوردستانەی کەس نازانێت داهاتی چەندە، کەسێکیش نییە بەو هەموو ملیۆنەرانەی لەپڕێکدا بوونە خاوەنی هەموو شتێک، بڵێت: (من أين لك هذا)؟.

ترسی ئەمجارەی یەکێتیو پارتی ترس نییە لە دوژمنێکی وەهمیی کە بەردەوام بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستانو ناسکی بارودۆخەکە دروستیان دەکرد، بەڵکو ترسی ئەمجارەیان ترسێکی جدییە، ترسە لەو شەپۆلە نارەزاییەی ڕۆژانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەیبیژن، ترسە لە لیستەکەی (نەوشیروان مستەفا)، ترسە لە لیستی (چوار حیزبەکە) ئەگەر بهێڵن سەربگرێت، ترسە لە لیستەکەی (د. عەبدولمسەوەر بارزانی)، ترسە لە لیستەکانی دیکە، ترسە لەوەی جارێکی دیکە ڕێژەی ڕەهای دەنگەکان بەدەست نەهێننەوە بۆئەوەی برابەش داهاتی کوردستانو بودجەکەی بەشبکەنو کەسیش نەبێت ئاگاداری بچووکترین خاڵی بێت، ترسە لەوەی ئەو دەسەڵاتەی جارانیان نەمێنێتو بەندەکانی ڕێککەوتنە نەوتییەکان ئاشکرابن، ترسە لەوەی جارێکی دیکە نەتوانن ڕێژەیەکی بەرچاو ئەندامی خەواڵوو ناکارای پەرلەمانتار ببەنەوە پەرلەمانو بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبیان بەسەردا بسەپێنن، ترسە لە پەرلەمانێک کە زۆرینەی لەخۆیان نەبێتو نوێنەرایەتیی زۆربەی گەل بکات، بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی ڕەفز بکەنو لێپێچینەوە لەگەڵ کاربەدەستی دزو گەندەڵدا بکەنو بانگیان بکەنە پەرلەمان.

بەکورتی ترسە لە لەدەستدانی ئەو نازو نیعمەتەی بە درێژایی چەند ساڵێکە لە سایەی بێدەنگبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دەیخۆن، بۆیە هەر لە ئێستاوە هەردوو حیزب کەوتوونەتە هەڕەشەو گوڕەشە دژی ئەوانەی بە لیستی سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەمیان لێرە بە ڕکابەرە سەرسەختەکەی دەڵێت: (مێروولە واچاکە نەڕوات بەگژ قوللەی قافدا)، ئەوی دیکەشیان لەولا بە ئامۆزاکەی خۆی دەڵێت: (لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمدا هیچ زەمانەتێکت ناکەم هەرچی ڕوویدا)، وەک ئەوەی هەموو کەس لە مەملەکەتەکەی ئەودا دەسەڵاتی هەیە بۆ لەناوبردنی نەیارەکەی، لەلایەکی دیکەشەوە هەردوو حیزب کەوتوونەتە دەستخستنە ناو هاوپەیمانێتی لایەنەکانی دیکەوەو بە هەموو شێوەیەک ئامانجیان ئەوەیە هاوپەیمانێتییەکان سەرنەگرێت، وەکو ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسدەکرێت، بایەخدانی هەردوو حیزبو ڕاگەیاندنەکانیان بە باڵی جیابووەوەی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشان، ئەو گومانە تۆختر دەکاتەوە.


دەنگدەرانی کوردستان...

هەڕەشەو گوڕەشە وەکو جارەکانی پێشوو قۆناغی یەکەمی حەملەی هەڵبژاردنی هەردوو حیزبە، بۆیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکاندا، پارە بەخشینو ئۆتۆمبیلو زەویو دەمانچە بەخشین دەستپێدەکات. لێرەدا مرۆڤی خاوەن ویژدانو زیندوو تاقی دەبێتەوە، کە ئایا لەپێناوی ئیمتیازێکی بچووکدا دەنگی خۆی دەفرۆشێت، کە چارەنوسی میللەتو بارودۆخێکی هەستیاری پێوە پەیوەستە، هیچ کەس دەنگەکەی خۆی بەکەم نەزانێت، چونکە هەزار لە یەکەوە دەستپێدەکات، بێگومان دەنگەکانیش هەر لە یەکەوە دەستپێدەکەن، بۆیە ئەمجارە ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەییو ئەخلاقیشە کە ویژدانمان ئاسودەبکەینو ئیمتیاز لە هەر شوێنێکەوە بەخشرا پێمان، ڕەفزی بکەینو دەنگمان بدەین بە لیستێک بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت ئەم نادادپەروەرییو گەندەڵیو مشەخۆرییە، کەمبکرێتەوەو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو شەفافیەتو ئازادیو دیموکراسیی زیاتر بچەسپێتو پێشمەرگەی دێرینو جاشو مستەشارو فایلدار، هەریەکەو مافی خۆی پێبدرێت، بێگومان بەشی زۆری ئەمانەش لە ڕێگای پەرلەمانێکی چوستو چالاکەوە دێتەدی. جا بۆئەوەی پەرلەمانێکی چوستو چالاکمان هەبێتو ئەوانەمان بۆ بێتەدی، پێویستی بە دەنگی تۆی دەنگدەرە، چونکە پەرلەمانێکی ئەکتیڤ نوێنەری ڕاستەقینەی گەلە، ویژدانی پاک نیشانەی زیندوویتی هەموو مرۆڤێکەو بە هیچ بەهایەک ناتوانرێت بخەملێنرێت، جا بۆئەوەی ویژدانمان هەمیشە بە زیندوویتی بمێنێتەوەو کەسێکی خاوەن باوەڕو بڕیاربین، دەنگمان کە چارەنوسمانە نەفرۆشینو نوێنەری ڕاستەقینەی خۆمانی لە پەرلەمانی کوردستان پێ دیاریبکەین، ئازادیو بڕیاری گشتیش بێگومان لە ئازادیی تاکو بڕیاری سەربەخۆییانەی تاکەوە دەستپێدەکات.

> **فایلدارو مستەشارو جاشو ئەنفالچی بوونەتە حاکمو تێکوشەری دێرینو خاوەن مووچەی زۆرو تێکوشەری دێرینیش، بوونەتە سواڵکەرو هەر ڕۆژەی لە دەرگای شوێنێک دەدەن بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانیان، ئەو کوردستانەی کەس نازانێت داهاتی چەندە، کەسێکیش نییە بەو هەموو ملیۆنەرانەی لەپڕێکدا بوونە خاوەنی هەموو شتێک، بڵێت: (من أين لك هذا)؟**

# حکومەتو ئاوەدانکردنەوە! بەراوردێکی ناتەواو!

**عەلی فەتاح مەجید**



**ئیعترافی قەڵەمی سەرکردەیەک**

**«جاران قەڵەمی ڕاپۆرت بووم، ئێستا قەڵەمی پڕ گاڵم، نوکتەیەک دەکەم بە وڵات، بازنەیەک دەکەم بە ماڵم»**

(میدیا حسێن)

لە درێژەی ئەو هەڵمەتە بەربڵاوەی کە پێش دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن زۆرێک لە میدیاکانی دەسەڵات دەستیان پێکردووە، سەرەڕای شاڵاوی نووسینی چەند قەڵەمێکی شپرزە کە بێئەوەی سڵبکەنەوە لەوەی کە ڕۆژێک دێت ڕاستییەکان ئاشکراتر ڕووندەبنەوە لەوەی کە ئێستا هەیە، لە دادگای مێژوودا ئەو قەڵەم بەدەستانە ئاشکران کە بە ڕووسووریی دەردەچن، لەهەمانکاتیشدا ئەو قەڵەمانەش بەدەر دەکەون کە بەر نەفرەتی هەمان دادگا دەکەون، سەرەڕای جوڵاندنی پرۆژەکانی هەڵبژاردن وەک دابینکردنی (نەوتی هەڵبژاردن لە هاویندا، کارەباو ئاوی هەڵبژاردن)، دواخستنی کردنەوەی هەندێک پرۆژە وەک (تونێلی ئەزمەڕ، یاریگای سلێمانی، کە زۆر لە وادەی یاسایی خۆیان دواکەوتوون... هتد)، بە ئاراستەی خۆڵکردنە چاوی خەڵکو شێواندنی ڕاستییەکانو بەکارهێنانیان وەک پڕوپاگەندە لەکاتی هەڵبژاردندا، لەکاتێکدا کە نادادپەروەرییەکان هێندە زۆرن، ئەستەمە کەس بتوانێت بەردەوام قسەی تازەی بۆ جوانکردنیان پێبێتو میکیاجی دەسەڵاتی پێبکاتو بەردەوامیش بێت، زۆرینەی جارەکانیش لە خودی بەرپرسانی ناو دەسەڵاتەوە ئەو جوانکارییە (تجميل) دەبینین کە قسەی زۆرینەیان هەمان ئەو مەسجە کۆنەیە کە دەڵێن (جاران زانکۆیەکمان هەبوو، ئێستا سیانزە زانکۆمان هەیە، جاران ژمارەی باخچەکان کەم بوون، ئێستا بە دەیان باخچەو شاری یاریمان هەیە، جاران چەند خوێندنگاو نەخۆشخانەمان هەبوو، ئێستا چەندین ئەوەندەمان هەیە)، بەڕاستی ئەگەر ئەمانە لە کارەکانی حکومەت دەرکەین، ئەوکاتە دەسەڵات لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە، ئێمە ئەمانەش دەزانین بۆیە پێویست ناکات ئەوانەمان پێبڵێنو بیدەنەوە بەچاوی خەڵکدا کە خۆمان دەیزانین، ئێمە دەمانەوێت بزانین ئەمانە چۆن کرانو چەندیان بودجە بۆ تەرخانکراوەو کێ جێبەجێیکردوونو تەندەرەکانی بە چ شێوەیەک خراونەتە زیادکردنی ئاشکراوەو تائێستا لەسەر کەمتەرخەمیو دواخستنیان چەند کەس لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوەو کۆمپانیاکانی جێبەجێکردنیان کۆمپانیای خۆماڵیوسەربەخۆن یان کۆمپانیاکانی حیزبن؟ دەشزانین زانکۆکان بەگشتیو زانکۆی سلێمانی بەتایبەتی چۆن دامەزراپەوەو چەندی هەوڵی دەسەڵاتو چەندیشی بە دەخیلەی منداڵانی سلێمانیو هاوکاری دڵسۆزان کراوە، لە درێژەی هەڵمەتەکەدا وێنەی ئەو شارۆچکانەمان پیشاندەدەن کە چەند بینایەک یان شەقامێکیان قیرتاو کراوەو بەراوردی دەکەن لەگەڵ هەمان ئەو شوێنەدا لەپاش ڕاپەڕین، بەڵام پێمان ناڵێن لە دەوروبەری هەمان شارۆچکە چەند گوند چۆڵ کراوەو هۆکاری چۆڵکردنەکەی چییە؟ پێمان ناڵێن، بەڵام خۆمان دەزانین کە ئێوەش لەپاش ڕاپەڕین چیتان هەبوو، ئێستاش چیتان هەیە؟ دەزانین ئەوکاتە بە چ جۆرە ئۆتۆمبێلێک گەڕانەوەو ئێستاش چەند مۆنیکاو ئۆتۆمبێلی درعتان هەیە؟ دەزانین کە پاش ڕاپەڕین گەڕانەوە چەندتان پارەو پول هەبوو، ئێستاش چەندتان هەیە؟ باخچەو ڤێلاکانی ئێستاو ئەوساشتان دەزانین، گوزەرانی ئەوساو ئێستای ماڵو کۆرپەکانیشتان دەزانین، دەزانین ئێستا ئێوەش وەک ئێمە خواردنی بایعیو دەرمان لە هەمان ئەو نەخۆشخانانە وەردەگرن کە ئێمە دەچین! دەزانین ئێستاش جلە خاکییەکانی جارانتان لەبەردایەو سادەییو گیانە نەتەوەییەکەی جارانتان تێدا ماوە! دەزانین ئێستاش بەوەفان بەرامبەر بە هاوڕێکانی سەردەمی شاختانو ڕێزیان دەگرن بەتەواوی جیاوازی بیرو ڕاتانەوە! دەزانین پاداشتی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوو کیمیا بارانکراوەکانی هەڵەبجەتان بەزیادەوە داوەتەوەو ئێستا هیچیان هەست ناکەن کە خوێنی شەهیدەکانیان بەفیڕۆ چووە، دەزانین کە فرمێسکی چاوی دایکانی شەهید وشکبووەتەوەو ئێستا لە بەری ڕەنجو قوربانیدانی ڕۆڵەکانیاندا دەحەوێنەوە! دیارە پرۆگرامی (حکومەتو ئاوەدانکردنەوە) دەبوو لە بەراوردەکەدا ئەم ڕاستیانەی دیکەشی ئاماژە پێبدایە، تا جیاوازی بەراوردەکە کامڵتر بوایە، ئەو بروسکە شیعرەی سەرەوە کە لە نووسینی (میدیاحسێن)ە پڕاوپڕ گونجاوە بۆ مانشێتی بابەتەکەو پڕیەتی لە ڕاستی، هەربۆیە وەک ئاماژەیەکی گرنگ لەم وتارەدا بەکارمهێناوە، لە کۆی بابەتەکەشدا بەراوردی ئاستی گوزەرانی بەرپرسانو خەڵکی ئاسایی کوردستان، لە بنەڕەتدا ناڕاستەو جیاوازییەکانی هێندە زۆرن بۆی هەیە سنوری خەیاڵیش تێپەڕێنێت.

alialifatah@yahoo.com

# هەرێمێکی شەکەت لە چاوەڕوانی دیموکراسیدا!

ڕەند محەمەد خەلیفە

ماوەی (١٨) ساڵە کورد بەشێوەیەکی خۆبەخۆ حوکمڕانیی خۆی دەکات، لەوکاتەوە تائێستا دەسەڵاتی خۆی بە دیموکراسی لەقەڵەمداوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ئەوە ڕاستبووە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان ئەو دیموکراسییە بووە کە ئێمە بیستومانەو بینومانە لە دونیادا؟ ئـەوەی کەمێک شارەزای فیکری سیاسی بێت، دەزانێت دیموکراسی زاراوەیـەکـی یۆنانییەو بە مانای حکومەتی خەڵک دێت، واتە خەڵک حوکمڕانیی خـۆی دەکـاتو خەڵک بەشێکە لە بڕیارەکانی حکومەت. ئەگەرچی لە سەرەتای سەرهەڵدانی دیموکراسی لە یۆنانی کۆنو لەساڵی (٥٠٨ پ.ز) ئەم سیستمە تەنیا بە ناو بـوو، چەند کەسانێکی دەوڵەمەندو خاوەن پۆست حوکمڕانیان کردووەو هەموو شتێک لەدەست خۆیاندا بوو، ٩٧٪ی خەڵکەکە کۆیلەو هەژار بوون، بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەم سیستمە گۆڕانی بەسەرداهاتو ئەو دیموکراسییەی لێ بەرهەمهات، کە ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا تاکو کۆی لێ سوودمەندەو یەکسانن لەژێر سێبەریدا.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆی بە دیموکراسی لەقەڵەمدەدات، لەکوێی پرەنسیپی دیموکراسیی ڕاستەقینەدایە؟ کـاروچـالاکـیـیـەکـانـی ڕۆژانــەی دیموکراسییە؟ یان بەپێچەوانەوەیە تەنیا دیموکراسیمان وەک زاراوە وەرگرتووە بەواتای یۆنانی کۆن؟

لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە بەخێرایی سەیری واقیعی کوردستان بکەین، تێدەگەین کە وەڵامی ڕاست بۆچوونی دووەمە، چونکەسەرباری بوونی واستەو مەحسوبیەت لە کارو ئەدای حکومەتدا، کە هەمووی دژی دیموکراسین، هاوکات زۆرینەی حیزبە سیاسییەکانیش کە خۆیان بە دیموکراسی لەقەڵەمدەدەن، ئایا بە هەمانشێوە لە ئەدای کاریاندا دیموکراسین؟ ئەگەر ئەمە ڕاست نییە، ئەی بۆچی ڕۆژانـە بە هەزاران خەڵک نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەم ئەزموونە دەردەبڕن؟

یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیی ڕاستەقینە، یەکسانیو دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەو هەموو کەس بەیەک ئاست سەیربکرێتو حسابی بۆ بکرێت، بەڵام کاتێک کە خەڵکانێک خاوەنی پۆستە حکومییەکانو پۆستە حیزبییەکانش بـوون لەیەک کـاتـدا، ئەوکاتە ئـەو دیموکراسییە دەچێتە قاڵبێکەوە کە ڕەنگە لەمانا سەرەتاییەکانیدا بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئەزموونەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەســـەڵات تەنیا لـەدەســت چینی دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکاندا بوو. ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستانی عێراق دەتوانین بـەراوردی بکەین بە (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوپێشی یۆنانی کۆن، کە پێموایە یونانی کۆن لەم ئەزموونە باشتربووە، چونکە لەم ئەزموونەی ئێمەدا دەسـەڵاتـداران بە دەسـەڵاتو پۆستەکانیان دەوڵەمەند بوون، لە کۆندا بوارێک بۆ چینی خوارەوە هەبوو کە مومارەسەی جۆرێک لە دەسەڵاتەکانیان بکەن، بەڵام لە ئەزموونی خۆماندا کە خۆمان بە دەسەڵاتێکی دیموکراسی لـە خـۆرهـەڵاتـدا لـەقـەڵـەمـدەدەیـن، تائێستا نەمانتوانیوە کار بە بەشێک لە بنەماکانی دیموکراسی بکەین وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی کە ئێمە دیموکراسیمان بۆ خواستی خۆمان پێناسەکردووە، بۆیە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوەبکەین کە باوەڕناکەم خودی سەرکردە سیاسییەکانیشمان تائێستا لە جیهانی ڕاستەقینەی دیموکراسی تێگەیشتبن. سەرکردەی ڕاستەقینە ئەو سەرکردەیەیە کە خزمەتی خەڵک بکات، نـەوەک چاوەڕێی خزمەت لە خەڵک بێتو چاوەڕێی مەراییو پیاهەڵدانی خەڵک بێت، سەرانی کورد تائێستا لەو ڕاستییە نەگەیشتوونو تائێستا ئەوەیان بۆ خەڵک نەسەلماندووەو لەماوەی (١٨) ساڵدا نەیانتوانیوە ئەوەی خەڵک چاوەڕێیەتی بهێننەدی. گەنجانێکی زۆر سەری خۆیان هەڵگرت بەهۆی نالەباریی ژیان، کەسانێکی زۆریش لە دنیا دواکەوتن بەهۆی کەموکوڕییەکانی ژیانەوە کە دابینکردنی ئەرکی حکومەتو حیزبە سیاسییەکانە بە پلەی یەکەم.

ئـەوەی جێی باسە کاتێک باسی دیـمـوکـراسـی دەکـرێـت بـە مانا ڕاستەقینەکەی، دەبێت خەڵکی خۆی مـافـو حوکمڕانیی خـۆی دیـاری بکات، نـەوەک چەند کەسانێک بێن خۆیان چۆنیان پێخۆشە بۆ خزمەتو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان کاربکەن، لـێـرەدا جـیـاوازیـی هـەیـە لەنێوان دیموکراسی بەمانا جیهانییەکەی لەگەڵ دیموکراسییە لاوازەکەی خۆمان!

ئـەم ئـەزمـوونـەی کـوردسـتـان بـە دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە چـارەســەر دەکـرێــت، کەمترین شـت کـە دەســەڵاتـدارانـی ئێستای هەرێم دەتوانن بیکەن، ڕەخساندنی زەمینەیەکی دیموکراسیانەی لەبارە لەکاتی دەنگدانو دەستوەرنەدان لە سندوقەکانی دەنگدان. دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم بۆ ماوەی (١٨) ساڵە لە دەسەڵاتدانو چانسی خۆیان وەرگرت بۆ حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، ئیشوکارەکانیشیان دیارە کە تا چەند کۆمەڵانی خەڵک لێی سوودمەند بوون، ئیتر بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە چانس بدرێتە لیستی دیکەو قەوارەی دیکەو نەوەی نوێ، بزانین ئەمان چی دەکەن، ئەگەر حاڵی هەرێم هەروەک ڕابردوو مایەوە، ئەوکات دەکرێت قسەیەکی دیکە لە مانای گۆڕانو نوێبوونەوە بکەین، لەم سۆنگەیەوە جێگای خۆیەتی خەڵکی کوردستان ئەم ئەزموونە نوێیەش تاقیبکاتەوە، چونکە لە حەقیقەتدا ئەم بـارودۆخـە بەمشێوەیەو مانەوەی لەم بازنەیەدا، جگە لە بێبەشبوونی خێروبێری ئەم هەرێمە، دواجار ڕەنگە ئـەو دیموکراسییەی (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەریشمان پێنەبڕێت کە ئێستا لە ناوچەکەدا پێوەی دەنازین.

# خەڵکی کوردستان لە دەسەڵات بێزارن، بەڵام خوازیاری مۆدێلی خۆرئاوا نین!



عەلی مەولود *

لە ژمـارە (٤٥٨)ی پاشکۆی (پرد)ی ڕۆژنامە، بابەتێکی پرۆفیسۆر (جێری وێینبەرگر) بەناوی (خەڵکی کوردستان بێزارن لە دەسەڵات) بڵاوبووەتەوە کە دانا نەوزەر (حەتمەن لەبەر گرنگی) کردوویەتی بەکوردی، منیش لەبەر ترسناکی پەیامەکەی هەندێک لایەنی ڕۆشندەکەمەوە.

سەرەتا پرۆفیسۆر جێری بۆ ڕابواردنو گاڵتەکردن بە کوردستان دەنووسێت ( لەو کاتەوەی لەدایکبووم هەستێکی بۆنکردنی بەهێزم هەبووە، ئەمەش لە ریستۆرانتە ڕاقیەکاندا شتێکی باشە، بەڵام نەک لە شاری سلێمانی کە دەکەوێتە کوردستانی عێراقەوە، لە یەکەم چوونە ژوورەوەمدا بۆ نێو ئاپارتمانەکەم دەمو زمانو لوتم بە بۆنی نەوت کاس بوون، بەڵام نەمزانی هۆکەی چییە، چونکە لەو دەوروبـەرەدا هیچ پرۆژەیەکی دەرهێنانی نەوتی تێدا نەبوو، دواتر بۆم دەرکـەوت کە هەموو ماڵو ئوتێلو کۆمپانیایەک سووتەمەنی بەکاردەهێنێت)، لێرەوە دێتەسەر باسی کەمیی ئاوو کارەباو خزمەتگوزارییەکانو بێخەمی دەسەڵات لە چارەسەرکردنیاندا. بەڵام بەبێ ئـەوەی لە هۆکارەکانی ئەم بـارودۆخـە وردبـێـتـەوەو بپرسێت (لە سەدەی ٢١داو لە وڵاتێکی خاوەن نەوتو ئاوی وەک عێراقو کوردستان، کە ئەگەر بەدەست کەسانی دڵسۆزو خۆنەویستەوە بێت، توانای هەیە کارەباو ئاو بۆ چەندین وڵات دابینبکات)، لەسایەی سەرپەرشتی زلهێزترین وڵاتی دنیا (ئەمریکا)و لەژێر دەسەڵاتی نزیکترینو دڵسۆزترین دۆستو لایەنگرانی ئەمریکای دیموکراسی، بۆچی دەبێت ژیـانو گـوزەران بەمجۆرە بێت، بۆچی کارەبا چەند کاتژمێرێک هەبێتو ئاو پچڕپچڕ بێتەوە، بەرنامەی ئابووری ستراتیژی نەبێتو بۆ سەرەتاییترین پێداویستییەکان چاومان لە سنوورەکان بێت، پاشماوەی خۆراکو خۆڵو خاشاک لە شوێنی نزیک بە ژیانی خەڵک بکرێتە خەرمانو زبڵدانی مێژووییان لێ دروست بکرێت، بۆچی دەبێت پێویستمان بە پرۆفیسۆری وەک جێری بێت، تا بۆ هاونیشتمانییەکانی بمانکات بە نوکتە؟!

هەڵبەت ئەو وەڵامی خۆی بەم پرسیارانە داوەتەوە، بەلای ئەوەوە تاکە هۆکار ئەوەیە، (ی.ن.ک) ئەم ناوچەیە بەڕێوەدەباتو ئەویش حیزبێکی سۆسیالیستە، هۆکاری تێکەڵبوونو تێکئاڵانی تۆڕی ڕەسمیی کارەباو تـۆڕی نارەسمیی ئەوەیە، کە شاری سلێمانی لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت، کە شانازی دەکات بەوەی ئەندامی سۆشیال دیموکراتە، خوێنەرانی ئەمریکی سەریان سوڕنامێنێت ئەگەر ببینن حکومەتێکی تەمەڵ کە لەلایەن یەک پارتی سۆسیالیستەوە بەڕێوەدەبرێت، حکومەتێکی لێ نەوەشاوەو ناتەواوبێتو ڕوونـیو ئاشکرایی لە کارەکانیدا نەبن، لەژێر دەسەڵاتی (ینک)ی سۆسیالیستدایە کە کارەبا ڕۆژی (٦) کاتژمێر هەیەو ئاویش پچڕپچڕ دێتەوە، هەر کەسێک لە کوردستان (چ دۆســت چ نـەیـار) گوێبیستی ئەم لێکدانەوەیە بێت، بێ دیقەتی هەستپێدەکات، چونکە

**یەکەم:** هەموو کەس دەزانێت (ی.ن.ک) سۆسیالیست نییەو ئەگەر خۆشی بانگەشەی سۆشیال دیموکراسی دەکات (کە لەڕاستیدا بانگەشەیەکی فۆرماڵیو بێ ناوەڕۆکە) ئەوە سۆسیالیزمو سۆشیال دیموکراسی لەسەر ئاستی بەرنامەی سیاسیو پێگەی کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژی دوو بزووتنەوەی بەتەواوی لەیەک جیاوازن.

**دووەم:** دەسەڵاتێک کە لەسەر بەرنامەی سۆسیالیستی بنیاتبنرێت ئەم هەموو ناعەدالەتییە لە داوێنی ناکەوێتەوە، کەوایە هۆکاری سەرەکی نەک سۆسیالیستبوونی یەکێتی، بەڵکو سیاسەتی بازاڕی ئازادە کە پرۆفیسۆر جێری بانگەشەی بۆ دەکاتو (ی.ن.ک) زۆر تامەزرۆیەتی، ئەم سیاسەتەیە لە کۆمەڵگایەکی بێ یاساو لەسایەی دەسەڵاتێکی خێڵەکیدا، تاڵانکاریو بێ مافیو ناعەدالەتیو تۆتالیتاریزمی کردووە بە واقیعێکی تاڵ، نەک هەر لە سلێمانی، بەڵکو لە هەموو کوردستان، چونکە بارودۆخ لەسایەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی (ناسۆسیالیست)دا هیچ لێرە باشتر نییە، بەشێکی خراپی ئێرەش هی ئەوەیە، کە عەدالەتە بۆرژوازیەکەی پارتی بەهۆی دەمارگیریی ناوچەگەرییو حیزبییەوە ناوچەکانی سلێمانیو دەوروبەری زیاتر فەرامۆشکردووە، کەوایە پرۆفیسۆر جێری بۆچی خۆی بواردووە لە باسکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیو بۆچی خەتای ئـەو بـارودۆخـەی خستووەتە ئەستۆی سۆسیالیزم؟

ئەگەرچی بابەتەکەی جێری سەتحیو کلێشەییە، بەڵام ئامانجێکو مەبەستێکی ڕیشەیی لەپشتەوەیە، کـە دەیـەوێـت سەرنجی یەکێتیو هەموو دەسەڵاتی سیاسی کوردستان (هی ئێستاو ئایندەی) بۆ ئەوە ڕابکێشێت، کە زیاتر پەیوەست بن بە بازاڕی ئازادو پشت بە مۆدێلی ئابووری ئازاد ببەستن کە پێیدەوترێت (ئابووری کوێر)، لەبەرئەوەی جگە لە قازانج شتێکی دیکە نابینێت، ئەمە لەڕاستیدا خواستو خولیای سەرمایەدارانو چینی بۆرژوازی کوردستانەکە پارتیو یەکێتی چ وەک حیزبو چ وەک بەرپرسەکانیان بەشی سەرەکی ئەم چینە پێکدەهێنن، لەسایەی ئەم بازارە بەرەڵڵایەدا بە تریلیۆن دۆلاریان کەڵەکە کردووەو بازاڕو هەموو سەرچاوەکانی داهاتیان مۆنۆپۆڵ کـردووەو دەوڵـەتو دەسەڵاتیان کردووە بە پاسەوانی، بەڵام پێچەوانەی خواستی خەڵکی کوردستانو یەکێک لە مەیدانەکانی نارەزایەتیو ڕووبەڕووبوونەوەیانە لەگەڵ دەسەڵات، خەڵکی کوردستان بەرژەوەندی خۆیو ئایندەی وڵاتەکەی لەوەدا دەبینێت، دەوڵەت لە چارەسەری کێشەکانو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانو ڕێکخستنی بازاڕو ڕاگرتنی باڵانسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی سەرەکیو ڕاستەوخۆ ببینێت، جێری لەگەڵ ئەم خواستە ناکۆکە، کە لە(٥٠) ساڵی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا زۆر بەربەستی بۆ قازانجپەرستی سەرمایەداری دروستکرد، بۆیە دەیەوێت ڕیشەکێشی بکاتو لە جێگاکەی مۆدێلی خۆرئاوایی شەتڵ بکات.

ئەو دەڵێت (کوردەکان بەشەکەی خۆیان لە نەوتی عێراقدا بەکارهێناوە بۆ هێنانە ناوەوەی بەرهەمهێنانی بیانی، بەڵام لانیکەم سلێمانی تائێستا ملی کەچ نەکردووە بۆ یاسا بێزارکەرە سایکۆلۆژیو ئابوورییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، کەچی سەرەڕای ئەمەش دەیەوێت وانیشان بدات دەسەڵات سۆسیالیستییە، بەڵام ئابووری بەرەو بازاڕی ئازاد دەچێت، بەڵام ئەم ناتەواوییە لە بەڕێوەبردندا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیفلیجی ئابووری ڕوویـداوە، چونکە لەکاتێکدا لەسەرەوە پارتێکی سۆسیالیست حکومەت بـەڕێـوەدەبـات، لـەژێـرەوە پرەنسیپەکانی میلتۆن فریدمان لەکاردان.

بەپێی قسەکانی ئەو یەکێتی (دەسەڵات) بە ئاراستەیەکدا دەڕواتو ئابووریش بە ئاراستەیەکی دیکەدا، ئەوە لەکاتێکدا کە ئیدارەی گشتیو کۆمپانیای بەرپرسەکان وەک ئەختەبوت پەلیان بەسەر ئابووری ئەم ناوچەیەدا کێشاوەو تەنانەت حکومەتیش (کە وەک موڵکی گشتی پێناسە دەکرێت)، بە کردەوە کراوە بە موڵکی تایبەتی حیزبو بە موساتەحە دراوە بە کۆمپانیا تایبەتەکان، ئیتر ئەم دەسەڵاتە سۆسیالیستییە لەکوێی ئەم هەرێمەدایەو ئەم بۆچوونە کوێی ڕاستە، ئەوە لەکاتێکدا لەڕووی زانستییەوە ڕووبینای سیاسی پاشکۆی ژێربینای ئابوورییە، نەک بەپێچەوانەوە.

ئەو دەڵێت (بەرئەنجامی ئەم کەرتە تایبەتە چالاکە، کوردستان کەپێش پرۆسەی ئازادیی عێراق هەژارترین بەشی عێراق بوو، ئێستا بەرزترین ستانداردی ژیانی تێدایە، من وادەزانم ئەگەر حکومەت لێرە باشتر کاری بکردایە، ئەوا هاوڵاتییان هێواشتر دەبـوون لە گـەشـەدان بە تاکگەراییو سەرمایەدارییو کلتووری مەدەنییاندا)، واتە ئەو پێی خۆشە حکومەت باش کاری نـەکـردووە، پێی باشە حکومەت کەمتر بەشداریی بکات لە ژیانی خەڵکدا، بۆئەوەی کەرتی تایبەتو تاکگەراییو سەرمایەدارییو (بێگومان لە هاوشانیشیدا هەژاریی) زیاتر پەرە بستێنێت، لە چوارچێوەی ئەم خواستەی ئەودا هەموو پێداویستییەکانی ژیان (ئاو، کارەبا، تەلەفۆن، جادەوبان، تەندروستی، خوێندن، دابینکردنی کارو... تاد)، دەبێت بدرێنە دەست کەرتی تایبەتو حکومەت بچووکبکرێتەوە بۆ دەزگاکانی پۆلیسو هەواڵگریو دادگاو زیندانەکانو ئەنجومەنی نوێنەری کۆمپانیاکانو هەندێک دامەزراوەی پەیوەندیدار بەمانە، بە بڕوای ئەو ئەمە ئاڵوگۆڕێکی باشو پێویستە کە حکومەت لە بەرپرسیارێتی ژیانی خەڵک ڕزگاری بێت، ئیتر خەڵک چی بەسەردێت گرنگ نییە.

ئـەو لە درێــژەی قسەکانیدا دەڵێت (بنیادە میلتۆن فریدمانییەکەی سلێمانی، واتە ئابووری بـازاڕی ئـازاد، کێشە بۆ لوتکە سۆسیالیستەکە دروستدەکات، دوایەمین ڕاپرسییەکان ئەوە دەردەخەن کە نزیکەی نیوەی دانیشتووان بێزارن لەدەست نەتوانایی حکومەتو هێواشی دووبـارە بنیاتنانەوە)، هەوەها دەڵێت (چەندین نارەزایەتیو لێکترازان لەنێو باڵە ڕیفۆرمخوازو لیبراڵەکەی یەکێتیدا ڕوویداوە، من ئومێدم وایە کە لە داهاتوویەکی دووردا ڕیفۆرمخوازەکانی پشتگیری بازاڕی ئازاد بگەیەننە لوتکە، هەر ئەوەش باشە، چونکە ئێستا کوردستان گیریخواردووە لەنێوان تورکیاو بەغدادا، ئەمەش پێویستی بە مێشکی زیرەکو لێزان هەیە، کە بزانێت سەربەخۆییە کوردیەکە دەڵەمەیەو جێی نەگرتووە، نەوتی عێراقیش زۆر لەوە بەنرخترە کە لەپێناو خەونە نەتەوەییەکاندا لەدەست بدرێت).

ئەمە ئیتر بنی کولەکەکەیە، گوایە ناکۆکییە سیاسییەکانی ناو یەکێتی، ناکۆکی ئابووری نێوان بازاڕی ئازادو ئابووری سۆسیالیستییە، بەپێی قسەی ئەو باڵی ڕیفۆرم لایەنگری بازاڕی ئازادو زاڵکردنی کەرتی تایبەتە، لەکاتێکدا خەڵک چاوەڕێن ڕۆڵو بەرپرسیارێتی حکومەت بەقازانجیان فـراوان بکرێت، نەک پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، بەڵام پرۆفیسۆر جێری بەڕاشکاوی هانی باڵی ڕیفۆرم دەدات زیرەکو لێزان بن لە چوارچێوەی کەرتی تایبەتو بازاڕی ئازاددا، نەوتی عێراق بۆیان بەنرختربێت لە خەونی نەتەوەیی، چونکە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هێشتا دەڵەمەیەو مسۆگەر نییە.

ئەمە زەنگێکو پەیامێکی مەترسیدارە، کە بەر لە هەر کەس دەبێت باڵی ڕیفۆرم وەڵامی بدەنەوەو نیشانی بدەن، ئایا ڕیفۆرم لە ژیانی سیاسیو ئابووری خەڵکدا دەکەنو حکومەت دەکەنە ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، یا وەک جێری خوازیارێتی بیکەنە پـارێـزەری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵێک کۆمپانیاو سـەرمـایـەداری چاوچنۆک؟

* جێری وێینبەرگر، پرۆفیسۆرێکی ئەمریکییە لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ویلایەتی میشیگانو ڕاوێژکارو مامۆستایە لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی.

* میلتۆن فریدمان، ئابووری ناسێکی ئەمریکییە کـە جەختی زۆر دەکاتە سـەر ئـابـووری بـازاڕی ئـازادو دژی دەستتێوەردانی دەوڵەتە لە کاروباری ئابووری، سیاسەتی ئابووری مارگرێت تاتشەر لە بەریتانیاو ڕۆناڵد ڕێگان لە ئەمریکا، وێنەیەکن لە بۆچوونەکانی ئەو.

alimi968@yahoo.com

**ونبون**

پێناسەیەکی باری شارستانی و رەگەزنامەیەکی عێراقی بەناوی (پشتیوان شەرەف نورەڵڵا) ونبوون هەرکەسێک دۆزیوتەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات.٠٧٧٠٧٧٣٠٠٧٦

---

دادگای کەتن لە سلێمانی/ ١

ژمارە: ٢٦٣٩/ج/٢٠٠٨

رۆژ: ٢٠٠٩/٣/١٠

بۆ/ تاوانبار سەربەست حمە نوری محمد

**بابەت/ ئاگاداری**

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە رۆژی دادگایی لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٦ سەرەڕای ئاگادار کردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە () وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٢٢٩ لە یاسای سزادان

حوکم درا بە سەرتا بە دوو ساڵ (٢)

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**

**عادل محمد توفیق**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

ژمارە: ١٣/ج/٢٠٠٩

بەروار: ٢٠٠٩/٥/١١

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو شعلان خواز محمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**

**محمد محمد شریف**

---

دادگای کەتن سلێمانی/ ١

ژمارە: ٢٧٠٣/ج/٢٠٠٨

بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٢

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو محمد احمد روستم

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لە یاسای (مرور) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**

**عادل محمد توفیق**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٤١٨/ج/٢٠٠٨

بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٢

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو **زانا لطیف رسول**

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨١) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا**

**سەروەر ضرار رشید**

---

**ونبون**

**پێناسەیەکی باری شارستانی و بەناوی (دانەر أسماعیل مستەفا) و رەگەزنامەیەکی عێراقی بەناوی (روناک عومەر عەلی) و فۆرمێکی خۆراک بەناوی (أسماعیل مستەفا) ونبووە هەرکەسێک دۆزیەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات. ٠٧٧٠١٢٣٢١٣٧**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای کەتن/ ٢

ژمارە: ٧٥٦/ج/٢٠٠٨

بەروار: ٢٠٠٩/٥/٣

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو **محمد باقی عثمان**

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٧٧) لە یاسای (عقوبات) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**

**گەشاو محمد أمین**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای کەتن سلێمانی/ ٣

ژمارە: ٩٧١/ج/٢٠٠٩

بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٢

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو عبدالرحیم محمد أمین رحیم

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**

**محمد محمد شریف**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٣٥٠/ج/٢٠٠٩

بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٩

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو فەرهاد محمد احمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا**

**سەروەر ضرار رشید**

---

دادگای کەتن لە سلێمانی/ ١

ژمارە: ٤٤٥/ج/٢٠٠٢

رۆژ: ٢٠٠٩/٢/٢

بۆ/ تاوانبار لقمان عبدالرحمن

**بابەت/ ئاگاداری**

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٣ سەرەڕای ئاگادار کردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە () وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٤٣١ لە یاسای سزادان

حوکم درا بەسەرتا **بە الغاء التهمة الموجه هذه والأفراج عنه و إلغاء الكفالة النأخوذة منه إستناداً الى المادة ١٨٢/ج من الاصول الجزائية قراراً حضورياً قابلاً الاعتراض و التميز وافهم علنا في ٢٠٠٩/٥/٣.**

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

**القاضي**

**عادل محمد توفیق**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای کەتنی/ ٢

ژمارە: ٢٢٢٤/ج/٢٠٠٨

بەروار: ٢٠٠٩/٤/٢٦

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو **مسعود خضر قادر**

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای (مرور) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ک. بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**

**گەشاو محمد أمین**

---

دادگای کەتن لە سلێمانی/ ١

ژمارە: ٦٥٧/ج/٢٠٠٨

رۆژ: ٢٠٠٩/٣/١٧

بۆ/ تاوانبار نەورۆز قادر صوفی

**بابەت/ ئاگاداری**

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/١٢ سەرەڕای ئاگادار کردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە () وە بریار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان

حوکم درا بە سەرتا بە ماوەی یەک ساڵ

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**

**عادل محمد توفیق**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

دادگای کەتنی دوکان

ژمارە: ٦٤/ج/٢٠٠٩

بەروار: ٢٠٠٩/٣/٢٤

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو احمد یاسین رحیم

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لە یاسای (هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (پیرەمەگرون) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**

**کامران حسن فرج**

---

| | |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان/ عێراق | اقلیم کوردستان/ العراق |
| ئەنجومەنی دادوەری | مجلس القضاء |
| سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی | رئاسه محكمه استئناف |
| ناوچەی سلێمانی | منگقه السليمانيه |
| دادگای کەتن لە تەق تەق | محكمه جنح فی طق طق |

بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٣

ژمارە/ ١٩/کەتن/٢٠٠٩

بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی

**بابەت/ ئاگاداری**

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو (رزگار عبدالرحمن حمدامین)

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددە (٢٤٣) لە یاسای سزادانی عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی تەق تەق وە لەبەر ئەوەی شوێن و جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی (٢٠٠٩/٥/٢٦) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبی ئامادەبونت بەپێی یاسا.

لەگەڵ رێزدا...

**دادوەر**

**مجید سعید عبدالله**


**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com - ednan.rozhnama@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران

**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com

**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com

**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com


ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:** کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:** سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:** شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# بودجەی هەرێم لە مانشێتی ڕۆژنامەکانەوە

**ئاراز عەبدولڕەحمان**

ئەمریکا یەک ملیار دۆلاری داوەتە هەرێم (ڕۆژنامە)، لەگرێبەستی نەوتی قەرەداغ (٢٠٪) داهاتەکەی بۆ لایەنێکی نادیارە (هاوڵاتی)، دوو ساڵە زیاتر لە (١٨) ملیۆن دۆلاری پرۆژەکانی سلێمانی دیار نییە (ئاوێنە)، پەرلەمانتارێک: پێش ئەوەی بودجە بێتە پەرلەمان یەکێتی‌و پارتی دابەشیدەکەن (ڕۆژنامە)، یەکێتی‌و پارتی مانگانە زیاتر لە (٦٠) ملیۆن دۆلار لەبودجەی هەرێم دەبەن (هاوڵاتی).

ئەمەی سەرەوە مانشێتی چەند مانگی ڕابردووی سێ ڕۆژنامەی کوردستانە، لەکاتێکدا ئەم زانیارییانە لەو ڕۆژنامانەوە بڵاودەکرێتەوە، کە وەرگرتنی زانیاری لەوڵاتێکی ناشەفافی وەک کوردستاندا کە تائێستا ڕادەستگەیشتنی هـەواڵ‌و زانـیـاری زۆر لــەوە سەختترە کە ســەربـازێـک بیەوێت خـۆی بەتەنیا ڕووبەڕووی هێزێکی سەربازیی گەورە بجەنگێت، کە بەدڵنیاییەوە سەرباری ئەو زانیارییەکەمانەی بەردەستی خەڵکی‌و ڕۆژنامەکان دەکەون دەیان گرێبەستی شـــاراوەو ســـەدان پـــرۆژەی گـــەورەو بچووک کە خۆیان خاوەن‌و هەلسوڕێنەری کۆمپانیاکانی جێبەجێکردنن‌و هەرخۆشیان بڕیاردەری جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەن، بەپەنهانی‌و بەبێ ئەوەی چاوی میدیا بتوانێت پێیان بگات تەخلیسی مادییان تێداکراوە.

ئێستا لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب پڕوپاگەندە بۆ خزمەتگوزارییەکانی حکومەت دەکـرێـت‌و بـۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاری دێنن، کە ئەمەش بەنیسبەت دەوڵەتێکی تۆتالیتارییەوە زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی کە سنووری ئاسایی تێپەڕاندووە ئەو قەڵەمبەدەستانەی کە لەڕابردوودا بەنووکی قەڵەمەکانیان زیاتر شەڕی ناوخۆیان جۆش دەدا، کە هەرجارەو قەڵەمەکانیان بۆ شوێنێک ئاراستە دەکەن، کە لەگەڵ سیاسەتی حیزبەکانیاندا تەبا نەبێت‌و ئێستا قەڵەمەکانیان ڕوو لە ئەو ڕۆژنامانەکردووە کە واقیعی کوردستان وەک ئەوەی کە هەیە دەگوێزنەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕەخنەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری دەکەن‌و ئەو کەموکوڕیانە پیشاندەدەن خەریکە شێوەیەکی ناشیرین دەکات بـەبـەری دەســەڵاتــی کـوردیـدا، بەڵام هەرجارەو تۆمەتێک دەخەنە پاڵیان‌و بەدەستی دەرەکی دەیانشوبهێنن، هەموو ئەمانەش تەنیا سنووری تۆمەتبارکردنیان تێنەپەڕاندووە، دەنا دەسەڵاتی هەردوو حیزب قەت بێدەنگ نابن لەئاست هەریەک لــەو تۆمەتانەی کە دروستیدەکەن‌و ئەگەر وابوایە ئێستا دەیان ئیجرائاتی خۆیان ئاسایان لەڕێگەی دەزگاکانی زانیاری‌و پاراستنەوە ئەنجام دەدا پاشان دەیانکرد بەدەهۆڵێک‌و هەموو ڕۆژ لێیان دەدا بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامانەی پێبشکێنن، لەکاتێکدا دەبوو دەسەڵاتی سیاسی زۆر بەجدیی کاری لەسەر ئەو ڕەخنانە بکردایەو هەوڵی سارێژکردنی ئەو برینانەیان بدایە، نەک بەسیاسەتی لەقالبدانی دەنگی ئازادو ڕەخنەگر تابێت دەلاقــەی نێوان خۆیان‌و خەڵک زیاتر دەکەن.

دیارە لەکوردستاندا چەندین پرۆژە جێبەجێکراوە، باوەڕناکەم هیچ کەس نکوڵی لەمەبکات وەک ئەوەی کە دەوترێت: «پرۆژەکان نادیدەدەکەن» بێگومان هەر حیزبێکی سیاسی لەهەر وڵاتێکدا کە لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەچێتە سەر دەســەڵات‌و حکومەت پێکدێنێت لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی زۆرترین خزمەتگوزاریی، خەڵکی دەنگی پێدەدەن، بۆیە دەبێت زۆرترین خزمەت پێشکەش بکات کە لەبنەڕەتدا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هاوڵاتیان مەکرەمەی ئەو دەسەڵاتە نییە بیبەخشێ‌و پاشان منەت بەسەر میللەتدا بکات، ئەمە بەپێچەوانەی دەوڵەتە تۆتالیتاری‌و دیکتاتۆرییەکانە کە هەڵمژینی هـەواش بۆ هەناسەدان بەخشیشی ســەرۆک دەزانـــن، ئێستا پرسیاری جەوهەری ئەوەیە، لەبەرامبەر ئەم پرۆژانەدا چەند ملیار دۆلار هاتووەتە کوردستانەوە؟ چەند کۆمپانیای بیانی قیستی زۆری پرۆژەی زەبەلاحیان توند لەگیرفانیان توندکردو ئەم وڵاتەیان بەجێهێشت؟ ئەی چەند کۆمپانیای حیزبی پرۆژەی نیوەناچڵیان بەپارەیەکی زۆر جێبەجێکرد؟ چەند لەو پرۆژانە پاش تەواوبوونیان پێویستیان بەنۆژەنکردنەوە هەیە؟ لەهەمووی گرنگتر تائێستا نەک هاوڵاتی ئاسایی کام ئەندامی پەرلەمان دەزانێت داهاتی کوردستان چەندەو چەندی لێ خەرج دەکرێت؟ ئەی چەند لەبودجەی ساڵ دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا هەموو جارێک نیوەی ساڵ تێدەپەڕێت ئەوجا میزانیە تەسدیق دەکرێت؟ ئەی ئەو بودجەی لەکۆتایی ساڵدا دەمێنێتەوە چی لێ بەسەردێت؟ ئایا دەخرێتەوە سەر بودجەی ساڵی داهاتوو؟

دەکرێت هەموو ئەم پرسیارانەش هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ناوهێنانی ئەو پرۆژانەدا، ئەمە چ جۆرە بەڕێوەبردنێکە کە کەس توانای ناوهێنانی کەموکوڕیی نەبێت بەبێ ئەوەی تۆمەتێکی بۆ دروست نەکەن، کە من دڵنیام ئەوانەی ڕەخنە دەگرن وڵاتی خۆیان زۆر خۆشتر دەوێت تائەو لایـەن‌و کەسانەی کە خەریکی چەواشەکاریی‌و بەگەوجاندنی میللەتن.

وە هەمووئەمانە زیاتر ڕاستی چیرۆکی کابرای ئەروپایی دەسەلمێنێت، کە هیچ بیرو بڕوایەکی بەپەروەردگار نەبووە کاتێک لەگەڵ ڕێکخراوێکی وڵاتەکەی خۆیدا دێنە کوردستان، پاش بەسەربردنی چەند مانگێک دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی‌و دواتر هاوەڵ‌و هاوڕێیانی سەرنجی دەدەن دەبینن بڕوای هێناوەو بووە بەموسوڵمان، لێی دەپرسن چۆن ئەم گۆڕانە گەورەیەت بەسەرداهات، لەوەڵامدا دەڵێت: «ڕۆشتمە وڵاتێک کە سیستمی حوکمڕانیم تێدا بینی بۆم دەرکەوت کە کەسێک هەیە ئەو وڵاتە دەبات بەڕێوە ئەویش (خوایە)».

arazdarbandi@gmail.com

# دەنگدان لەنێوان ماف‌و ئەرک‌و بەرپرسیارێتیدا

**موحسین کەریم عیساوەیی**

هــەڵــبــژاردن یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی، لە هەر وڵاتیکی دنیا هەڵبژاردنی تێدا بکرێت بەشێوەیەکی پـاک‌و دوور لە فڕو فێڵ‌و لە کەشوهەوایەکی ئازادو دوور لە توندوتیژیی، دەتوانین بڵێین لەو وڵاتەدا یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی بەرجەستە بووە، ئیتر ئەو هەڵبژاردنە بە لیستی کراوە بێت یـان داخـــراو، بـەڵام بوونی لیستی کراوە زیاتر دیموکراسیترەو هـاوڵاتـیـیـان دەتـوانـن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن‌و بزانن ئەو کەسانە کێن کە دەنگیان پێ دەدەن‌و دەبنە نوێنەریان لە پەرلەمان، تا چەند ئەو کەسانە شایەنی ئەو بەرپرسیارێتییەن‌و دەتوانن بەرگری لە خواست‌و داواکارییەکانیان بکەن لەناو هۆڵی پەرلەمان، بەڵام لەلیستی داخراو هاوڵاتییان ناتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان ببەنە ناو هۆڵی پەرلەمان، لیستی داخـراو زیاتر لە بەرژەوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە کە دەتـوانـن بـەئـارەزووی خۆیان تەراتێن بە کورسییەکان بکەن کە بەدەستی دەهێنن، کێیان بوێت بیکەن بە ئەندامی پەرلەمان بەپێی ئەو پێوەرە حیزبی‌و عەشایەرییەی کە هەیانە، کاتێک حیزبیبوون بوو بە پێوەر بۆ دانانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوکاتە ئەو ئەندامەی پەرلەمان ئەوەندەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی حیزب دەکاتەوە، نیو ئەوەندە بیر لە بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەت ناکاتەوە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسانە ئەو پەرلەمانەی ئێستامانە کە تائێستا نەیتوانیوە یەک وەزیر بانگ بکات‌و ئیجرائاتی لەگەڵ بکات، یان متمانەی لێبسەنێتەوە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەســەڵاتــەوە، هــەر وەزیرێکیشی بانگ کردبێت، تەنیا وەزیرەکە چەند ڕەقەمێکی باسکردووەو کۆتاییان بە دانیشتنەکەیان هێناوە، یان نەیتوانیوە سەرۆکی حکومەت بانگ بکات لەسەر یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکان لەکاتی خۆیدا یان لەسەر ئەو شتانەی کە ڕۆژانە بڵاودەکرینەوە لەسەری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، نامەوێت زیاتر بابەتەکە پەیوەست بکەم بە ئیشوکارەکانی پەرلەمان، دەمەوێت بێمە سەر جەوهەری بابەتەکەم، کە مـاف‌و ئـەرک‌و بەرپرسیارێتی هاوڵاتییانە لە هەڵبژاردنی ئایندە.

مـاف شتێکە کە مـروڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا ئەویش لەدایکدەبێت، مــاف شـتـێـک نـیـیـە بــە مـــرۆڤ ببەخشرێت، بەڵکو خۆی هەیەتی، جا ئیتر ئەو مافە هەر مافیک بێت کە مافی دەنگدانیش یەکێکە لەو مافانە، لەبەرئەوە پێویستە هاوڵاتییان ئەو مافەی خۆیان بەکاربهێنن، ئەرکی هاوڵاتییان‌و گەنجان بەتایبەتی لە قۆناغی ئەمڕۆدا ئەوەیە، کە بە گڕوتینێکی زۆرەوە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بکەن‌و دەنگ بدەن بۆ گۆڕینی دۆخی چەقبەستووی کوردستان، هیچ پاساوێک نییە بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی چەندین لیستی سەربەخۆو حیزبی لە پیشبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی کـورسـیـیـەکـانـی پـەرلـەمـان، بەرپرسیارێتی هاوڵاتییان‌و گەنجان بەتایبەتی ئەوەیە، کاتێک دەچنە بــەردەم سندوقەکانی دەنـگـدان، دەنگدەدەن بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە یان بۆ دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆ، ئایا هاوڵاتییان جارێکی دیکە هەڵدەخەڵەتێن بە قسەو بەڵێنە بریقەدارەکانی بەرپرسان؟ ئایا گەنجان لەم بارودۆخەی ئەمڕۆ پێویستیان بەوەیە قسەیان بۆ بکرێت یان گوێیان لـێ بگیرێت؟ پێویستیان بەوەیە ببرێن بۆ سەیران‌و هەڵپەڕێنرێن یان کێشەکانیان چارەسەر بکرێت؟ ئایا هاوڵاتییان هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ئەو لیستانەی کە دەنگیان پێداون لە هەڵبژاردنی ڕابـردوودا بۆئەوەی بزانن تا چەند بەڵێنەکانیان جێبەجێکردووە، کە هەندێک لەو بەڵێنانە جێبەجێکردنیان لە دەسەڵاتی ئەواندا نەبوو، وەک گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو تەنیا بۆ ڕاکێشانی هەست‌و سۆزی خەڵکی کردبوویانە بەرنامەی لیستەکەیان؟ تـا چەند ئـەم کابینەیەی ئێستا توانیویەتی خزمەتگوزارییەکانی وەک (ئـاوو کـارەبـا) بۆ تـەواوی هاوڵاتییان دابینبکات لـە شـارو شارۆچکەو گوندەکان؟ تا چەند کاریکردووە بۆ نەهێشتنی بێکاری‌و نەهێشتنی جیاوازی کۆمەڵایەتی‌و چارەسەرکردنی کێشەی گەنجان‌و نەهێشتنی ئەزمەی سەکەن؟ لێرەدا بەرپرسیارێتی هاوڵاتییان ئەوەیە، کە ئایا دەنگدەدەن بە چ لیستێک؟ ئایا ئەو لیستە توانای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی هەیە کە دەیـدات بە هاوڵاتییان یان نیازی هەیە جێبەجێیان بکات؟

## ونبوون

باجێکی زانکۆ کۆلێژی بازرگانی بەشی ژمێریاری بە ناوی (ڕێبین شێرکۆ أحمد) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٤٨٢٩٧٩)

* باجێکی ئاسیاسێل بە ناوی (هۆشیار بکر عارف) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١١٠٣٧٦٤)

* پێناسێکی یەکێتی ئابووری ناسانی کوردستان بەناوی (نەرمین یاسین احمد) ونبووە، هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بە شوێنی دەرچوونی یا بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٥٦٢٢٣٨)

حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی کشتوکاڵ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان
(بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار) دەست بەسەراگرتن + کوژانەوە

ژمارە: ١٨٨٢
ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٥/١٧

«ئاگاداری»

لەسەر داوای جووتیار (حیدر فتح الله مصطفی داود) خاوەن مافی زەوی موڵکی ژمارە (٢٣ ـ ٢١ ـ ٢٧ ـ ١٩ ـ ٣٣) کەرتی (٦٤/ چالاو) چەمچەماڵ بە مەبەستی گۆڕینی ناوی (حیدر فتحه مصطفی) بۆ ناوی (حیدر فتح الله مصطفی) کە ناوەکەی بە هەڵە هاتووە لە بڕیاری تەسویەکەی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە داواکاریەکەی لیژنەی دەست بەسەراگرتن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٢) هەڵسا بە ئەنجام دانی کەشفی پارچە زەویەکانی سەرەوە داواکارین هەر ڕەخنەیەکتان هەیە خۆتان یان بریکارتان لە ماوە (١٥) ڕۆژدا پێشکەش بە لیژنەکە بکات بە پێچەوانەوە لیژنەکەمان هەڵدەستیت بە ئیجرائاتی یاسای.

لەگەڵ ڕێزدا...

وصفی خلیل اسماعیل
بەڕێوەبەری گشتی

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی
ناوچەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای بەرایی چەمچەماڵ

ژمارە: ـ ٢٦٥/ب/٢٠٠٩
بەروار: ـ ٢٠٠٩/٥/١٧


ئاگاداری


داواکـــار صباح طیب محمد داوایەکی تۆمار کــردووە لە دادگاکەمان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی باری شارستانی چەمچەماڵ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی کورەکەی لە صدام بۆ أمیر، بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی، بۆیە بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە جا هەرکەسێک لاری هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە، بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێت بەپێی یاسا.

لەگەڵ ڕێزدا....

دادوەر
صلاح الدین احمد عارف


NEW Sirwan
Mineral Spring Water
زیاد لە 25 ساڵ ئەزموون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا
ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان
From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ


ئازادیەکی بێ هاوتا
Asiacell
USB
Modem
لە هەر شوێنێک بیت ئیستا دەتوانیت بە ئاسانترین شێوە ئینتەرنێتی ئاسیاسێڵ بەکاربهێنیت
مۆدیمێکی بەتوانا وبچووک بە $70 لەگەڵ سیم کارتێک و $3 باڵانس بە خۆڕایی
نرخی 1 مێگا بایت 20 سەنتە
ئەم مۆدیمە لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک) دەفرۆشرێت
ئاسیاسێڵ
www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١


٢٧ / ٥ / ٢٠٠٩ الی ٣٠ / ٥ / ٢٠٠٩
27 - 30 May 2009
العراق - السليمانيه ، التاسلوجه
پێشانگای کۆماری ئیسلامی ئێران
لە سلێمانی - هەرێمی کوردستانی عێراق
معرض الجمهورية الاسلامية ألايرانية
في اقليم كردستان السليمانية - عراق
برگزار کننده : شرکت نمایشگاه‌های بین المللی استان کردستان


# ئابووری

ڕۆژنامە

ژمــارە (472)

چوارشەممە 2009/5/20

aburi.rozhnama@gmail.com

عەبدوڵڵای حاجی سەعید:

## وەرگرتنی باج لە بازرگانەکان هیچ گرنگییەکی نییە بۆ کەمکردنەوەی کاڵای هاوردەکراوی خراپ

ل٤

بەهای دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر دیناری عێراقی لە (١١٨،٣٥٠)هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ (١١٨،٥٠٠)دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی بانکی ناوەندی لە خستنە بازاڕی دۆلاردا.

% 0.001

بەهای یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا لە (٥٧)دۆلارەوە بەرزبووەوە بۆ (٥٩)دۆلاری ئەمریکی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی خواست لەسەر نەوت

%0.21

نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە (٢١) لە بازاڕەکانی کوردستاندا لە (١٥٤)هەزار دینارەوە بەرزبووەوە بۆ (١٥٥)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری لە بەهای ئاڵتوندا

% 0.006

### وەبەرهێنان یان هەرەسهێنان

# ڕۆتین، پرۆسەی وەبەرهێنان لە کوردستانو عێراقدا دوادەخات

ل٢-٣



بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی:

## لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا زیاتر لە (٢٠٥) هەزار فەرمانبەری حکومی هەیە

ل٥

## ـــــــــــــی دەدات بە ئـــــەوروپـــــا

بەرای هەردوو کۆمپانیای (الهلال‌و دانەغاز) کە تائێستا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پرۆژەی نابۆکۆ، بڕی پێویستی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و ناوەندا هەیە لەسەر ئەو گرێبەستانەی کە لەبارەی گازو نـــــەوتەوە لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان دەبەسترێت، گومانی ئەوە هەیە کە وەزارەتی نەوتی عێراقی کێشە لەبەردەم ئەنجامدانی گرێبەست لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و ئەو دوو کۆمپانیا ئەوروپییەدا بۆ دەرهێنانی گـازی سـروشتی لە هەرێم دروستبکات.

پێشتریش هەردوو کۆمپانیای (دانەغازو الهلال) لە ساڵی ٢٠٠٧دا گرێبەستێکیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کـوردستـــان واژۆ کردووە بۆ کارکردن لە کێڵگەی (کۆرمۆر)، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی گازی ئەو وێستگە کارەباییەی کە ئێستا لە تەواوبووندایە.

# هەناردەکردنی غازی کوردستان‌و تێکەڵبوون بە هاوکێشە ستراتیژییەکان

سیروان محەمەد



ماوەی چەند ساڵێکە ناکۆکییەکی قوڵ لەنێوان هەرێمی کوردستان‌و بەغدا هەیە لەسەر مەسەلەی نـــەوت، ئەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت‌و غاز ئیمزای کردووە، کاری کردووەتە سەر کۆی پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەرێم، هەناردەکردنی غازی کوردستان لەلایەن کۆنسۆتیۆمی ژمارەیەک کۆمپانیا، پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر ئاڵۆزتر دەکات، لەکاتێکدا بڕیارە نوری مالیکی سەردانی کوردستان بکات بۆ چارەسەکردنی کێشەو گرژییەکانی نێوان هەردوولا.

هەناردەکردنی غازی سروشتی کوردستان بۆ وڵاتانی ئەوروپا، جگە لە رەهەندە ئابوورییەکانی، رەهەندێکی گەورەی سیاسی‌و ستراتیژیشی هەیە، هەرێمی کوردستان تێکەڵ بە هاوکێشە ئابووری‌و سیاسییە گەورە ناوچەیی‌و جیهانییەکان دەکات، پێگەی بەهێز دەکات.

مەسەلەی سووتەمەنی بەتایبەتی غازی سروشتی، گرنگییەکی گـەورەی بۆ وڵاتانی ئەوروپا هەیە، هەر کێشەو ناکۆکی‌و گرژییەک لەسەر ئاستی وڵاتان یان ئەو کۆمپانیایانەی غاز دەگوێزنەوە، قەیرانی گەورەی لێکەوتووەتەوە، وڵاتانی ئەوروپا بەناچاری لەسەر مەسەلەی سوتەمەنی رووبەڕووی سازشکردن بوونەتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ روسیادا، وەک ئەو کێشەیەی زستانی رابردوو لەنێوان ئۆکرانیاو روسیا روویدا، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا رووبەڕووی قەیرانی سووتەمەنی بوونەوە، لێرەوە وڵاتانی ئەوروپا زۆر دەمێکە بەدوای سەرچاوەیەکی دیکەی سوتەمەنی‌و گواستنەوە سوتەمەنیدا دەگەڕان، دامەزراندنی پرۆژەی هێڵی نابوکۆ لە سالی ٢٠٠٢ەوە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت کە (٣٣٠٠) کلم درێژە، بەگوێرەی ئەو پلانەی دانراوە لە دەریای قەزوینەوە بە تورکیاو بولگاریاو رۆمانیا غاز بۆ نەمسا دواتر بۆ وڵاتانی ئەوروپا بگوێزێتەوە، لە قۆناغی یەکەمدا رۆژانە دەتوانێت (١) ملیار پێ سێجا غاز بگوێزێتەوە، گفتوگۆی وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپا زۆر پشتگیرییان لێدەکەن، روسیاش زۆر دژایەتی دەکات، ئێستا دوای راگەیاندنی گواستنەوەی غازی سروشتی کوردستان لە رێگای هێڵی نابوکۆوە، روسیا بەپەلە رۆژی هەینی پرۆژەی هێڵی (ساوس ستریم)ی ئیمزا کرد، تا پێشبڕکێی هێڵی نابوکۆی بکات، ئەمەش پێچەوانەی وتەکەی ئەلکسەندەر سولتانۆڤ، نوێنەری سەرۆکی روسیا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە پەراوێزی مونتەدای ئابووری عەممان وتی: «ئەو گرێبەستە رووداوێکی کارەسات ئامێز نییە بۆ روسیا»، لەکاتێکدا غازی کوردستان دەتوانیت نیوەی ئەو بڕە غازە دابینبکات کە ئێستا ئەوروپا لە روسیای وەردەگرێت.

دەستەبەربوونی سەرچاوەی دیکەی غاز بۆ وڵاتانی ئەوروپا لە دەرەوەی روسیا، گرنگییەگی گەورەی هەیە بۆ هاوکێشە سیاسییەکان، رەنگە چیتر وڵاتانی ئەوروپا ئەگەر ئەو پرۆژەیە سەربگرێت، لە مەحافلی نێودەولەتی لە بەرامبەر روسیادا سازش لەسەر هەلوێستەکانیان نەکەن، هەروەها روسیاش رەنگە پێداگری لەسەر هەندێک مەسەلەی نێودەولەتی نەکات، وەک دۆسێی ئەتۆمی ئێران‌و هەلوێست لە بەرامبەر کۆریای باکوورو چەند مەسەلەیەکی دیکەش.

دیارە بۆ هەرێمی کوردستانیش هەناردەکردنی غازی سروشتی گرنگی خۆی هەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا، هەروەها هەناردەکردنی غازی سروشی بۆ ئەوروپا لە رێگای تورکیا بۆ ئەوروپا، خودی تورکیا دەکرێت وەک بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری هاوبەش بۆ هەردوولا سەیربکرێت، ببێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو چارەسەری کێشەو گرفتەکان، دیارە بۆ تورکیاش هێڵی (نابوکۆ)و هەناردەکردنی غازی کوردستان زۆر گرنگە، لەلایەک سەرچاوەیەکی نزیک غازی دەستدەکەوێت، لەلایەکی دیکە بوونە ئەندامی لە یەکێتی ئەورپا نزیکتر دەبێتەوە، هەندێک مەسەلە هەیە کە کۆسپن لەبەردەم پرۆژەی (نابوکۆ)، داواکارییەکی تورکیایە کە داوادەکات ١٥٪ ئەو غازەی بە ناو خاکەکەیدا تێپەڕدەبێت وەربگرێت، کۆمپانیاکانیش بەزۆری دەزانن‌و تائێستا قبولیان نەکردووە.

خاڵێکی دیکە کە مایەی دوودلییە لای توێژەرە ئابوورییەکان‌و بەگومانەوە سەیری دەکەن، مەسەلەی یاسای نەوت‌و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و بەغدایە، لەوبارەیەوە بروک جیرجک لە پەیمانگای توێژینەوە ستراتیژییەکان لە بڕۆکسل دەڵێت: «هەر گرێبەستێک لە ئێستادا لە عێراق ئەنجامبدرێت، مایەی مەترسییە»، بۆیە بە بڕوای من پێویستە هەرچی زووە مەسەلەی یاسای نەوت‌و غاز لە عێراق یەکلایی بکرێتەوەو نهێنی گرێبەستەکانی هەرێم بۆ پەرلەمان‌و حکومەتی بەغدا روون بکرێتەوەو کێشەو گرفتەکانی نێوان بەغداو هەرێم چارەسەربکرێت، بۆئەوەی لە رێگای ئەو پرۆژە گرنگەوە پێگەی سیاسی‌و ئابووری کوردستان، لەسەر ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی بەرزبکرێتەوە.

serwanmuhamad@yahoo.com

# ـــــتان‌و عێراقدا دوادەخات

بڕە پارەیە وەک بودجە هاتووەو مووچەو پێداویستی بودجەو بەگەڕخستنی خزموتگوزارییەکان بڕێکی باشیان بـردووە، بەڵام وەک ئەو وتی: «خۆ دەکرا ٢٥٪ بۆ گەشەی بواری وەبەرهێنان خەرج بکرێت، بۆ پێشخستن‌و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازیی بڕێکی باشیان لەو بودجەیە خەرج بکردایە، ئەوەتا لە کۆی (٤٥٠) کارگەی بەرهەمهێنەر لە سلێمانی، تەنیا (٣٠) کارگە ماونەتەوە ئێستا بە بەردەوامی لە کارکردندان».

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەو پسپۆڕە ئابوورییە رەخنە لە سیاسەتی ئابووریی عێراق دەگرێت‌و دەلێـت: «هەرێمی کوردستان بمانەوێت‌و نەمانەوێت بە پاشکەوتی ئابووریی حکومەتی ناوەندی ماوەتەوە، ئەگەرچی ئیدعای گەشەی فیدرالیەت دەکرێت، بەڵام تا ئەمڕۆ هەرێمەکە پاشکەوتی وڵاتێکە کە تەنیا ٢٠٪ی بودجەکەی بۆ کارو چالاکییەکانی وەبەرهێنان رۆیشتووە، ٨٠٪ی بودجەی عێراق بۆ مووچەو بودجەی کارپێکردن تەرخانکراوە، ئەم خراپ بەکارهێنانەی بودجە هاوکاتە لەگەڵ سەفقە گەورەکانی چەک کڕین، کە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٨دا نرخی چەکەکانی کە بە عێراق فرۆشراون، زیاد لە (١٢) ملیار دۆلار بووە، واتە ١٢,٨٪ی کۆی گشتیی کڕینی چەکی جیهانی دەکات».

وەک شەماڵ نوری ئاماژەی پێکرد، بەمەش عێراق ریزبەندی یەکەمی پێشەوەی ئەو وڵاتانەی وەرگرت کە چەکیان کڕیوە، بەمجۆرە لە هەرێمێکی پاشکەوتی حکومەتێکی ناوەندی‌وخاوەن تەرخانکردنی زۆرترین‌و گەورەترین بودجە بۆ کڕینی چەک، لە سەردەمێکدا کە جیهان رووبەڕووی گەورەترین قەیرانی ئابووری بووەتەوە، لە ناوخۆشیدا سەرقالی ئیسنادو سەحوەو تایفەگەریی بووەتەوە، ناکرێت وەبەرهێنانی بیانی بەپێی ویست‌و خواستی ئابووریناسان گەشەبکات».

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشووتریدا بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی یاسا کاردەکەین، یاساکەش مافی وەک یەکی بەهەموو وەبەرهێنەران داوە، هەرکاتێک ناهاوسەنگییەک لەو مافانە دروست بێت، واتا پێشێلکردنی یاسایە، هەرکەسێک پێشێلکاری لەو یاسایەدا بکات، رووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە، ئەگەر شتێکی بەوجۆرە هەبێت ئامادەین قسەی لەسەر بکەین».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتیشی: «لە بنەڕەتدا وەبەرهێنان باجی نییە، ئەو کەسەی مۆڵەتی وەبەرهێنانی هەیە، بۆ مـاوەی دە ساڵ لە باج‌و رەسمی گومرگی دەبەخشرێت، ئەگەر کەسێک بەمشێوەیە هەبێت ئامادەین قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئەمە پێشێلکاری یاسایە».



## گرێبەستێک لەنێوان کۆمپانیای (فریزەڵە) ی کوردستانی لەگەڵ (فیچ وڵدن)ی ئەڵمانی بۆ راکێشانی بۆری گازی ناو ماڵ بۆ هەرێم واژۆ دەکرێت

## بەکورتی

### هــەرێمی کوردســـــتان گــازی سروشت

دوو کۆمپانیای ئەوروپی لە ئیماراتی عەرەبی رایانگەیاند کە بەنیازن هاوپەیمانییەک پێکبهێنن بۆ دەرهێنانی گاز لە هەرێمی کوردستان، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی پرۆژەی بۆرییەکانی (نابۆکۆ) بۆ گەیاندنی گازی سروشتی بە ئەوروپا.

پرۆژەی بۆرییەکانی (نابۆکۆ) بۆ کەمکردنەوەی پشبەستنە بە روسیا لە گەیاندنی گازی سروشتی بە ئەوروپا، ئەمەش لەلایەن حکومەتی مۆسکۆوە رەخنەی لێگیراوە.

هێڵە ئابوورییەکانی ئەم پرۆژەیە تێچوونیان دەگاتە نزیکەی (١٠) ملیار دۆلارو تائێستا ژمارەیەکی زۆر پێشنیازیان لەلایەن کڕیارەکانەوە خراوەتە بەردەست، هەرچەندە بڕی تەواویان نییە لە گازی سروشتی بۆئەوەی بیفرۆشن، بەڵام بە دەرهێنانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، کێشەی کەمیی گازی سروشتی لە پرۆژەی نابۆکۆ چارەسەر دەکرێت بۆ وەرگرتنی بڕی پێویست لە گاز کە دەتوانرێت لە هەرێمی کوردستان وەربگیرێت.

# وەبەرهێنان یان هەرەسهێنان

# رۆتین، پرۆسەی وەبەرهێنان لە کوردس

ئارام شێخ وەسانی
هێمن محەمەد

هەولێر

### تارمایی وەبەرنەهێنان لە کوردستاندا

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، دەروازەیەکی گەورەو کرایەوە بەڕووی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی گەورەی وەبەرهێنان، بەتایبەتی بەهۆی ئەو بارە ئەمنییە لەبارەی کە کوردستان هەیەتی بە بەراورد بە شارەکانی دیکەی عێراق، بەڵام تائێستا هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت.

لە ئێستادا ژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە کاری وەبەرهێنان دەکەن لە کوردستاندا، ژمارەیەکی کەمە، ئەمە لەکاتێکدایە کە لایەنە سیاسییەکان بەردەوام لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی کەرتی بازرگانیو ئابووریی کوردستاندان، بەڵام بە بۆچوونی سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گرفتی وەبەرهێنانی کوردستانو عێراق بە گشتی بوونی ئەو هەموو رۆتینو بیرۆکراتیەتەیە لە کاری وەبەرهێناندا.

سامی ئەتروشی بە رۆژنامەی وت: «ئەوەی لە کوردستان کراوە شتێکی کەمە، ئەوەی ئێمە بیستومانە وەبەرهێنانی گەورە تەنیا ئەو دوو رێککەوتنەیە کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیماراتیو کۆمپانیا کۆرییەکاندا بەستراوە».

هەروەها سامی وتیشی: «کێشەی سەرەکی وەبەرهێنان لە کوردستانو عێراقدا بە پلەی یەکەم هەبوونی بیرۆکراسییە، واتە هەر کۆمپانیایەک کە دێت کاری وەبەرهێنان دەکات، چەندین مانگی دەوێت تا کارە یاساییەکانی تەواودەکاتو مۆڵەت وەردەگرێت، ئەمەش گرفتی دروستکردووە بۆ وەبەرهێنەران، بەنیازین ئەو گۆڕانانە ئەنجامبدەین لە یاسای وەبەرهێنانی عێراقدا بەتایبەت کەمکردنەوەی ئەو هەموو رۆتینو بیرۆکراتییە کە لە کۆنەوە لە عێراق بوونی هەیە کە تائێستاش بەردەوامە».

### یاسای وەبەرهێنانی هەرێمو گرفتەکانی

هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسایەکی تایبەتو سەربەخۆیە بۆ وەبەرهێنانو پەسەندکراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، سەبارەت بە یاسای وەبەرهێنان لە کوردستان، پەرلەمانتارەکەی عێراق وتی: «پێویستبوو یاسای وەبەرهێنانی کوردستان مەودای زۆر فراوان بوایە، چونکە ئێستا بەهۆی ئەو بارە ئەمنییە گونجاوەی کوردستان، دەرفەتێکی باشە بۆئەوەی وەبەرهێنانی زۆر لە کوردستاندا بکرێت، بەڵام نەتوانراوە ئەوە بکرێت».

یاسای وەبەرهێنان یەکێکە لە یاسا گرنگەکان کە ئێستا لای ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چاوەڕێی گەڕانەوەی پرۆژەیاساکە دەکات بۆئەوەی پەسەندی بکات، بە دەرچوونی یاساکە گۆڕانێکی باش لە رەوتی وەبەرهێنان لە عێراق بەگشتی دروستدەبێتو کاریگەریی بەسەر یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانیشەوە دەبێت.

بە وتەی ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەگەر یاسای وەبەرهێنانی عێراق پەسەند بکرێت، کاریگەریی لەسەر هەرێم دەبێت، ئەتروشی وتی: «ئێستا حکومەت سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ پرۆژەکە بۆئەوەی رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێتەوە، دواتر گفتوگۆی لەسەر بکرێتو پەسەند بکرێت. هەروەها لە ئێستادا ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەباشی تێدایە بۆ پەسەندکرنی ئەو یاسایە، چونکە یاسایەکی گرنگەو پەیوەندی بە ئاوەدانکردنەوەی عێراقەوە هەیە، بۆیە پەلە لە پەسەندکردنی دەکرێت، پەسەندکردنی ئەم یاسایە کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر عێراق بەگشتی، هەرچەندە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لە هەندێک لاوە کاریگەریی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان».

> لەکاتی رووخانی رژێمی عێراقو تائێستا زیاتر لە (٣٥) ملیار دۆلار هاتووەتە کوردستان، راستە ئەو بڕە پارەیە وەک بودجە هاتووەو مووچەو پێداویستی بودجەو بەگەڕخستنی خزموتگوزارییەکان بڕێکی باشیان بردووە بەڵام وەک ئەو وتی: «خۆ دەکرا ٢٥٪ بۆ گەشەی بواری وەبەرهێنان خەرج بکرێت، بۆ پێشخستنو پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازیی بڕێکی باشیان لەو بودجەیە خەرج بکردایە، ئەوەتا لە کۆی (٤٥٠) کارگەی بەرهەمهێنەر لە سلێمانی، تەنیا (٣٠) کارگە ماونەتەوە ئێستا بە بەردەوامی لە کارکردندان

### کەمیی وەبەرهێنانی بیانی

لەگەڵ بوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ کاری وەبەرهێنانی بیانی، لەوانە بوونی (٨٠٠٠٠) کیلۆمەتر دووجا لە خاکو (٤٥٠٠٠٠٠) کەسو بوونی هەشت ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵو کانزایەکی باشو نەوتو گاز، کەچی نەتوانراوە لە رێگای وەبەرهێنانی بیانییەوە، وەبەرهێنانی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامبدرێت.

دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکانی کوردستان، لە لێدوانێکی پێشووتری بە رۆژنامەی وتبوو لەماوەی سێ سالی رابردوودا هەموو پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان نزیکەی (١٦) ملیار دۆلار بووە، کە زۆرینەی کۆمپانیاکان ناوخۆیی بوون، واتا کوردستانیو عێراقی، وێڕای ئەوەش بەشی زۆریان تائێستا دەستبەکار نەبوون.

شەماڵ نوری، پسپۆڕی بواری ئابووری، باس لەوەدەکات کە وەبەرهێنانەکان زیاتر کەرتی خانووبەرەو بازرگانیو بەڵێندەرایەتی لەخۆگرتووە، وتی: «بەوجۆرە کارکردنو بەگەڕخستنی سەرمایەی بیانی لە تەنیا کەرتەکانی خانووبەرەو بەڵێندەرایەتیو بازرگانی، کەموکورییەکی ئابوورییە لەبواری وەبەرهێناندا، ئەمەش مانای وەبەرهێنانی زیاتر بۆ بەرهەمی ناوخۆ بۆ داهاتی نەتەوەیی دەگەیەنێت».

شەماڵ نوری وتیشی: «ئەوە جگە لە بەگەڕخستنی وەبەرهێنان لە کارگەیەکی شیشو چیمەنتۆو دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە ئەویش لە رێگای وەبەرهێنەری ناوخۆوە تەمویل دەکرێتو سەرجەم وەبەرهێنەرەکان روویانکردووەتە کەرتی بازرگانیو بەڵێندەرایەتی».

### (٣٥) ملیار دۆلار لە کوردستان

سەرجەم ئەو کۆمپانیانەی کە لە کوردستان لە بوارەکانی وەبەرهێناندا کاردەکەنو مۆڵەتیان پێدراوە، (١٣٠) کۆمپانیان، وەبەرهێنە ناوخۆییەکان ژمارەیان لە وەبەرهێنەرانی بیانی زیاترە. شەماڵ نوری هێمای بۆ ئەوەکرد کە رێژەی وەبەرهێنانی ناوخۆ بە ٥٣٪ دادەنرێت، وەبەرهێنانی بیانی بە ٤٧٪، هەروەها ئەو ئابووریناسە دەپرسێت: «ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمە ئابووریناسانە بپرسین، حکومەتی هەرێمو دەزگا پەیوەندیدارەکان راوێژ لە سەندیکای ئابووریناسانو کەسانی پرۆفیشناڵو شارەزای ئابووری بکەن.

لەکاتی رووخانی رژێمی عێراقو تائێستا زیاتر لە (٣٥) ملیار دۆلار هاتووەتە کوردستان، راستە ئەو



## سەرۆکی هەرێم: دەرگای هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیاکانی روسیای فیدراڵ والایە

## به‌ڕێوه‌به‌ری ئاماری سلێمانی:

# له‌ سنووری پارێزگای سلێمانیدا زیاتر له‌ (٢٠٥) هه‌زار فه‌رمانبه‌ری حكومیی هه‌یه‌

ئارا ئیبراهیم

**مه‌حمود عوسمان تاڵه‌بانی، به‌ڕێوه‌به‌ری ئاماری سلێمانی، له‌دیدارێكی ڕۆژنامه‌دا باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ كاری زۆر وردیان ئه‌نجامداوه‌ بۆ حكومه‌ت.**
**ئاماژه‌ی به‌وه‌شكرد، كه‌ رۆژانه‌ نرخی زیاتر له‌ (٧٥٠) ماده‌ له‌ بازاڕدا وه‌رده‌گرن، دواتر ژماره‌ی پێوانه‌یی تێدا ده‌رده‌كه‌ن‌و سه‌به‌ته‌ی خۆراكی لێده‌رده‌كه‌ن.**

**رۆژنامه‌: هه‌رچه‌نده‌ له‌دوای یه‌كگرتنی هه‌ردوو ئیداره‌ی هه‌ولێرو سلێمانییه‌وه‌ وه‌زاره‌تی پلاندانان دروستبوو، به‌ڵام له‌ كوردستاندا بێبه‌رنامه‌یی‌و بێ پلانی له‌ زۆربه‌ی وه‌زاره‌ته‌كاندا به‌دیده‌كرێت؟**
* وه‌زاره‌تی پلاندانان رۆڵی باڵای بینیوه‌ له‌ئاستی هه‌رێمدا بۆ گه‌شه‌پێدانی هه‌موو ده‌زگاكانی پلان دارشتن، به‌تایبه‌تی ئامار، وه‌زیـری پلاندانان هه‌موو ده‌سه‌ڵاته‌كانی خۆی دابه‌زاندووه‌ته‌ خواره‌وه‌ بۆئه‌وه‌ی له‌ هه‌رسێ پارێزگاكه‌دا كاره‌كان لامه‌ركه‌زیی بـه‌ڕێـوه‌بـچـێـت، بـۆئـه‌وه‌ی ئـازادبـیـن له‌ كۆكردنه‌وه‌ی زانیاریداو بتوانین كۆمه‌ڵێك نیشانه‌ی ئاماری پێویست بخه‌ینه‌ به‌رده‌ست وه‌زاره‌تی پلاندانان، له‌وماوه‌یه‌ی كه‌ وه‌زاره‌تی پلاندانان دروستبووه‌، پێشتر نه‌بووه‌و له‌ سفره‌وه‌ دروستبوو، كاری زۆری ئه‌نجامداوه‌، هیچ نه‌بێت فه‌رمانگه‌كانی ئامار كه‌وتنه‌وه‌ سه‌رپێ‌و پشتیوانیكران له‌وه‌ی كه‌ كادیری چالاك دابمه‌زرێنن، له‌ دابینكردنی ئامێرو كۆمپیته‌رو به‌رنامه‌رێژیی كـراوه‌ له‌باری كۆمه‌ڵایه‌تی خێزانه‌كانی هه‌رێمی كوردستان به‌ هه‌ماهه‌نگی ده‌زگـای ناوه‌ندی ئامار له‌ به‌غدا، له‌گه‌ڵ رێكخراوه‌كانی نێوده‌وڵه‌تی‌و بانكی نێوده‌وڵه‌تی، باری ته‌ندروستی ژنان‌و منداڵانی عێراق‌و بـواری خوێندن‌و باری خۆراك‌و بژێویی، كۆمه‌ڵێك كاری دیكه‌یه‌ كه‌ هه‌موو پێویستبوون‌و كراون.

**رۆژنامه‌: هێڵی نه‌بوونی له‌ كوردستاندا له‌ چ ئاستێكدایه‌و به‌ چ پێوانه‌یه‌ك دیاریكراوه‌؟**
* مـن ده‌تـوانـم بـه‌نـاوی وه‌زاره‌تـی پلاندانانه‌وه‌ ئه‌و زانیارییانه‌ بده‌م نه‌ك وه‌ك ئاماری سلێمانی، هێڵی نه‌بوونی له‌ عێراقدا به‌ (٧٧) هه‌زار بۆ تاكێكی كۆمه‌ڵگا له‌ مانگێكدا دیاریكراوه‌، واته‌ هه‌ركه‌سێك له‌ عێراق‌و هه‌رێمی كوردستاندا له‌ (٧٧) هه‌زار دینار مانگانه‌ی كه‌متر ده‌ستبكه‌وێت، ده‌چێته‌ خوار هێڵی نه‌بوونییه‌وه‌، له‌و رێژه‌یه‌ (٣٤) هه‌زارو (٢٥٠) دیناری بۆ باری خۆراك دیاریكراوه‌، ده‌ركه‌وتووه‌ ٣٪ی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی‌و گه‌رمیان له‌ژێر هێڵی نه‌بوونیدان، به‌ڵام خۆشبه‌ختانه‌ به‌ رێژه‌ی (١٪) دووره‌ له‌ هێڵی نه‌بوونییه‌كه‌وه‌ ، ئه‌و رێژه‌یه‌ به‌ پلانێكی ستراتیژیی له‌ هه‌رێمی كوردستاندا دێته‌ سه‌ره‌وه‌، به‌ گشتی له‌ هه‌رێمی كوردستاندا ئه‌وانه‌ی له‌خوار هێڵی نه‌بوونیدان ٤,٧٪ له‌چاو پانزه‌ پارێزگاكه‌ی دیكه‌ی عێراق كه‌ ٢٦٪ ده‌رچــووه‌، بۆ هه‌موو عێراق ٢٣٪ی دانیشتووانی له‌ژێر هێڵی نه‌بوونیدان، ته‌نیا له‌ پارێزگای موسه‌ننا ٤٩٪ی دانیشتووانه‌كه‌ی له‌ژێر هێڵی نه‌بوونیدان، به‌ڕاستی جیاوازیمان زۆره‌.



> **هه‌ركه‌سێك له‌ عێراق‌و هه‌رێمی كوردستاندا له‌ (٧٧) هه‌زار دینار مانگانه‌ی كه‌متر ده‌ستبكه‌وێت، ده‌چێته‌ خوار هێڵی نه‌بوونییه‌وه‌**

**رۆژنامه‌: پێتوانییه‌ ئه‌و رێژه‌یه‌ی هه‌رێمی كوردستان زیاتره‌ لـه‌وه‌ی كه‌ باستكرد، چونكه‌ ئێستا بێكارییه‌كی زۆر هه‌یه‌؟**
* ئێمه‌ ئاگادارین رێكخراوی كاری جیهانی كارێكیان كرد له‌ عێراق‌و كوردستاندا، ده‌ركـه‌وت هه‌رێمی كوردستان لـه‌ڕووی پیشه‌سازییه‌وه‌ زۆر باڵاتره‌ له‌ پارێزگاكانی دیكه‌ی عێراق، سلێمانی گه‌وره‌ترین پارێزگایه‌ له‌ڕووی پیشه‌سازییه‌وه‌ كه‌ (٣٠٣) پرۆژه‌ی گـه‌وره‌و ناوه‌ندی تێدایه‌، كه‌ (٢٨٠)یـان له‌ كاركردندایه‌، ده‌ركـه‌وت بۆ دیاریكردنی بێكاریی له‌ عێراق دوو پێوه‌ر هه‌یه‌ بۆ ئه‌ژماركردنی بێكاریی، پێوه‌ری پێوانه‌یی‌و پێوه‌ری موته‌راقی، پێوه‌ری پێوانه‌یی كه‌ بانكی ناوه‌ندی له‌سه‌ری ده‌ڕوات، كه‌ هه‌موو جیهان له‌سه‌ری ده‌ڕوات، ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ته‌مه‌نی (١٥) ساڵ‌و به‌ره‌و ژوور هه‌ركه‌سێك بێكابوو، بـه‌ڵام بیه‌وێت هه‌موو كارێك بكات، به‌و كه‌سه‌ ده‌ڵێن بێكار كه‌ به‌دوای هه‌ر كارێكدا ده‌گه‌ڕێت‌و ده‌ستی ناكه‌وێت، به‌وشێوه‌یه‌ له‌ كوردستاندا ده‌ركه‌وتووه‌ كه‌ ٦٪ی (١٥) ساڵ‌و به‌ره‌و سه‌روو بێكاره‌، به‌ڵام له‌ عێراقدا ١٢٪، به‌شێوازه‌كه‌ی دیكه‌ كه‌ له‌ زۆربه‌ی وڵاتانی خۆرهه‌ڵاتدا به‌كارده‌هێنرێت، ئه‌وانه‌ش به‌ بێكار ئه‌ژمار ده‌كرێن كه‌ ده‌یانه‌وێت كارێك بكه‌ن، به‌ڵام ویستی خۆیان له‌گه‌ڵدا بێت‌و ئاماده‌نین هه‌موو كارێك بكه‌ن، ئه‌گه‌ر به‌وشێوه‌یه‌ ئه‌ژمار بكرێت به‌دڵنیاییه‌وه‌ رێژه‌كه‌ زیاد ده‌كات.

**رۆژنامه‌: ئاماری ئه‌وه‌تان لایه‌ رێژه‌ی هاوڵاتییان كه‌ كـارده‌كـه‌ن له‌ كه‌رتی حكومیی‌و كه‌رتی تایبه‌تدا چه‌نده‌؟**
* ئه‌وانه‌ی له‌لایه‌ن كه‌رتی حكومه‌ته‌وه‌ مووچه‌و داهاتیان ده‌ستده‌كه‌وێت (٤٣٪)یه‌، ئه‌وانه‌شی بۆخۆیان كارده‌كه‌ن‌و له‌ كه‌رتی تایبه‌تدان (٢٧٪)ه‌، ئه‌وانه‌ی خاوه‌نی موڵكن (١٩٪)یه‌، به‌ رێژه‌ی ٥,٤٪ فه‌رمانگه‌كانی باری كۆمه‌ڵایه‌تی هاوكاریی مادییان ده‌كه‌ن، كه‌ زیاد له‌ (٧٠) هه‌زار خێزان پشتیوانی مادییان لێده‌كرێت، ئه‌وانه‌ش خاوه‌ن پێداویستییه‌ تایبه‌تییه‌كان‌و ئه‌وانه‌ن كه‌ هه‌ژارن.

**رۆژنـامـه‌: رێـژه‌ی فه‌رمانبه‌رانی حكومه‌ت له‌ سنووری پارێزگای سلێمانیدا چه‌نده‌؟**
* ئه‌وه‌ی من بزانم زیاتر له‌ (٢٠٥) هه‌زار فه‌رمانبه‌ر له‌ دامووده‌زگاكانی حكومه‌تدا له‌ پارێزگای سلێمانیدا هه‌یه‌، ئه‌م رێژه‌یه‌ زۆره‌، چونكه‌ بانكی نێوده‌وڵه‌تی ده‌ڵێت ئه‌وه‌نده‌ له‌ بودجه‌كه‌ت داهات مه‌ده‌ به‌ هاوڵاتییان، بچۆ خزمه‌تگوزاریی‌و پرۆژه‌ی پێ ئه‌نجامبده‌، بانكی نێوده‌وڵه‌تی‌و سندوقی نێوده‌وڵه‌تی بۆچی به‌نزین‌و نه‌وتیان به‌ عێراق گران كرد، چونكه‌ ده‌ڵێن چۆن ئه‌و نه‌وته‌ به‌ ئه‌وه‌نده‌ دۆلار بكڕم‌و لای خۆت به‌بێ به‌رامبه‌ر دابه‌شی ده‌كه‌یت.

**رۆژنامه‌: تا چه‌ند هه‌ماهه‌نگیتان له‌گه‌ڵ كۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كان له‌ عێراقدا هه‌یه‌، ئایا ئاماره‌كانی ئێوه‌ تا چه‌ند به‌هه‌ند وه‌رگیراون؟**
* ئه‌وان ئاماری خۆیان هه‌یه‌، چونكه‌ كاتی خۆی كه‌ ئه‌مریكا هات‌و عێراقی داگیركرد، ده‌ستی گـرت به‌سـه‌ر زانیاریی فۆرمی خۆراكدا، چونكه‌ ده‌یزانی هه‌نگاوه‌كانی دوای ئه‌وه‌ چی رووده‌دات، بۆئه‌وه‌ی ده‌ستكاریی نه‌كرێت تا سه‌رژمێریی ئه‌نجامده‌درێت به‌ هه‌موو كاره‌كان به‌ هه‌ڵبژاردنیشه‌وه‌ له‌سه‌ر خـۆراك ده‌كرێت، ئه‌و ئاماره‌ بێلایه‌نه‌و كۆمسیۆن خۆیان مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و ئاماره‌دا ده‌كه‌ن‌و هیچ ئامارێك له‌ فه‌رمانگه‌كانی دیكه‌ وه‌رناگرن.

**رۆژنامه‌: بڕیاره‌ كه‌ له‌ شه‌ش مانگی داهاتوودا سه‌رژمێریی له‌ كوردستان‌و عێراق ئه‌نجامبدرێت، ئایا ئاماده‌كاریی باشتان بۆ ئه‌نجامداوه‌؟**
* ئاماده‌كاریی باش كراوه‌ بۆ راهێنانی كادیره‌كانمان، چونكه‌ ته‌نیا له‌ پارێزگای سلێمانی‌و گه‌رمیاندا زیاتر له‌ (٣١) هه‌زار كادیر راهێنانیان پێده‌كه‌ین بچنه‌ پرۆژه‌ی ژماره‌ لێدانه‌وه‌و سه‌رژمێریی دانیشتووان بكه‌ن، هـه‌ر بیست خـێـزان‌و كه‌سێكمان پێویسته‌ بۆ چۆنێتی پڕكردنه‌وه‌ی فۆرمه‌كه‌ كه‌ له‌و رۆژه‌دا هاتوچۆكردن له‌ هه‌موو نـاوچـه‌كـان قـه‌ده‌غـه‌ ده‌كـرێـت‌و هه‌موو هاوڵاتییان له‌ ماڵه‌كانی خۆیاندا ده‌بن، بژمێره‌كان ده‌چن سه‌ردانی ماڵان ده‌كه‌ن، له‌ هه‌موو تاكێك زیاتر له‌ (١٠٠) پرسیاری لێده‌كرێت، له‌بواری خزمه‌تگوزاریدا نزیكه‌ی (٢٥) پرسیار ده‌كرێت، به‌مه‌ش ده‌ریایه‌ك له‌ ئامار دێته‌ به‌رده‌ست كه‌ نیشانده‌ری راسته‌قینه‌یه‌، بۆئه‌وه‌ی بتوانرێت پلانی زانستیانه‌ی ستراتیژیی له‌سه‌ر دابڕێژرێت بۆ گه‌شه‌پێدانی وڵات.

## بریكاریی وه‌زاره‌تی دارایی‌حكومه‌تی هه‌رێم:
## بودجه‌ی ئه‌مساڵی هه‌رێمی كوردستان یه‌ك تریلیۆن دینار كورتده‌هێنێت

www.newewe.com

## عەبدوڵڵای حاجی سەعید، یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری بازرگانی:

# وەرگرتنی باج لە بازرگانان هیچ گرنگییەکی نییە بۆ کەمکردنەوەی هاوردەی خراپ»



ستارە عارف

عەبدوڵڵای حاجی سەعید، یاریدەدەری جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بۆ کاروباری بازرگانی، پێیوایە دانانی باج لەسەر کاڵاو شمەکی هاوردە هیچ کاریگەرییەکی نابێت بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی هێنانی کاڵاو شمەکی خـراپ لە دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان‌و، لێپرسینەوە لە بازرگانان‌و ڕێگرتن لە هێنانە ناوەوەی کاڵای خراپ بە چارەسەری ئەو دیاردەیە دەزانێت

**ڕۆژنامە: سەردانێکی زۆر لەلایەن وەفدە بازرگانییەکانەوە هەیە لە هەرێمەوە بۆ دەرەوەی وڵاتو بەپێچەوانەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی حکومەت، ئەنجامی ئەو سەردانانە بەکوێ گەیشتوون‌و تا چەند ئەنجامی باشیان هەبووە؟**

* بێگومان ئـەوەی ئاماژەت پێدا ڕاستە، سەردانی وەفد لە هەموو ئاستەکاندا هەیە لەسەر ئاستی حکومەت‌و کەرتی تایبەت، ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بیانی دێنە کوردستانەوە، کۆمپانیاکانی خۆشمان دەڕۆنە دەرەوەو بەشداریی لە کۆنگرەو کۆنفرانسە ئابوورییەکاندا دەکـەن‌و وەفدی حکومەتیش دەچێت، دیارە ئەم سەردانانە بایەخ‌و گرنگییەکی زۆریان لەسەر ئاستی کوردستان هەیە، ئەوانەش کە دێنە کوردستان، لە بارودۆخی کوردستان لەڕووی ئاسایش‌و دەرفەتی کارو سروشتی ئەم وڵاتــەوە تێدەگەن، ئــەوان کە دێن دەیانەوێت زانیاریی باش لەو بوارانەدا وەربگرن، ئینجا بێن بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان کاربکەن، ئەو سەردانانەش وایکردووە کە کۆمەڵێک کۆمپانیا کەوتوونەتە کارکردنەوە، ئەو کارکردنەش بە دوو شێوازە، شێوازێک ڕاستەوخۆیە کە کۆمپانیا بیانییەکان خۆیان دێنە ناو پرۆژەکانەوە، ئیدی پرۆژەی وەبەرهێنان بێت یان حکومی کە پرۆژەی خزمەتگوزارین، زۆرێک لەو کۆمپانیایانە لەبواری بیناسازیی‌و کشتوکاڵی‌و بازرگانیی گشتی‌و سەرجەم بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەدا کەوتوونەتە بواری کارکردنەوە، هەم خۆیان ڕاستەوخۆ هەم بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکاندا ئەو کارانە دەکەن، حکومەتی هەرێمیش کارئاسانیان بۆ دەکات لە ڕێگای لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ئەوەی کاری وەبەرهێنان بێت لە ڕێگای دەستەی وەبەرهێنانەوە، ئەوەی کاری ئاوەدانکردنەوەش بێت لە ڕێگای وەزارەتــە پەیوەندیدارەکانەوە کاریان بۆ دەکرێت.

**ڕۆژنامە: هاتوچۆی ئەم وەفدانە تا چەند کاریگەریان لەسەر کەمکردنەوەی هــاوردەو شمەکی بیانی هەبووەو گرنگیی بە بەرهەمی ناوخۆیی زیادی کردووە؟**

* لــەڕووی بازرگانییەوە هەنگاونراوە، کەرتی پیشەسازی کاردەکات‌و ڕۆڵی هەیە، بەڵام لەڕووی وەبەرهێنانەوە هێشتا ماومانەو نەگەیشتووینەتە ئــەو ئاستە، بـازرگـان‌و پیشەسازییەکانمان لە کەرتی پیشەسازی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرەوە خەریکی دامەزراندنی دامەزراوەی پیشەسازین لە هەرێمی کوردستاندا، بۆئەوەی ئێمە لە ئایندەدا بتوانین ببینە وڵاتێکی وەبەرهێنەر.

**ڕۆژنامە: تا چەند بازرگانەکان هۆکارن بۆ هێنانە ناوەوەی شمەکی بەسەرچوو، هەڵاوسانی بازاڕو گرانیی نرخ وایکردووە یان کەمیی داهاتی خەڵکە کە توانای کڕینی کاڵای پڕ جۆریەتی نییە؟**

* ڕەنگە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە دوو جـۆرەوە هەبێت، ئێمە لەوەوپێش کۆنترۆڵی جۆریمان نەبووەو نەمانتوانیوە کۆنترۆڵی سنوورەکان بکەین، کە بتوانین ئەو کاڵایانەی لــەدەرەوە هــاوردە دەکرێت، تاقی بکەینەوە، هەتا ڕێگربین لە هاتنە ناوەوەی جۆری خراپ، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرێتی کۆنترۆڵی جۆری دروستبووە کەلەسەر سنوورەکان ڕۆڵ‌دەبینێت‌و توانیویەتی تاڕادەیەک کۆنترۆڵی ئەو مەسەلانە بکات، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بازرگانەکانی خۆمان زۆرجار کە چوونەتە دەرەوە، داوای کاڵای هــاوردەی وڵاتانیان کـردووەو بەپێی خواستی خۆیان شتیان داواکــردووە، ڕەنگە ئەو خواستە وا بووبێت، ئەگەر جۆرەکەی باش نەبووبێت، بەڵام لە نرخدا هەرزان بووە بۆئەوەی بتوانن دەستکەوتی زۆریان هەبێت، دیارە ئێستا لە هەر دوو بوارەکەدا کارکراوەو کۆنترۆڵی جۆری هەیەو بازرگانەکان ئامۆژگاری کراون‌و پێیان وتراوە کە دەچنە دەرەوە جۆری باش بهێننە وڵاتەوە، بۆئەوەی ژینگەی وڵاتەکەمان پیس نەبێت‌و باری تەندروستیی هاوڵاتییان تێک نەچێت‌و بۆ جۆرایەتی باشی خۆراک بگەڕێن نەک خراپ، ئێستا تاڕادەیەک بەرەو ئەوە دەڕۆین ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت‌و لەلایەن لایەنی پەیوەندیداری چاودێری بازرگانی حکومەتەوە ڕێوشوێنیش دەگیرێتەبەر.

**ڕۆژنامە: تا چەند لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بازرگانانەدا دەکرێت کە بەوشێوەیە ڕەفتار دەکەن؟**

* لێپرسینەوەیان لـەگـەڵـدا دەکـرێـت، ئێمە ڕەنگە دەزگایەکی لێپرسینەوە نەبین، دەزگایەکی هاندەرین زیاتر پەیوەندیمان لەگەڵ کەرتی تایبەتی کۆمپانیا خۆماڵییەکان‌و ئەو کۆمپانیایانەش لــەدەرەوە دێنە نـاوەوە هەیە، بەڵام ڕۆڵی هۆشیارکردنەوەو هاندانی بازرگانی دەبینین، بـۆئـەوەی هۆشیاربن‌و ئاگاداری میللەت‌و وڵاتەکەیان بن، تەنیا بەرژەوەندیی‌و تەماح لەبەرچاونەگرن ڕەچاوی بەرژەوەندیی باڵاش بکەن.

**ڕۆژنامە: دانانی باج لەسەر شمەکی بیانی تا چەند چارەسەری گرفتی هێنانی کاڵای خراپ دەکــات‌و هاندەرێک دەبێت بۆ بایەخدان بە بەرهەمی ناوخۆیی؟**

*بەڕای من ڕەنگە باج هیچ کاریگەریی نەبێت، بەڵام لێپرسینەوەو سزادان‌و هۆشیارکردنەوە کاریگەریی هەیە، بەوشێوەیەی کە بازرگانێک کاڵای خراپ دەهێنێتە نـاوەوە هەم لە خۆی بپرسرێتەوەو هەم ڕێگا لە کاڵاکەشی بگیرێت، ئەم ڕێگایە زۆر چاکە کە ئێستا حکومەت گرتوویەتەبەر، هەر ئەم ڕێگایەش وایکردووە کە مەسەلەی کاڵای خراپ کەم بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە.



**ڕۆژنامە. ساڵانە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار مامەڵەی بازرگانیی لەنێوان عێراق‌و تورکیاو ئێراندا دەکرێت، ئەم داهاتانە بۆ کوێ دەچن‌و لە چیدا بەکاردێتەوە، ئایا ناچێتەوە بەغدا؟**

* دیارە ئەو مامەڵانە سێ جۆرن، جۆرێک هەیە بازرگانی گشتییە، بارزگانی گشتی بۆ بازرگانەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە کاڵای جۆراوجۆری وەبەرهێنراوی تورکیا دەهێننە بازاڕەکانی کوردستانەوە، بێگومان لای کارگەو کۆمپانیاو بازاڕەکانی تورکیا کە کاڵا بە بازرگانەکانی ئێمە دەفرۆشن، پوختە هەیە کە ساڵانە بازرگانەکانی ئێمە بەبڕی چەند کاڵا دەکـڕن‌و دەیهێننە بازاڕەکانی کوردستانەوە، ئەمە بەشێکێتی کە پێی دەڵێن بازرگانی گشتی، ئەم بازرگانییە گشتییەش دوو لایەنی هەیە، ڕاستەوخۆ بازرگانەکانی تورکیا بازرگانیی دەکەن، جاری واش هەیە بەهاوبەشی لەگەڵ بازرگانەکانی خۆماندا بەڕێوەیدەبەن. بەشی دووەمــی پـرۆژەی وەبەرهێنانە، کە بەشێک لەو پارەو داهاتانە دەکەوێتەوە بواری وەبەرهێنانەوە، کۆتا شت پرۆژەی تایبەتە کە پرۆژەی حکومەتەو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حکومەتە لە ڕێگای بەڵێندەرایەتییەوە، بەڵێندەرایەتییەکەش هەم هاوبەشەو هەم ڕاستەوخۆیە، واتە بەڵێندەری تورکی دەتوانێت ڕاستەوخۆ بێت پرۆژە وەربگرێت بە بەڵێندەرایەتی‌و دەتوانێت بە هاوبەشیش لەگەڵ بەڵێندەری خۆماندا کاربکات.

بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆمپانیای دەرەوە سێ جۆر کارمان هەیە: بازرگانی گشتی‌و بەڵێندەرایەتی گشتی‌و وەبەرهێنان، ئەم داهاتانە لەم سێ بوارە دەردەچێت‌و بەشێکی زۆری ئەو پارانە لەڕووی وەبەرهێنان‌و بەڵێندەرایەتییەوە کە دەستمان دەکەوێت، بۆ ناوخۆی خۆمان دەگەڕێتەوەو ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، ناچێتەوە بەغدا، بەشێکی ئەو پارانەش لە ڕێگای بازرگانی گشتییەوە دراوی قورسمان (عملە صعبە) ڕەنگە بچێتە دەرەوە، چونکە ئەو کاڵایانەی کە لــەدەرەوە دەکڕدرێت، بە پارە دەکڕدرێت‌و گرانتریشە، لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە بتوانین پێداویستییەکانی بەرهەمی ناوخۆیی‌و بازاڕەکانمان جێبەجێ بکەین.

**لەبەرئەوەی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت، نەیتوانیوە بەرهەمی نەوت لە عێراقدا زیادبکات، (١٤٠) ئیمزا لە ئەنجومەنی نوێنەران کۆکراوەتەوە بۆ لێپرسینەوە لەگەڵیدا**

# هەوڵی ڕەشنووسی (یاسای پشتگیری پڕۆژەی بچووک) کە ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ ئابووری کوردستان

ئا: ڕێکخراوی کیدۆ

بە پێویستی دەزانین زانیاریی دەربـارەی چالاکییە ئـەنجـامـدراوەکـان بـۆ ئامادەکرنی ڕەشنووسی (یاسای پشتگیریی پرۆژەی بچووک) بنێرین بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، پێویستە لەسەرمان ڕۆشنایی بخەینە سەر قۆناغەکانی ئامادەکردنی ئەو ڕەشنووسە بۆ بەشداران‌و هاوبەشەکان، ڕۆڵیان بەرز بنرخێنین لە ئامادەبوون‌و بەشداریکردنیان لەو چالاکیانەداو سوودبینینمان لە تێبینی‌و ئاسانکاریی‌و بەشدارییان، یاخود بە بڵاوکردنەوەی هەوڵ‌و چالاکیی پەیوەندیدار، ئەوەی ڕێکخراوەکەمان (ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان/ KEDO) بە پشتگیریی ناوەندی پرۆژە نێودەوڵەتییە تایبەتەکان (CIPE) پێی هەستاوە، لە دەستپێشخەریی‌و پلاندانان‌و ڕێکخستنی چالاکییەکان‌و پەیوەندییەکان، پەیوەستە بە گرنگیی پرۆژەی بچووک‌و ڕۆڵی لە ئابووریی هەرێمدا، هەروەها گرنگیی دەرچوونی یاسایەک تایبەت بە پشتگیریکردنی ئەوجۆرە پرۆژانە، بەردەوام دەبین لەو هەوڵانەماندا بە پشتبەستن بە هاوکاریی‌و بەشداریی بەهادارتان، تا کاتی دەرچوونی یاساکەو جێبەجێکردنی‌و هەموو تێبینی‌و پێشنیازێکتان بەهەند وەردەگرین وەکو بەشدارییەکی گرنگ‌و پێویست بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە.

**چالاکییە ئەنجامدراوەکان:**

١- ئـامـادەکـردنـی نـووسـراوێـک بۆ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ هاوکاریکردنمان لە گەیاندنی ڕەشنووسی یاسای تایبەت بە دەستپێشخەریی لە دامەزراندنی پرۆژەی بچووکدا بۆ پەرلەمانی هەرێم.

٢- سـەردانـی بـەڕێـز وەزیـری کـارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١٦دا، بەڕێزیان ئامادەییان دەبڕی بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکەمان لە ئـامـادەکـردن‌و گەیاندنی ڕەشنووسی یاساکە بۆ پەرلەمانی هەرێم‌و ئەو هەوڵەی بە کاری خۆیان زانی.

٣- ئـامـادەکـاریـی بـۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی فـراوان تایبەت بـە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی لاوان‌و بێکاریی‌و پـرۆژەی بچووک، لەگەڵ پێکهێنانی دەستەی ڕاوێژکاریی بۆ پشتگیریکردن لە پرۆژەی یاسای پرۆژەی بچووک.

٤- ڕێکخستنی کـۆبـوونـەوەی فـراوان لە سلێمانی لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/١٤دا، کە (٤٣) بەشدار ئـامـادەبـوون، لە بـەڕێـزان ئەندامانی پەرلەمان‌و نووسینگەی یـاریـدەری سـەرۆک کۆمارو نوێنەری وەزارەتـەکـان‌و کۆمەڵەکانی کارو نوێنەرانی زانکۆو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تێبینی‌و پێشنیازو ڕاسپاردەکانی خستەڕوو لەگەڵ ئامادەیی زۆربەیان بۆ بەشداریکردن لە دەستەی ڕاوێژکاریی بۆ پشتگیریکردن لە دەرچوونی یاسای ئاماژە بۆکراو.

٥- پەیوەندی‌و کۆبوونەوە کرا لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزارەتی کار بەڕێز (ئەمیر سلێوە)، بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی هاوشێوەی کۆبوونەوە فراوانەکەی کە لە سلێمانی ئەنجامدرا لە ٢٠٠٩/٨/١٤دا، بەمەبەستی فراوانکردنی بازنەی پشتگیریی، بەڵام بەداخەوە بەدەنگەوە هاتنێکی ڕوونمان نەبینی لەلای بەڕێزیانەوە، لەپاش چەند هەوڵێک‌و بەفیڕۆدانی کاتی زۆر، ڕەزامەندبوو لەسەر ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی بچووک بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان‌و ژووری بازرگانی‌و پیشەسازیی هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٨دا.

٦- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی ٢٠٠٩/٩/١٨ لە هەولێر کە ئەم لایەنە پەیوەندیدارانەی لای خوارەوە بەشدارییان تێداکرد:

بەڕێز ڕاوێژکاری وەزارەتی کار
بەڕێز ڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ
بەڕێز ڕاوێژکاری وەزارەتی بازرگانی
بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی پلاندانان
بەڕێز بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتـی پیشەسازیی
بەڕێز نوێنەری ژووری بازرگانی‌و پیشەسازیی هەولێر
بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کار
نوێنەرانی ڕێکخراوی (KEDO)

پاش ئـەوەی بەشداران تێبینی‌و پێشنیازی پێویستیان خستەڕوو، ڕێککەوتین لەسەر کۆبوونەوەیەکی فـراوان لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتـی کاردا، بەڵام دیسان بەداخەوە بەڕێز ڕاوێژکاری وەزارەتـی کار پەشیمانبووەوە لەو بەڵێنەی، هەوڵیدا تێمانبگەیەنێت کە ئەو یاسایە پێویست نییەو وەزارەتیان کاری پێویستیان کردووە بۆ بەکارخستنی گەنجان‌و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی دەستپێشخەران بۆ دامەزراندنی پرۆژەی بچووک.

٧- سەردانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی وەرزش‌و لاوانمان کرد ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٠، بۆ هاوکاریکردنمان لە ئامادەکردن‌و گەیاندنی ڕەشنووسی یاساکە بۆ پەرلەمان، بەدەنگەوەهاتنیان لەبارو شیاوبوو.

٨- ئامادەکاریی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانیی دەربـــارەی هەلەکانی سەرکەوتن‌و هۆیەکانی نوشستی پرۆژەی بچووک لە سلێمانی‌و هەولێر.

٩- ئامادەکردنی فۆرمی تایبەت بە توێژینەوەکە لەلایەن ڕاوێژکارانی ئەکادیمییەوە.

١٠- پڕکردنەوەی فۆرمەکان لە سلێمانی‌و هەولێر لەلایەن تیمی مەیدانییەوە بە سەردانیکردنی خاوەنی (٢٥٨) پرۆژەی بچووک:

- پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بەو پرۆژانەی نوشستیان هێناوە.
- پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە پرۆژەکانی خانمان.

١١- گوێزانەوەی زانیارییەکان لە فۆرمەکانەوە بۆ کۆمپیوتەر لەگەڵ ڕێکخستنی زانیارییەکان لەلایەن یاریدەدەری توێژەرەوە بەڕێز (هادی ئەمین).

١٢- شیکردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن بەڕێز (د.محەمەد سلێمان)ەوە.

١٣- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی (CIPE) لە هەولێر بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاساکە.

١٤- ڕێکخستنی وەرشەیەکی کار لە سلێمانی لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٨دا بۆ بەرچاوخستنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان‌و یاریدەدەری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری بازرگانی‌و نوێنەری وەزارەتەکان، مامۆستایانی زانکۆو نوێنەرانی کۆمەڵەکانی کارو دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادەبوون، کە ژمارەیان (٤٧) بەشداربوو بوو، لە ئەنجامدا پێشنیازو ڕاسپاردەی بەنرخیان خستەڕوو.

١٥- ڕێنمایمان لە (CIPE)ەوە پێگەیشت کە پشت ببەستین بە مەرجەکانی پێناسەی ڕێکخراوی کاری جیهانی (I.L.O) بۆ پـرۆژەی بچووک، هەروەها گرنگیی بدرێت تەنیا بە پرۆژەی بچووک.

١٦- ڕێکخستنی وەرشەیەکی کار لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٦دا بەهەمانشێوەی ئەو وەرشەیەی لە سلێمانی ڕێکخرا بۆ بەرچاوخستنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی تایبەت بە پـرۆژەی بچووک، بەڕێزان سەرۆکی لیژنەی ئـابـووریـی پەرلەمانی کـوردسـتـان‌و بەڕێز وەزیـری وەرزش‌و لاوان ئامادەبوون، لەگەڵ بەڕێزان ڕاوێژکاران‌و بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و بەڕێوەبەرانی وەزارەتەکان‌و بەڕێزان مامۆستایانی زانکۆو نوێنەرانی کۆمەڵەکانی کارو دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە ژمارەیان (٨٣) بەشداربوو بوو.

١٧- یاسای پرۆژەی بچووکی چەند وڵاتێکمان پێگەیشت لەلایەن سایپەوە، بەمەبەستی سوود لێبینیان لەکاتی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای تایبەت بە هەرێم.

١٨- هـەوڵـدانـی کـیـدۆو ڕاوێـژکـاران بۆ بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زیاتر لە یاسای وڵاتان لەبواری پرۆژەی بچووکدا.

١٩- ناردنی کۆپییەک لە توێژینەوەی مەیدانیی پرۆژەی بچووک بۆ سایپ.

٢٠- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی یاساکە لەلایەن مامۆستای یاساناس (کەمال ئەنوەر) لە مانگی شوباتی ٢٠٠٩دا.

٢١- ئامادەکردنی ڕەشنووسی دووەمی یاساکە لەلایەن کیدۆوە لە مانگی ئازاری ٢٠٠٩دا.

٢٢- کـۆبـوونـەوەی ئەکادیمییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەشنووسی یەکەم‌و دووەمـی یاساکە لە ٢٠٠٩/٣/٣١دا، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان د.نەرمین مەعروف‌و د.کاوە قەرەداغی‌و د.خالید حەیدەر.

٢٣- ئامادەکردنی ڕەشنووسی سێیەم لەلایەن کیدۆوە لەبەر ڕۆشنایی تێبینی‌و پێشنیازەکانی ئەکادیمییەکان لـە کـۆبـوونـەوەی ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٣١دا.

٢٤- ناردنی ڕەشنووسی سێیەم بۆ بەڕێزان د.نەرمین مەعروف‌و د.کاوە قەرەداغی‌و د.خالید حەیدەرو د.محەمەد سلێمان‌و مامۆستا کەمال ئەنوەر.

٢٥- کـۆبـوونـەوەی یاساناسان بەڕێزان د.ئەنوەرومامۆستارێبازبەمەبەستی‌هەڵسەنگاندنی هەرسیٚ ڕەشنووسی یاساکە لە ٢٠٠٩/٤/١دا.

٢٦- گەیشتنی تێبینی‌و پێشنیازەکانی بەڕێز د.یاسین ڕەسوڵ دەربارەی ڕەشنووسی یاساکە.

٢٧- پەیوەندیکردن بە ژووری بازرگانی‌و پیشەسازیی سلێمانی‌و هەولێرو بەڕێوەبەرێتی ئامار بۆ وەرگرتنی ژمـارەی پـرۆژەی بچووک لە هەرێمدا لەگەڵ زانیاریی پەیوەندیدار، لە ئەنجامدا زانیاریمان پێگەیشتەوە لە هەردوو ژووری بازرگانیی ئاماژە پێکراوەوە بەمەبەستی دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەیەکی مەیدانی دیکە بۆ گەیشتن بە پێناسەی پرۆژەی بچووک لە هەرێمدا، لەڕووی بڕی سەرمایەو دەستی کارو زیدەبایی‌و هتد...

٢٨- ڕێکخستنی فـۆرمـێـک تایبەت بە کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر بڕی سەرمایەو دەستی کارو زیدەبایی لەلایەن بەڕێز د.نەرمین مەعروفەوە.

٢٩- نـاردنـی فـۆرمـەکـە بـۆ بـەڕێـزان د.خالید حەیدەرو د.کاوە قەرەداغی بۆ زانینی ڕاوبۆچوونیان.

٣٠- دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەی (٥٠) پرۆژەی بچووک لە سلێمانی‌و (٥٠) پرۆژەی دیکە لە هەولێر.

٣١- سەردانی خـاوەن پـرۆژە بچووکەکان لەلایەن تیمی مەیدانییەوە لە هەردوو پارێزگا کە لە نموونەکەدا دیاریکراون.

٣- ئێستا ڕەشنووسی چوارەمی یاساکە ئامادەکراوە، لەپاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی پێشنیازی یاساناسان د.ئەنوەرو م.ڕێباز، تەنیا پێناسەی پرۆژەی بچووک ماوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، پاش بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی دووەمین توێژینەوەی مەیدانی لە ڕەشنووسی چوارەمیدا جێگیر دەکرێت.



**بەمەبەستی هاوکاریکردنی لە سیستمی بانکی‌و هاوردەو هەناردەدا، وەزیری بازرگانی‌و ئابووریی لوبنان سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد**

# بەهۆی کەمبوونەوەی بودجەوە، لە پارێزگای دهۆک پرۆژەکانی ساڵی رابردوو جێبەجێ دەکرێن

ئارام شێخ وەسانی
هێمن محەمەد

بەهۆی دابەزینی گشتیی بودجەی عێراق‌و بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو جێبەجێکردنی پرۆژەکان کەمبووەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە زۆرینەی پلانەکانی پارێزگاکان بۆ پرۆژەکان هەڵبووەشێتەوە. پسپۆرێکی ئابووریش ئەوە روووندەکاتەوە کە پەسەندنەکردنی بودجەی کوردستان، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆژەکان داناوە.

زۆربەی پرۆژەی پارێزگاکان پشت بە بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان دەبەستێت نەک وەزارەتەکان، بودجەی گەشەپێدانی پارێزگای دهۆک لەساڵی رابردوودا زیاد لە (٢٠٠) ملیار دینار بووە، بەڵام بەپێی بودجەی گشتیی کە بۆ هەرێم دانراوە، ئەمساڵ تەنیا (٧٥) ملیار دیناری بەردەکەوێت.

لەوبارەیەوە فازڵ عومەر، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی ئەوەی بودجەی گشتیی عێراق لەسەر نەوتەو نرخی نەوتیش هاتووەتە خوارەوە، بەشێوەیەکی گشتیی بودجەی عێراق کەمبووەتەوە، بەوهۆیەشەوە بودجەی پارێزگاکانیش کەمبووەتەوە.

بەپێی ئامارێک کە لە بەشی پلاندانانی پارێزگای دهۆک دەست رۆژنامە کەوتووە، دەرکەوتووە لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان ساڵی رابردوو، ناو قەزای دهۆک (١١٢)، ئامێدی (٧١)، ئاکرێ (٥٧)، زاخۆ (٨٧)، سیمێل (٤٣)، شێخان (٢٩)، هەروەها لە قەزاکانی تلکێف‌و زومارو سنجار (٣) پرۆژە ئەنجامدراون، بەهۆی کەمبوونەوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ ئەمساڵ تەنیا یەک لەسەر سێی ئەو پرۆژانە ئەنجامدەدرێن.

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆ ساڵی ٢٠٠٩ حکومەتی بەغدا بڕی (٣٢٢) ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، لەو رێژەیە بودجەی پارێزگای دهۆک لە (١١٥) ملیارەوە کەمکراوەتەوە بۆ (٧٥) ملیار دینار».



## سەرکەوتنی لامەرکەزیەت

بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان ئەزموونێکی باشی لامەرکەزیەتی خستەڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا جەخت لەسەر پێویستبوونی ئەو لامەرکەزیەتە دەکرێتەوە

فازڵ عومەر، باسی لەوەشکرد، کە گرنگیی سیستمی لامەرکەزی لەوەدایە کە پارێزگار باشتر دەتوانێت خزمەتگوزاریی بگەیەنێتە زۆرترین شوێنەکانی سنووری پارێزگاکە، زۆرینەی ناحیەو گوندو قەزاکان بەپێی پێوەرو پێویستی خۆیان بودجەیان بۆ دادەنرێت، ئەم ئەزموونەش لە بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان خۆی سەلماندو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە.

## پێنج مانگە پرۆژەکان وەستاون

ماوەی پێنج مانگ لەساڵی ٢٠٠٩ رۆشتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تائێستا بودجە پەسەندنەکراوە، پرۆژەکان وەستاون‌و بەتەواویی بەرەو کەمبوونەوە دەچن.

شەماڵ نوری، پسپۆڕی ئابووری، وتی: «کەمبوونەوەی بودجەی پارێزگاکان کاردانەوەی توندی لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریی‌و پرۆژەکان دەبێت، چونکە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان زیاتر بۆ ئەو کارە خزمەتگوزاریی‌و پرۆژانە خەرج دەکرێت کە پەیوەندی بە گوزەران‌و ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە».

ئەو شارەزا ئابوورییە، ئەوەشی خستە روو کە «بەهۆی قەیرانی دارایی جیهانی‌و دابەزینی بەهای پەترۆڵ، کاریگەریی لەسەر بودجەی گشتیی عێراق لە (٩٤) ملیار دۆلارەوە بۆ (٦٧) ملیار دابەزی، جگە لە کەمبوونەوەی وەگەڕخستنی سەرمایەی ئەهلی‌و ئەنجامدانی پرۆژەو کار لە رێگای کەرتی تایبەت‌و مانەوەی بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان کە زیادە، چونکە هەموو ساڵێک پێویستی بە جێبەجێکردنی پرۆژەو کارو چالاکیی زیاتر هەیە، بۆیە چاوەڕواندەکرێت لە بودجەی تەواوکاریی قەرەبوو بکرێتەوە».

شەماڵ نوری، ئاماژەی بەوەشدا کە یەکێک لە کێشەکانی دیکەی بەردەم پەرەپێدانی پرۆژەو کارو چالاکییەکان‌و خزمەتگوزارییەکان، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمە کە «نێگەتیڤانە کار لەسەر دواکەوتنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەکات، ئەوەتا بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمەوە، ماوەی پێنج مانگە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان رووی لە کەمیی کردووە».

سەبارەت بە تێکچوونی پلانی پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٩، فازڵ عومەر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە: «ئێمە جگە لەو بودجەیە هیچ ژێرخانێکی دیکەمان نییە کە پشتی پێببەستین بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانمان، بۆیە بەکەمبوونەوەی بودجەکەش، ئەوا بەهەمانشێوە پلانی پرۆژەکان تێکدەچێت».

---

## باجی گومرگ لەسەر خشت

ئا: بورهان نەوزاد

بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم لەمەودوا باجی گومرگی خشتی بیناسازیی لە (١٥٠٠) دینارەوە دەکرێتە (١٥) هەزار دینار بۆ هەر تەنێک، ئەویش بەمەبەستی پەرەپێدانی کارگەکانی ناوخۆی هەرێم، بەو هۆیەشەوە بازرگانانی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران ناڕازین‌و داوا لە حکومەت دەکەن بەم بڕیارەیدا بچێتەوە.

فایەق بابەکر، بازرگانێکی خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران، باسی لەوەکرد، بەهۆی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بازرگانێکی زۆر زەرەرمەند دەبن، چونکە بازرگانان گرێبەستیان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکدا کردووە بۆ هاوردەکردنی خشت، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو نرخەی دانراوە باجەکەی زۆر زیاد کراوەو کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی خشت لە بازاڕەکانی کوردستاندا.

ئەدوەر جەبەلی، بەڕێوەبەری گومرگی حاجی ئۆمەران، ئاماژەی بەوەدا کە بڕیارێکی لەو جۆرەیان بەدەست گەیشتووە لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەبەستیش لە گرانبوونی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەپێدانی کارگەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

جەبەلی وتیشی: «ئەو نرخەی دیاریکراوە زۆرە، بۆیە داوایان لە وەزارەتی دارایی کردووە باجەکە بۆ هەر تەنێک بکرێتە (٥٠٠٠) هەزار دینار».

## شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر هەڕەشەی مانگرتن دەکەن

شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، چەندینجارە ناڕەزایی‌و خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە لە بەرامبەر پەیرەوکردنی پرۆتۆکۆلی ترانزێتی نێوان ئێران‌و هەرێم کە لەگەڵ بەفەرمیبوونی مەرزی حاجی ئۆمەران واژۆکراوە، لایەنی پەیوەندیداریش ئەوە رەتدەکەنەوە ئەم پرتۆکۆڵە جێبەجێکرابێت.


شۆفێرێکی ئەو سنووورە باس لەوە دەکات، کە «ماوەی چەند رۆژێکە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانی ئێرانی کاڵاو شتومەک بەشێوەی ترانزێت هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەو هۆیەشەوە شۆفێران‌و کاسبکارانی کوردستان بێکار بوون‌و بە (١٠) رۆژ جارێک بارێکیان بەردەکەوێت».

ئەو شۆفێرە روونیشیکردەوە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لەلایەک پێماندەڵێن ئەم پرۆتۆکۆلە راگیراوەو کاری پێناکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە لەبەرچاوی ئێمە رۆژانە چەندین ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری ئێرانی دێنە هەرێمی کوردستانەوە، وتیشی: «ئەگەر ئەم پرۆتۆکۆلە رانەگیرێت، دەست بە مانگرتن دەکەین».

هاوکات ئەدوەر جەبەلی، بەڕێوەبەری گومرگی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو کاڵاو شتومەکانەی کە شۆفێرانی ئێرانی هاوردەی کوردستانی دەکەن پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە، چونکە لە وڵاتی روسیاوە دێتە بەندەری ئەنزەلی، لەوێشەوە ئێرانییەکان وەریدەگرنەوە، پاشان هاوردەی کوردستان دەکرێت، وتیشی: «لەبەر بەرژەوەندی کاسبکاران‌و شۆفێرانی هەرێم رێگربوون لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆڵەدا».

رۆژانە زیاتر لە (٢٠) ئۆتۆمبێلی گەورەی بارهەڵگری ئێرانی (تەختە، بۆری، گوڵ) هاوردەی کوردستان دەکەن، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر بێکاریی شۆفێرانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە.

**یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی هەرێمی کوردستان بەشدارییان لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە کەرەستەی پزیشکی‌و ئامێری تەندروستی‌و دەرمانخانە لە شاری ئەستەنبوڵی وڵاتی تورکیا کرد**



# کشتوکاڵ لە کوردستاندا

لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٨دا نەوشیروان مستەفا، تایبەت بە رەوشی دێهاتو کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستاندا، پرۆژەیەکی خستە بەرچاوی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان، بەناوی (ئاواکردنەوەی دێهاتی کوردستان)، کە لە پرۆژەکەدا باس لە چەندین پێشنیاز کراوە لە پێناو بووژاندنەوەی ئابووریی گوندەکان بەتایبەتیو هەرێمی کوردستان بەگشتیی.

رۆژنامە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرۆژەیە تەوەرێکی تایبەت دەکاتەوەو بەهۆی چەند راپۆرتو چاوپێکەوتنێکەوە دەیەوێت دەروازەیەک بۆ قسەکردنی جدیی لەسەر ئەو پرۆژەیە بکاتەوە.

## دوای ئەوەی لە لایەن حکومەتەوە بە زۆرەملێ دەرکراوەن

# دەیان جوتیار دوورکەوتوونەتەوە لە کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵدا



ئاری سابیر
ئارا ئیبراهیم

ماوەی پێنج ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە کە قەرەبووی چل جوتیاری گوندی گەرمکی سەر بە ناحیەی تەقتەق بکاتەوە، بەڵام تائێستا قەرەبوونەکراونەتەوە، ئەمەش وایکردووە دەیان جوتیار لە ناوچەکە دووربکەونەوە لە کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵدا.

لێپرسراوی هۆبەی کشتوکاڵو بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق، پشتگیریی تەواوی داوای جوتیاران دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەدەکەن، کە حکومەت بەڵێنیداوە زەوییان پێبدات، شارەزایەکی کەرتی کشتوکاڵ دەڵێت: «دەبێت حکومەتی هەرێم هاندەربێت بۆ گەڕاندنەوەی جوتیاران بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیان، نەک زەوییەکانیان لێ وەربگرێتەوە».

جومعە عومەر، جوتیارێکی گوندی گەرمکەو باس لەوەدەکات کە ئەوان ژیانیان لەسەر ئەو زەوییانە بووەو حکومەتی هەرێم بە «زۆرەملێ» دەریکردوون، وتی: «دەیان خێزان لەسەر ئەو زەوییانە دەژیاینو کارماندەکرد، ساڵانە بەرهەمێکی زۆری سنوورەکەمان دابیندەکرد، بەهۆی پرۆژەیەکی پەلەوەرەوە حکومەت بەزۆر لەسەر زەوییەکانمان دەریانکردین، هەموو خانوو و شتەکانیان سووتاندینو رەزو باخەکانیان بڕینو زیانێکی زۆریان لێداین».

جومعە کە چەندین دۆنم زەوییان لەناو ئەو پرۆژەیەدایە، وتی: «کە ئێمەیان دەرکرد وتیان قەرەبووتان دەکەینەوە بە پارەو زەوی، بەڵام ئەوە پێنج ساڵە تەنیا بڕێک پارەی کەمیان پێداین کە ناکاتە بەرهەمی یەک ساڵمان، بڕیاربوو زەویمان پێبدەن، تائێستا وەرمان نەگرتووە، کە ژمارەیەکی زۆر جوتیارین کەس لێمان ناپرسێتەوە».

ئەحمەد محەمەد، جوتیارێکی دیکەی ئەو گوندە، رەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت، کە بەوشێوەیە لەسەر زەوییەکانیان دەریانکردوونو قەرەبوویان نەکردوونەتەوە، وتی: «ئێمە کێشەکەمان ئەوەیە زۆربەمان لەسەر ئەو زەوییانە دەژیاین، ئێستا هیچ کارێکمان نییە بیکەین، دەبێت جوتیاریی بۆ خەڵک بکەین، حکومەت بەڵێنی پێماندا زەویمان پێبدات، بەڵام تائێستا وەرمان نەگرتووەو بڕواناکەم بماندەنێ».

ئەحمەد وتیشی: «هەشتا دۆنم زەویمان لەناو پرۆژەی پەلەوەری تەقتەقدا هەیە کە لەلایەن حکومەتەوە لێمان وەرگیراوەتەوە، دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریی جوتیارانیان بکردایە تا بەردەوامبوونایە لەسەر کارەکانیان، نەک پشتگیریی خاوەنی پرۆژەکە بکاتو جوتیاران فەرامۆش بکاتو دەیان خێزان بێبەش بکات لە کاری کشتوکاڵیی».

گوندی گەرمک دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەی تەقتەقو ئەو زەوییانەی کە دراون بە پرۆژەی پەلەوەری تەقتەق، دەکەوێتە سەر زێی تەقتەقو زیاتر لە چوار سەد دۆنم دەبێت، پێش راپەڕین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، دواتر جوتیارانی ئەو سنوورە چوونەتەوە سەر زەوییەکانیانو دەیان رەزو باخیان چاندووەتەوە، دوای بەکارخستنەوەی پرۆژەی پەلەوەری تەقتەق، جارێکی دیکە ئەو جوتیارانە لەسەر زەوییەکانیان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەرکراونەتەوە لە بەرامبەر پێدانی زەویدا، بەڵام تائێستا وەریان نەگرتووە.

لێپرسراوی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، باس لەوەدەکات ئەو زەوییانە مۆڵکی میرینو لەسەر کەس تاپۆنین، لەبارەی کێشەی ئەو جوتیارانەوە خەیروڵڵا عەبدوڵڵا، لێپرسراوی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، وتی: «ئێمە زۆر پەیوەندیمان بە کێشەکەوە نەبووە زیاتر لەگەڵ ناحیەدا بووە، جوتیارانی گوندی گەرمک مافی خۆیانە قەرەبوو وەربگرنەوە بەرامبەر بە چۆڵکردنی زەوییەکانیانو رەزو باخەکانیان، بڕێک پارەشیان وەرگرتووە لەساڵانی رابردوودا، بەڵام ئەو بڕە پارەیە کەمبووە».

خەیروڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە لەگەڵ ئەوەدایە ئەو بڕە پارەیە کەمبووە کە ئەو جوتیارانە وەریانگرتووە، وتیشی: «حکومەتی هەرێم بەڵێنی بەو جوتیارانە داوە کە زەوییان پێبدرێت، بەڵام نازانم بۆچی وەریان نەگرتووە تائێستا، چونکە ماوەیەکی زۆرە بەڵێنیان پێدراوە».

کاکەخان نەسرەدین، بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق، لەوبارەیەوە وتی: «ئەو جوتیارانە دووجار دەرکراون، جارێک لە ساڵەکانی هەشتاکاندا دەرکران، جارێکی دیکە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، بەڵام لە بەرامبەر پێدانی زەویدا بووە، بڕیارەکە هەیە کە لە کۆیە یان لە تەقتەق زەوییان پێبدرێت، بەڵام بەهۆی راگرتنی پێدانی زەوی لەلایەن حکومەتەوە، ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە».

هەروەها بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق لەگەڵ هاوڕابوونی پێدانی زەوی بەو جوتیارانە، ئەوەشی روونکردەوەو وتی: «لیژنەیەک هاتنە ناوچەکەو یەکی بڕێکی کەم پارەیان دا بەو جوتیارانە، بەڵام لەسەر حکومەت پێویستە زەوییەکانیان بداتێ، چونکە بەڵێنی پێداونو ئێمەش بەدواداچوونمان بۆ کردووە، ئەگەر پێدانی زەوی لەلایەن حکومەتەوە هەبێت، ئەوان وەریدەگرن».

شارەزایانی کەرتی کشتوکاڵ یەکلایی نەکردنەوەی کێشەی موڵکداریی بە مەترسییەکی گەورە دەزاننو پێیانوایە، دەبێت حکومەتی هەرێم یارمەتیی جوتیاران بداتو لەسەر زەوییەکانیان بیانهێڵێتەوە، لەوبارەیەوە د.فوئاد محەمەد، مامۆستا لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی کۆیە، وتی: «کێشەی موڵکداریی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، من بەرچاوڕوون نیم لەسەر کێشەی ئەو موڵکانەی کە زەوی کشتوکاڵین، پێموایە دەبێت بدرێتەوە بە جوتیارانو یارمەتیی مادیی بدرێن تا لە زەوییەکانیان دوورنەکەونەوە».

ئەو مامۆستایەی کۆلێژی کشتوکاڵ وتیشی: «لەئێستادا لادێکان بەرەو چۆڵبوون دەچنو لادێی واهەیە ماڵێکو دووانی تێدا ماوە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵ، چونکە ئەو حاڵەتی کۆچکردنە درێژەی هەیەو مەترسییەکی گەورەی دروستکردووە».

د.فوئاد ئەوەشی روونکردەوە، کە حکومەتی هەرێم ئەو پلانەی کە دایناوە بۆ کشتوکاڵ، دەبێت یەکێک لە کارەکانی یەکلاییکردنەوەی ئەو موڵکانە بێت، بە پێویستیشی زانی کە رەچاوی جوتیاران بکرێت لەوەی کە حکومەت هاندەریان بێت بۆ چوونەوە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانیان، نەک موڵکەکانیان لێوەربگیرێتەوە.

سەرپەرشتیار
محەمەد شێخ فاتح
٠٧٧٠ ١٤١ ٦٠٠٦
ئارا ئیبراهیم
٠٧٧٠ ١٥٠ ٩٠٣٢
ئابووری